کوردستانی نوێ

# ئەدگار

سالّی بیستو یەکەم . ژمارە ( 5931 ) دووشەممە ٢٠١٢/١١/١٩

# عەبدولی حەمە جوان

## ئەکتەری هەموو سەردەمەکان



فۆتۆ: سالم صلواتی

## ئەدگاری جەنابی موفەتیش

داهێنەرانی کورد پرۆلیتاریای بواری داهێنانن لەجیهاندا: رەنجێکی زۆرو بەری رەنجێکی لەحوکمی نەبوودا بوو، مامۆستا عەبدولی حەمە جوان یەک لەرەنجبەرانی هونەری کوردییە کە بەردی بۆ داهێنانی کوردستانی هەڵکۆڵییەوەو کێوی زەحمەتێکی زۆری رووخاندووە تا (جەنابی موفەتیش) بۆ کۆمەڵگەی کوردی وەک جەنابی موفەتیش بێت بۆ کۆمەڵگەی ئەوروپی.

هونەر لەو شوێنەی هەموو دەرفەت و توانایەک رەخساوە هونەر نییە، کاری نەریتییە. هونەر ئەوەیە لەهیچەوە شتی گەورە بڕوێ و باڵا بکات و درەختێک لەتۆماری (عەبدولی حەمە جوان) دابین بکات.

مامۆستا عەبدولی حەمە جوان لەڕێی تەلەفزیۆن، لەڕێی شانۆو دیدەنی شەقام و بازاڕو کوچەی شار ئەدگاری ئاشنای ئەندێشەو یادەوەری چەندین نەوەی کۆمەڵی کوردەوارییە، براو کاک و دراوسێ و جەنابی موفەتیش و هەموو کارەکتەرە خۆشەویستەکانی ژیانی رۆژانەمانە، چەند دەیەیە بێ مۆڵەت و رووخسەتی پێشوەخت میوانی ماڵەکانمانە، چیرۆک و درامای ژیانمان لا ئاسان دەکاو چیرۆک و رۆمان و شانۆنامە جیهانییەکانمان بۆ خۆماڵی دەکات و پوختەی ئەزموونی مرۆڤایەتیمان پێ دەناسێنێ.

لەبەر ئەو سەنگ و قورساییەی مامۆستا عەبدولە کە دەڵێین کوردستانی نوێ ئەرکی سەرشانی جێبەجێ دەکات وەختێک (ئەدگار)ی عەبدولی حەمە جوان دەکاتە دیاری بۆ خوێنەرانی. ئەم (ئەدگار)ە ناساندن نییە بۆ ناونیشانێک بەبەرهەم و رەنجی گەورەی لەهونەری کوردیدا ئێمەی بەخۆمان ئاشناکردو لەگەڵ هاوڕێکانی هونەری نواندنیان وەک راستییەکی جوان لەکوردەواریدا چەسپاند. ئەمە ناساندنی ناسراو نییە، ئەمە بەسەرکردنەوەیەتی.

عەبدولی حەمە جوان شایانی ئەلبوومی بەسەرکردنەوەو رێزلێنانە تا نەوەی داهاتووش لەیادیان بێت و هونەرەکەی هەروا لەئەندێشەو دڵ و دەروونیدا بمێنێتەوە.

تەمەن درێژی بۆ مامۆستا تا تەمەنی چەندین وێستگەی سڵاولێکردنی وەک ئەم ئەدگارەی تێدابێت.

**لەجیاتی کوردستانی نوێ**
**ستران عەبدوڵڵا**

# هونەرمەند عەبدولی حەمە جوان: من پیاوێکی زۆ

هونەرمەند عەبدولی حەمە جوان لەم چاوپێکەوتنەدا لە رێگەی گەڕانەوە بۆ یادەوەرییەکانی منداڵیی‌و قۆناغی هەرزەکاریی‌و کاروانە بە بڕشتەکەی لە خزمەتکردن بە هونەری کوردیدا هەڵوێستە دەکاتە سەر چەند مەسەلەو پرسێکی گرنگو بیروڕای خۆشی سەبارەت بە چەند بابەتێکی هەستیار دەخاتە ڕوو.

## کێشەی ناوی هەبوو

***مامۆستا بۆ خوێنەران جێگەی بایەخە کە بە قۆناغی منالیی تۆ ئاشنا بن، ئەکرێت باسی ئەو قۆناغەمان بۆ بکەیت؟**

– من لەم شارە لە شاری سلێمانی‌و لە گەڕەکی سابونکەران کە بەشێک بووە لە گەڕەکی گۆیژە، لە ماڵی باپیرم لە دایک بووم. سەرەتا کە لە دایک بووم ناوم نراوە سەرچڵ. بەڵام باپیرم لەو زەمەنەدا ئەو ناوەی پێ قبوڵ نەبووە و وتویەتی نابێ ئەو ناوەی لێ بنرێت، چونکە ناوێکی ئاینی نییە و ئەبێت ناوەکە ناوێکی ئاینی بێت. بێگومان دواتر ناوەکەیان گۆڕیم بە عەبدولکەریم. باوکم ناوی محەمەدە و بە محەمەد جوان ناسرابوو و باپیرم ناوی تۆفیقە. من لە خێزانێکی زەحمەتکێشدا پەروەردە بووم خێزانێک کە بریتی بووین لە چوار کوڕ و کچێک. دایک وباوکم نەخوێندەوار بوون و باوکم شۆفێر بوو و هەتا کۆتایی ژیانیشی خاوەنی سەیارەیەک نەبوو. سەیارەیەک کە تایبەت بێت بە خۆیی و ئیشی پێ بکات. لەبەرئەوەی بارودۆخەکەی ئێمە وەها بوو، بەڵام هەمیشە دایک و باوکم هەر هەوڵیانداوە کە ژیانی ئێمە ژیانێکی بەختەوەر بێت و لەو پێناوەدا رەنجێکی زۆریان لەگەڵ داوین و من دایکم کە نەخوێندەوار بووە هەموومانی خستۆتە بەر خوێندن. بڕواتان هەبێت کە ئەم قسەیە دەکەم دایکم بەو نەخوێنەوارییەوە شەوان سەعی پێ دەکردین، بە نەخوێندەواری شەوان سەعی حسابی پێ دەکردین بە نۆک و هەڵمات هەوڵی لەگەڵ دەداین کە فێری حسابمان بکات. موتابیعیشمان بووە لە مەکتەبدا بۆ ئەوەی بتوانین بخوێنین. عادلی برام کۆلێژی یاسای تەواو کردووەو شەهید ماجیدو شۆڕشی برام ئەوانیش تا شەشی ئامادەییان خوێندووەو ساجیدەی خوشکیشم ئەویش تا یەکی ناوەندی تەواو کردووەو ئەمانە هەمووی بە هەوڵی دایکم بووە کە سوور بووە لەسەر ئەوەی بخوێنین و من پەیمانگەم تەواو کرد، کە ئامادەیم تەواو کرد پێمخۆش بوو بچمە کۆلێژی سەربازی بەڵام بە هۆی ئەوەی کە کورد بووم وەرنەگیرام، لەساڵی ١٩٦٨ لە زانکۆ وەردەگیرام بەڵام نەچووم و چوومە پەیمانگەی مامۆستایانی سلێمانی و بەو نیازە بووم کە ساڵانی داهاتووش هەر تەقدیمی کۆلێژی سەربازی بکەمەوە، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٦٨ دا دیسانەوە تەقدیمم کردەوە بەڵام ئەمجارە خۆشبەختانە وەرنەگیرام (ئێستا ئەڵێم خۆشبەختانە)، بیرم لەوە نەبوو کە بچمە کۆلێژی هونەر، تا دوایی کە هەر وەرنەگیرام پەیمانگەم تەواو کرد و قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیم هەر لە سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٠ بووم بە مامۆستا لە دێیەک بەناوی کانی سارد لە نزیک شاری دەربەندیخان ودوو ساڵ لەوێ دەوامم کرد و بە هۆی ئەوەی شارەزایی وەرزشم هەبوو لەگەڵ چەند مامۆستایەکی دیکە بۆ وانەی وەرزشیش هاتمەوە شاری سلێمانی تا ساڵی ١٩٩٢ دوای دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەکلیف کرام کە ببمە بەڕێوەبەری رۆشنبیری سلێمانی. لەسەر وەختی گەڕانەوەم بۆ شاری سلێمانی هەر مامۆستای وەرزش بووم و بە حوکمی ئەوەی کە کادرێکی وەرزشی بووم لە کاری هونەریشدا کارم دەکرد و ئاوێزانی یەکترم کرد و دوای راپەرین دەستبەکار بووم وەک بەڕێوەبەری رۆشنبیری سلێمانی و هەتا ساڵی ٢٠٠٥ لەو پۆستەدا کارم کردووە دوابەدوای ئەوە بووم بە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی تا ئەوەی لە رۆژی (٢٠١١/١٢/٨) خانەنشین بووم و بوم بە پیاوێکی خانەنشین و خۆشحاڵیشم بەوەی کە خانەنشینم و ئێستا وازم لە وەزیفە هێناوە نەک لە کاری هونەریی و ژیانی هونەریی.

## بووە بە باپیرەو دڵیشی پێی خۆشە

***ئەی سەبارەت بە براکانت؟ یادو یادەوەریت لەگەڵ ئەواندا؟**

–من دووبرام هەبوو یەکێکیان ماجیدی حەمە جوان بوو کە شەهید کراو ئەکتەر بوو، برایەکم ناوی شۆڕش بوو و بەرەو هەندەران چوو، لە دانیمارک و لە ساڵی ١٩٩٨ بە ڕووداوی هاتۆچۆ کۆچی دوایی کرد، ئەویش ئەکتەر بوو لە تیپی نواندنی سلێمانی. خوشکەکەم هەر لە هەندەران دەژی. من لە ساڵی ١٩٧١ەوە خێزانم پێکەوە ناوە چوار مناڵم هەیە سێ کوڕو کچێک. کوڕەکانم لە پلەی وەزیفیدا کاردەکەن دانا کوڕە گەورەکەم ئەندازیارە لە پڕۆژەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی سلێمانی‌و خێزاندارەو سێ کچی هەیە بەناوی (لەنیا، ترێ‌و بانە)، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە من باپیرەم‌و ئەو وشەیەش لەلای من زۆر خۆشەویستە. توانا–ش کوڕی دووەمم لە پڕۆژەی نەوت کاردەکات‌و کاری راگەیاندن دەکات‌و خێزاندارە. ژووان دەرچووی بەشی شێوەکاریی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانەو لە بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەکاریی کاردەکات. سۆزی کچم دەرچووی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانە بەشی دەرهێنان‌و ئێستا مامۆستای هونەرە.

***ئەی سەبارەت بە قۆناغی منالی‌و خەون‌و خولیاکانت لەو قۆناغە هەستیارەدا؟**

– حەز دەکەم باس لەوە بکەم ئەوەی بەلای منەوە لە قۆناغی مناڵیمدا زۆر زۆر بەلامەوە گرنگ بوو بێت و سەرنجی راکێشاوم بە هۆی ئەوەی کە لە ژورێک یان لە دوو ژوور ژیاوین، ئەو کاتە کانتۆر و ئەم شتە تازانە نەبووە،کاتی خۆی سندوقی بۆراق هەبووە،خێزانێکی زەحمەتکێش و کرێچی بووین و شتی ئەوتۆی زۆرمان نەبوو. چەندین جار ماڵمان گواستۆتەوە و لێرەو لەوێ بووین هەتا ساڵی ١٩٥٩ خانوی خۆمان کردووە .لە زۆربەی یادەوەرییەکانمدا ئامێری رادیۆ بوونی هەیە کە هەمانبوو و باوکم زۆر حەزی لە رادیۆ دەکرد. رادیۆ ئەو کاتە پاترییەکی گەورەی لەگەڵدا بوو، گوێت لە ئێزگە دەگرت .ئەوکات من ئەوەی زۆر سەرنجی رادەکێشام، رادیۆ و سندوقی بۆراق بوو .لەبەر ئەوەی کە لە ماڵەوە دادەنیشتم بە هۆی ئەوەی کە کوڕە گەورەی ماڵ بووم کە سەیری ئەو سندوقەم دەکرد سەرم دەکرد بە ناویدا و دوو بوخچەشی تێدا بوو زۆر جار دەچوومە ناویەوە و وامدەزانی لە ژیانێکی تردام، ئەو کاتە لە تەمەنی ٤ و ٥ ساڵیدا بووم .وام هەستدەکرد لەو عالەمی ژوورەوە دەچمە ناو جیهانێکی ترەوە .منالی ئەو سەردەمە هیچ وەسائیلێکی لەبەردەستدا نەبوو. ئەو کاتە کە لە رادیۆوە دەنگ دەهاتە دەرەوە بەلامەوە سەیر بوو و چەندەها جاریش سەیری پشتی رادیۆکەم دەکرد، بزانم ئەمە چۆن قسە دەکات؟..

ئەمانە کۆمەڵێک خەونی لەلای من دروستکرد خەونی هونەر و سینەما، هەر زوو حەزم بۆ سینەما و شانۆ لەلا دروست بوو، یەکەم جیهانی هونەری کە من حەزم لێ کرد بێت سینەما بوو، بەلامەوە زۆر گرنگ بوو. بۆ یەکەمین جار لە پۆلی یەکی ناوەندی بووم لە قوتابخانەی کانێسکان لەلای بازاڕە بچکۆلە لە ساڵی ١٩٥٥–١٩٥٦ پیاوێک هات بۆ مەکتەب بلیتی شانۆگەریی دەفرۆشت، ئەهاتە پۆلەکانەوە باسی شانۆگەریی (پیسکەی تەڕپیر)ی دەکرد کە ئەو سەردەمە لە سانەوی سلێمانی نمایشدەکرا، منیش پارەم پێ نەبوو ئەو بلیتە بکڕم کە بە ٤٠ فلس بوو، رۆژانەکەم تەنها ١٠ فلس بوو ناچار ئێوارە چوومە بەردەم ئامادەیی سلێمانی کوڕان داوام لە پیاوێک کرد کە لەگەڵ خۆی بمکاتە ژوورەوە کە شانۆییەکەم بینی ئیتر لەو کاتەوە عەشقی شانۆ تیامدا چەکەرەی کردو لەو رۆژەوە تا ئەمڕۆ بەدەگمەن شانۆگەریی نمایش کرابێت‌و نەمبینیبێت.

### سینەمام نمایشدەکرد بۆ منالانی گەڕەک

ئەوە وای لە من کرد هەمیشە لاسایی ئەکتەرەکان بکەمەوە کە ئەو شانۆگەرییانەم دەبینی هەستم نەدەکرد دیکۆرێکەو چەند ئەکتەرێک تیایدا نمایش دەکەن بەڵکو عالەمێکی ئەفسوناویم دەبینی تەنانەت هەموو باکگراوەندی کارەکەم دەبینی. زۆر کاریگەر بوو لەسەرم. هەر ئەمەش وای لێکرد حەز زۆر لە سینەما بکەم تەنانەت بە زەڕەبینێک‌و ئاوێنەیەک لەگەڵ پارچە فیلمی سینەما کە پشتم بە تیشکی خۆر دەبەست سینەمام نمایشدەکرد بۆ منالانی گەڕەک، لە کاتێکدا کە دایکم دەچوو بۆ بازاڕ تەنانەت رادیۆیەک کە زۆر زەحمەت بوو لەم شارەو کەم کەس هەی بوو رادیۆیەکی جۆری فلێبسم شکاند پاش ئەوە خۆم شاردەوە لە ترسی باوکم بەڵام دوایی باوکم عەفووی کردم کە شتی وا دووبارە نەکەمەوە، بەڵام حەزەکەم هەر بەردەوام بوو. هەرچی ریکلامی فیلمی ئەمریکیی هەیە هەمبوو لەگەڵ وێنەی ئەکتەرەکان زۆر بە خۆشەویستییەوە کۆمکردبنەوە تەنانەت خۆشەویستی سینەما لە ساڵی ١٩٥٧دا کە لە پۆلی سێی سەرەتایی بووم لەگەڵ رەووف حەسەنی چیرۆکنووس هەردووکمان گیراین لە پۆلیسخانە من خاوەنی پڕۆژە خەیاڵییەکە بووم کە سینەمایەک دروست دەکەم کە هەر وجوودی نەبوو کاک رەووف–یش کە دەستوخەتی خۆش بوو بە رەنگی سوور نووسی، پۆلیس وایاندەزانی کە ئەمە پۆستەری حزبی شیوعییەو نەیاندەزانی کە ئەمە ریکلامی سینەمایە. بۆ نەگبەتی ئێمە معاونەکە ئیجازە بوو و یەک پۆلیسی خوێنەواریش لەو مەخفەرەدا نەبوو، تا مفەوەزێک فریامان کەوت کە ناوی کاک کەمال بوو وتی کاکە ئەمە دیعایەی سینەمایە نەک حزبی شیوعی. ئیتر ئازادکراین. ئەوکات تەمەنمان ١٠ ساڵ بوو. من وەکو هەموو منالێکی ئاسایی دیکە یاریم کردووە لە تۆپ تۆپێن‌و مزراحێن‌و هەڵماتێن‌و یاری تۆپی پێ و بالەو تەنها حەزم لە دارلاسیک‌و قۆچەقانێ نەبووەو چونکە هەستم بەوە دەکرد کە ئەمە ئازاری خەڵک دەدات‌و جگە لەوەی حەزم نەکردووە ئازاری هیچ مەلو ئاژەڵێک بدەم. تەنانەت لە منداڵیمدا ئەوەندە حەزم لە نواندن دەکرد ئەمتوانی وەکو پاڵەوانەکانی فیلمی کاوبۆیی دەمانچەی منالان هەڵسوڕێنم‌و بیخولێنمەوەو راشی بگرم‌و هەمیشە مەشقم تێدا دەکرد جگە لەوەی لەبەر ئەوەی هیچ ئامێرێکی یاریمان نەبووو نەماندەتوانی دەستمانبکەوێت ناچار بە قوڕو تەل ئامێری یاریمان دروستدەکرد هەرچەندە ئەو یارییانە هەبوو، بەڵام دەست ئێمە نەدەکەوت رۆژێک حەزم لە یارییەک کرد کە بۆم بکڕن بە نواندن خۆم نەخۆش خست وام لە دایک‌و باوک‌و دەوروپشت کرد کە بڕوا بەوە بکەن کە من نەخۆشم، بەڵام سەیر ئەوە بوو کە دەمووت ئەگەر ئەو ئوتۆمبێلی یارییەم بۆ بکڕن چاک دەبمەوەو دەمووت هیچم ناوێت نە دکتۆرو نە دەرمان. ناچار بۆیان کڕیم، بەڵام باوەڕتان هەبێت نواندنەکەش وای لێکردبووم کە لە دوای کڕینی یارییەکەش هەر چاک نەبوومەوەو تەقەموصی نەخۆشییەکەم کردبوو. ئیتر وردە وردە هاتمەوە سەر خۆم.

### ئەو رووداوەی لە ئەندێشەی دەرناچێت

لە سلێمانی ساڵانە ئەو وەختە پێیان دەووت دائیرەی مەعاریف ئێستا پێی دەڵێن پەروەردە فێستیڤاڵی قوتابخانەکانی شاری سلێمانی سازدەکرا ئەمە نموونەیەکە کە ئەم شارە هەمیشە خەریکی فێستیڤاڵ‌و کاری هونەریی‌و وەرزشی بووە، لەو فێستیڤاڵانەدا شانۆ نمایشدەکراو ئیشی دەست نیشان دەدراو پێشانگەی شێوەکاری ئەنجام دەدراو خەڵاتی تێدا وەردەگیرا. ئەم باسە بۆیە دەکەم ئەو ساڵە قوتابخانەکەمان (قوتابخانەی صەڵاحەدین) بە نمایشێکی شانۆیی بەشداری کرد، بەڵام بە داخەوە مامۆستای وەرزش هەر گەورەکانی هەڵبژارد بۆ ئەو نمایشەو من زۆر زۆر پێی نیگەران بووم حەزمدەکرد بەشداری بکەم تا ئێستاش کاریگەریی ئەو رووداوە لە ئەندێشەی مندا دەرناچێت. ناچار لەگەڵ منالانی گەڕەک نمایشی منالانەمان دەکرد تایبەت بە ئەسپسواری‌و جەنگی نێوان دوو تاقم‌و جۆرەها ئیکسیسوارمان لەبەردەکرد کە دەستمان دەکەوت تەنانەت سوالانی شکاو و بە تەختە شیرمان دروستدەکرد، بەو جۆرانە یاریمان دەکرد. یاریی ئەو پیشانەی کە هەبوو لە شاردا تەنانەت ئەوانەشمان بەرجەستە دەکرد بەتایبەت قەصاب چونکە برادەرێکمان براکەی قەصاب بوو، جیهانێکی زۆر زۆر سەیر بوو و بە هەموو نەبوونیی‌و نەدارییەکەیەوە زۆر جوان‌و رەنگین بوو.

ئیتر دوای ئەوە لە سینەما هەر فیلمێک ئیشی بکردایە دەبوایە بچومایە و بیبینم. ئەو کات یەک سینەما لە سلێمانی هەبوو کە سینەما رەشید بوو و دوای ئەویش سینەما سیروان دروست بوو دواتر دڵشاد. خۆشترین کاتیش بەلامەوە جەژنان بوو کە جلی تازەم دەکرێ و ئەو شەوە خەوم لێ نەدەکەوت لە خۆشیدا و دوعام دەکرد باران نەبارێت بۆ ئەوەی جلە تازەکانم بکەمە بەر. کەی رۆژ بێتەوە و جلە تازەکانم بکەمە بەر و بچین بۆ سینەما؟!.

ئەو سەردەمەش زۆرتر سەردەمی فیلمی ئەمریکی بوو، فیلمە کاوبۆییەکان یان تەڕەزان. من رۆژانەکەی خۆم کە ١٠ فلس بوو لە رۆژی سێشەممەوە کۆ دەکردەوە و رۆژی هەینی دەبووە چل فلس و دەستی هەردوو براکەم ماجید و عادل دەگرت و دەمبردن بۆ سینەما و جاری واش هەبوو لە قەرەباڵغی سینەماکەدا وەخت بوو بخنکێین.

***تۆ زۆرتر سەرسام بوویت بە چ ئەکتەر و هونەرمەندێکی سینەمایی، ئەو کاتە؟**

–ئەو وەختە زیاتر سەرسام بووم بە (مارلۆن براندۆ، تەڕەزان، کاری پۆپەر و کێرک دۆگلاس و تونی کیرتس‌و ڤیکتۆر مانیۆرو رۆک هەدتسن کە جوانترین‌و کەشخەترین ئەکتەری سینەمای ئەمریکی بووو هەموو ئەکتەرەکانی دیکەشم خۆشدەویست. وێنەی هەمووشیانم هەبوو

بەڵام نوکتەکە لەوەدا بوو کە ناخۆشترین شت ئەوە بوو سینەما فیلمی لە ئێوارانذا پێشکەش دەکرد و منیش نەمدەتوانی بیبینم. لەبەر ئەوەی کە دەبوو بەر لە خۆرکەوتن بچومایەتەوە بۆ ماڵەوە، هەر بۆیە کە بچومایە بۆ سەیری فیلم سەیری کونی ساحیبەکەم دەکرد و کە دەمزانی رۆژ بەرەو ئاوابوون دەچێ دەهاتمە دەرەوەو فیلمەکەم بە جێدەهێشت‌و بە ڕاکردن دەچوومەوە بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی دایکم لێم نەدات. کۆتایی زۆر فیلمم نەبینیوە. بەڵام لە هەمان کاتدا منالێکی لەسەرخۆ بووم.


### لە منالییەوە هەستم بە خۆشەویستی کردووە

***ئەی سەبارەت بە هاورێکانت، هاورێی قۆناغی منالی‌و هەرزەکاریت کێ بوون؟**

–من هاوڕێم زۆر بووە لە منالی‌و قۆناغی گەنجێتیدا کە هەموویان بەلامەوە خۆشەویست بوون‌و ئێستا هەر خۆشەویستن.

***لە قۆناغی گەنجێتیدا روانین‌و جیهانبینینی تۆ چۆن بوو بۆ چەمکی ئەویندارایی، بەتایبەت کە لە رێگەی بینینی فیلمەوە تۆ ئاشنای ئەم چەمکە بوویت؟**

–لە گەنجیمدا هەڵبەت گەنجێکی رووخسار



# ۆر جدیم لەئیشکردندا

شیرین بووم لەلای خەڵک، بەڵام بەلای منەوە هەمیشە رووخسار گرنگ نەبووە هەر بە عەقڵییەتی ئێستاوە کە بەم تەمەنەوە مامەڵەم کردووەو حەزم بە کرداری جوانو خزمەتکردنی دەوروپشتەکەم کردووە هەڵبەت وەک هەستێکی جوان بەرامبەر بە خۆشەویستی وەک هەموو گەنجێکی دیکە لە ناخمدا هەبووە ئەو چەمکەش هەڵبەت لە هەموو گەنجێکدا هەر لە منالییەوە چەکەرە دەکات، بۆیە هەر لە منالییەوە هەستم بە خۆشەویستی کردووە. بەڵام چ خۆشەویستییەک؟ خۆشەویستی پیرۆز، لە روانگەی منەوە ئەو کەسانەی کە خۆشم ویستوون لە ژیاندا لە تەمەنی هەرزەکاریمەوە بۆ دروستکردنی خێزان لە یەک دوو کەسدا خۆی بینیوەتەوە، بەڵام من کەسایەتی خۆمو کەسایەتیی بەرامبەرەکەشم کە خۆشمویستووە زۆر گرنگ بووە بەلامەوە، بۆیە هەرگیز لە دڵێکی گەورەوە پڕ لە هەستو پاکیی روانیوومەتە ئەو خۆشەویستییە بۆیە ناچار کە نەگەیشتوومەتە ئەو ئاکامە پیرۆزەی کە مەبەستم بووە بەیەکگەیشتنو دروستکردنی ژیان ناچار هەموویم لە هەستو سۆزی خۆمدا پاراستووەو زۆر بە رێزەوەو بەبێ هیچ حاڵەتێکی ناشیاو دەستبەرداری ئەو خۆشەویستیە بووم.

بەڵام ئێستا کە ژیانم لەگەڵ هاوسەرەکەمدا دروست کرد هەر لە یەکەم ژوانمانەوە هەموو خۆشەویستییەکەم بۆ ئەو بووەو تا ئێستاش هەر بۆ ئەوەو تا کۆتایی ژیانیش ئەو پەیوەندییە پیرۆزو جوانە دەبێت کە برێتییە لە خۆشەویستیو رێزگرتن.

## وێستگەیەک بۆ دەرکەوتنی من

***یەکەم دەرکەوتنی تۆ وەك هونەرمەندێكی دیار لە (جەنابی موفەتیش)دا بوو، دەرکەوتنت لەو بەرهەمە هونەرییەدا چ رەنگدانەوەیەکی لە کۆمەڵگە هەبوو؟**

-پێش جەنابی موفەتیش کاری شانۆو دراماشم هەبووە بەڵام جەنابی موفەتیش وێستگەیەک بوو بۆ دەرکەوتنی منو ناوبانگیشم بەو کارە دەرکردووەو ئەوساو تا ئێستاش لەلای خەڵک کارێکی باشە. کاری زۆرم کردووە دوای ئەویش بەڵام لای جەماوەر ئەوەی ئەو کارەی بینیوە بە یەکێک لە کارە شاکارەکانی ئەو گروپە دەزانێت کە کارمان تێدا کردووە.

***ئەی سەبارەت بەپەیوەندیت لەگەڵ وەرزشدا، ئەم خولیایە بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

-خولیای وەرزش لەلای من دەگەڕێتەوە بۆ منالیمو دوای ئەوەش بۆ قۆناغی لاویم، تا ئەگاتە قۆناغی مامۆستایم. کادرێکی وەرزشی بووم جگە لەوەی یاریزانێکی باسکە بووم زۆر پێشکەوتووش نەبووم، بەڵام لە هەڵبژاردەی پەیمانگە بەشداریم کردووە و لە تیپی هەڵۆ کە تایبەت بوو بە یاری باسکە ئەندام بوومو تا ئەم دواییەش ئەندامی یانەی سیروان بوومو یەکەم پێشکەشکاری کوردم لەگەڵ مامۆستا هەڵگورد عارفو رزگار کەمال لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لە بەرنامەی وەرزشدا. جگە لەوەی مامۆستایەکی وەرزش بووم بۆ ماوەی ٢٢ ساڵ و توانیومە چەندەها بڕوانامەو خەڵاتی وەرزشی بەدەستبهێنمو خۆشبەختانە جێی متمانەی وەرزشکارانو بەڕێوەبەرێتی چالاکیی وەرزشی سلێمانی بووم و هەمیشە ئەوانیش بە کادرێکی وەرزشییان داناووم و دوو جاریش وەک وەرزشکارێکی دێرین رێزم لێنراوە لەلایەن لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستانەوە.

***ساڵی چەند چوویتە سەر تەختەی شانۆ؟**

– ساڵی ١٩٦٨ لە پەیمانگەی مامۆستایانی سلێمانی خوێندکار بووم لەگەڵ هونەرمەندی خوالێخۆشبوو عوسمان چێوار، هەروەها هونەرمەندان (حەمە رەشید هەرەسو کەمال دڵشاد) کە تائێستا لە بواری هونەردا کاردەکەن، جگە لە ماڵئاوایی چێواری هونەرمەند. بە هاوکاری مامۆستایەکمان کە ئەویش هونەرمەندە ناوی (عەبدولقادر نوری) بوو دەرچوی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بوو لە بەغدا بەشی مۆسیقا هاوڕێمان بوو، بوو بە مامۆستا لەلای ئێمە لە پەیمانگە خولیای ئەویشو ئێمەش هونەر بوو ئەو مامۆستایە پڕۆژەی شانۆییەکی خستە بەردەستمان بە ناوی (بڕیارو ئەنجام) کە نووسینی ئەمینی میرزا کەریم بوو و دەرهێنانی خۆی بوو بەهاوکاری مامۆستا سمکۆ عەزیزو ئیسماعیل خەیاث کە دیکۆری شانۆگەرییەکەی بۆ کردبووین کەوتینە خۆئامادەکردن بۆ ئەو شانۆگەرییەو لە ١٩٦٩/١/١٤ نمایشمان کرد لە سانەوی سلێمانیو مامۆستا نوری ئیسماعیل کە هونەرمەندێکی شێوەکار بوو میکیاژی کارەکەی بۆ کردین. ئێمە چەند برادەرێکی دیکەمان لەگەڵدا بوو لەو شانۆگەرییەدا لەوانە سەڵاح یونسو کاک رەووف حاجی سەعید کە بەداخەوە ئەوان بەردەوام نەبوون، بەڵام ئێمە لەدوای ئەو کارە بەردەوامیمان بە ئیشەکانمان داو حەمە رەشید هەرەس بەرهەمی شانۆیی ئامادە دەکردو چێوار دەریدەهێناو مستەفا ئەحمەد-یش هاتە ناو گروپەکەمانەوە ئەو گروپە ناوی گروپی خەباث بوو، کە دوو بەرهەممان لە سلێمانیو بەرهەمێکمان لە کەرکوک پێشکەش کرد، ئەو مامۆستا عەبدولقادرەش بڕوانامەی سینەمای هێنا لە رووسیاو ئێستاش مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی.

ئەم گروپەی ئێمە بووە هۆی ئەوەی کە دوای هەشت ساڵ لەە وەستانی شانۆو هەموو هونەرەکانی دیکە لە سلێمانی دوابەدوای مەنعەتە جەولی ساڵی ١٩٦٣کە هەر لە ١٩٦١ەوە هەموو کارێکی هونەری لەم شارەدا راگیرا بەڵام خۆشبەختانە ئەو گروپەی ئێمە بووە هۆی جارێکی دیکە جوڵانەوەی هونەر لەم شارەداو دروستبوونی تیپی مۆڵەت پێدراوو.

## دڵی هەر لای کۆمەڵ بووە

***سەرگوزشتەی تۆ لەگەڵ گروپو گروپە شانۆییەکانی ئەو سەردەمە؟**

-مامۆستا قادر لەساڵی ١٩٦٨دا داوای مۆڵەتی کردنەوەی کۆمەڵەی هونەرو وێژەیی کوردیان کردبوو، بەڵام مۆڵەتەکەیان دواکەوت و پێش ئەمان تیپی نواندنی سلێمانی دروست بوو، من بوومە ئەندامی ئەم تیپەو لەگەڵ ئەوەشدا دڵم هەر لای کۆمەڵ بوو. لەبەرئەوەی لە ئامادەکردنی بەرنامەی دروستبوونی کۆمەڵ منو عوسمان چێوارو حەمەڕەشید هەرەس لەگەڵ ئەو مامۆستا هونەرمەندەی کە ئێمەی بە شانۆ ناساند (مامۆستا عەبدولقادر نوری) ئاگادار بووینو راوێژمان لەسەر چۆنیەتی دروستبوونی کردبوو، بەڵام ئێمە دەستەی دامەزرێنەر نەبووین، بەڵکو ئەو مامۆستایەی ئێمە لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵ داوای مۆڵەتیان کردبوو لە وەزارەتی ناوخۆی عیراق.

من کە بێهیوا بووم لە دروستبوونی کۆمەڵ لەبەرئەوەی مۆڵەتەکەی دواکەوت لەگەڵ کاک حەمەڕەشید هەرەس لە تیپی نواندنی سلێمانی خۆمان ناونووس کرد بە ئەندام و پاش تاقیکردنەوە وەرگیراین، تەنانەت من دەروێکم بە مونافەسە وەرگرت لە یەکەم بەرهەمی شانۆیی ئەو تیپەو چەند رۆژێکیش پڕۆڤەم کردو کاتێک زانیم کۆمەڵ مۆڵەتی وەرگرتووە دەستبەجێ وازم لەو تیپەو لە رۆڵەکەم لەو شانۆگەرییە هێناو پەیوەندیم کرد بە کۆمەڵەوە (کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی)

# لە گەنجیمدا هەڵبەت گەنجێکی رووخسار شیرین بووم لەلای خەڵک، بەڵام بەلای منەوە هەمیشە رووخسار گرنگ نەبووە هەر بە عەقڵییەتی ئێستاوە کە بەم تەمەنەوە مامەڵەم کردووەو حەزم بە کرداری جوانو خزمەتکردنی دەوروپشتەکەم کردووە

کە ئێستا کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کوردە. بەڵام من ئێستا کە بیر دەکەمەوە لەو بڕیارەمدا هەڵە بووم‌و دەبووایە بەردەوام بوومایە لە کارە شانۆییەکەم لەگەڵ تیپی نواندنی سلێمانی با ئەندامی کۆمەڵیش بوومایە.

یەکەم کاری منیش لە کۆمەڵ-دا کە ١٩٧٠/٣/٥ نمایشکرا شانۆیی (کێچ) بوو،من‌و عوسمان چێوار دەمانوویست یەکسەر رۆڵی سەرەکی ببینین لەو ئیشەدا، بەڵام رۆڵەکە درا بە هونەرمەندانی پێش ئێمە کە لەئێمە بە ئەزموونتر بوون، من لەو کارە بۆ یەکەمجار رۆڵی بارچاوەشێکم بینی و کاتێک بردمان بۆ هەولێرو لە تەلەفزیۆنیش دەورەکەم گۆڕا بۆ رۆڵی ئاغا لەو کارەدا.

لە زۆربەی کارەکانی کۆمەڵداو تا ئێستاش بەشداریم کردووەو بەردەوامم، ئەمە جگە لەوەی لەگەڵ چالاکیی هونەریی‌و تیپی پەروەردەی مامۆستایانی سلێمانی‌و لەگەڵ چەند گروپێکی دیکە کارێکی شانۆیم کردووەو بەشداریی زۆر لە درامام لە کۆمەڵدا کردووەو لەگەڵ دەرەوەی کۆمەڵیش لەگەڵ کۆمەڵێک دەرهێنەر کاری سینەماو زنجیرەی تەلەفزیۆنیم کردووەو ئەندامی گروپی خاک بووم، کە خوالێخۆشبوو هونەرمەند حسێن میسری سەرپەرشتی دەکردو لەگەڵ زۆر لە دەرهێنەرە بە ئەزموون‌و گەورەکانی کوردستان کارم کردووە. خودی خۆشم وەک ئەزموون حەوت کاری دەرهێنانم ئەنجامداوە، بەڵام بەلای منەوە تا ئەمڕۆش من ئەکتەرم‌و خۆشم لە بواری نواندندا دەبینمەوە وەک لەبوارەکانی دیکە.

لەهەموو جۆرە ستایلێک کارمکردووە و تاقیکردۆتەوەو بینیوە، بەلامەوە زۆری و کەمی رۆڵبینین گرنگ نەبووە، گرنگ ئەوە بوو کەبتوانم بەباشی کارەکتەرەکە بەرجەستە بکەم.

ئەوەی کەزۆر پێی خۆشبەختم ئەوەیە کە لەهەموو هونەرمەندانی ئەو سەردەمەش بپرسن من لەهەموو ژیانمدا نەمتوانیوە بەرامبەر هاوڕێکەم ململانێی نادرووست بکەم و غروریشم نەبووە و حەزیشم نەکردووە کە مونافەسەی ناشەریفانە بکەم و رقم لە کەس نەبووەو هاوڕێییەتی هونەرمەندانم پاراستووەو تائێستاش دەیپارێزم.

## تائێستاش خۆم بەئەکتەری شانۆ دەبینم

***لەشانۆو دراماوە بۆ فیلمی سینەمایی، خۆت وا هەستدەکەیت لەکام لەم بوارانەدا سەرکەوتوو بوویت؟**

-گرفتەکەی ئێمە لەوەدایە کەئێمە خۆمان کەم ئەزموونین، بەراستی هەوڵی ئێمەش هەوڵی هونەرمەندو ئەدیبی کورد بەهەموو بوارەکانەوە، لەبەرئەوەی کە میللەتێکی بەشخوراو بووین و میللەتێک بووین کەلە هەموو بارەکاندا رووبەڕووی بارودۆخی سەخت بووین جگە لەجینۆسایدی جەستەیی رووبەڕووی جینۆسایدی عەقڵی و فیکریش بووینەوە لەبەرئەوە هەمیشە هەوڵمانداوە کە شتێک بکەین دیاربین، ئەوە بوو لەشانۆدا بەراستی چ لەمناڵانمان چ لەگەورەکانمان کەچووین شانۆمان کردووە لەفێستیڤاڵەکانی عیراق هەمیشە خەڵاتی سەرکەوتنی ئەو فێستیڤاڵانەمان بەدەستهێناوە، لەهەموو بوارەکانی هونەردا هەمیشە بەو رۆحیەتە کارمان کردووە، بە رۆحی ئەوەی کەبوونی خۆمان بسەلمێنین و بڵێین ئێمەش هەین. لەبەرئەوە هەر ئەو رۆحیەتەیە کەوای لێکردووین پەلاماری سینەماش بدەین، ئەمە لەکاتێکدا کەنەک لای خۆمان بەڵکو لەعیراقیشدا سینەمامان نەبووە، کەبوارمان بۆ رەخسابێت لەهەر بوارێکدا هەوڵمان لەگەڵ داوە. من لەسینەماو لەفیملی(٣٥) ملمدا تائێستا لە سێ فیلمدا بەشداریم کردووە. من خەونم هونەری سینەماو نواندنی سینەما بووە، بەڵام تائێستاش خۆم بەئەکتەری شانۆ دەبینم. تائێستاش شانۆ بە گەورەترین و قورسترین کار بۆ هونەرمەند دەبینم و دادەنێم. بەڵام من هەڵبژێردراوم وەکو هەمووو برادەرێکی دیکە چوومەتە تەجروبەو ئەشێ ئێمە وەکو زۆر لەدراماکانی جیهان و وەکو ئەکتەری دراماو سینەماو تەکنیکی سینەمایی ئەو تەنکیکەمان نەبووبێت چونکە بەراستی کەم ئەزموونین و ئەزموونمان کەمە، بەڵام هەوڵمانداوە کەوا بتوانین کە ئەوەی ئەوان دەیکەن ئێمەش بتوانین ئەگەر لەسەدا سەد نەبێت ئەوا لەسەدا پەنجا کەمتر یان زیاتر بەدیبهێنین و قەناعەت بەو کەسانە بکەین کە ئێمەش تۆزێک دەتوانین وەکو ئەکتەری دراماو سینەما کار بکەین. من ئەزموونم لەبواری نواندنی دراماو سینەما هەیەو ئیتر خەڵک چۆن ئەم نواندنەی وەرگرتووە، وەڵامەکەی لای من نییە.

***لەدراماکانیشدا هەست بەو جۆرە نواندنە شانۆییە دەکرێت؟**

- بەڵی وایە، لە دراماکانیشدا هەست بەوە دەکرێت و بەلای منەوە هۆکاری ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەئێمە ژیانی هونەریمان بەشانۆ دەستپێکردووەو ئێمە ئەکتەری شانۆین و لەهەموو دونیایشدا وایە، ئەکتەری شانۆ کەدەبێت بە ئەکتەری سینەما، یاخود کەدەبێت بەئەکتەری دراما، ئەو سروشتە شانۆییەی تێدا دەمێنێت، لەتەکنیکی جەستەو دەنگدا، بەڵام ئێستا هەوڵمانداوە کەئەو حاڵە تێپەڕێنین. من وەکو خۆم سەیر دەکەم هەوڵدەدەم لەو ئیشانەی کەئێستا دەیانکەم و لەوانەشی کە کردوومە ویستومە بێگومان بەهاوکاری دەرهێنەرەکان گۆڕانکاری لە نواندنی دراماو سینەما بکەم، وەک هەموو هاوڕێکانی ترم، ئیتر نازانم لەمەدا تاچەند سەرکەوتوو بووم، ئەوە وەڵامەکەی لەلای بینەرە.

من وەک خۆم نواندنم لەشانۆدا جیاوازە لەنواندنی دراماو سینەما. بەڵام ناشڵێم لەسەدا سەد بەڵکو هەوڵمداوە ئەگەر بەرێژەی لەسەدا پەنجاش بێت خۆم دەرباز بکەم لەو جۆرە سروشتەی نواندن. چونکە شانۆ وەکو حیوار وەک دیالۆژو جوڵەو...هتد جیاوازە لەگەڵ کاری سینەمایی. لەکاری سینەمایدا زۆرتر دەموچاو و روخسار بایەخی پێدەدرێت کەئیشیش دەکەیت گوزارشتی دەموچاو زۆر زۆر گرنگە بەو واتایەی هەوڵ دەدەین بۆ گۆڕانگاری و تائێستاش لە ئەزموونداین، هەمووومان لەئەزموونداین.

## رووداوێک خۆی بووە مێژوو

***وەکو دەرهێنەر چ ئەزمونێکتان هەیەو چ بەرهەمێکت دەرهێناوە؟**

- ساڵی ١٩٧٠ کەچوومە دەربەندیخان لەوێ لەگەڵ کۆمەڵێک گەنجداو بەهاندانی ئەوانیش شانۆگەرییەکمان کرد. پێم سەیرە هونەرمەندێک کە پەیمانگەو بەشی شانۆ تەواو دەکات بچێتە شارۆچکەو قەزایەکەوە بڵێت ئیش ناکەم. لەساڵی ١٩٧٠ لەو شارۆچکەیە شانۆگەریمان پێشکەشکرد. بەراستی دواتریش بردمان بۆ خانەقین و لەوێش نمایشمانکرد. بۆ ئەوەش ئیشم نەکردووە کەبڵێم یەکەم شانۆ من لێرە دروستی دەکەم. کە ئیشەکەشم



کـردوە هـەرچـی هـونـەرمـەنـد هەیە لەسلێمانیەوە بانگم کـردووە داوەتـی دەربەندیخانم کردوون تا ئەو شانۆگەرییە ببینن.
ئەوە لەساڵی ١٩٧٠ بوو، بەڵام ئەم رووداوە خۆی بوو بەمێژوو بۆ من و بۆ ئەوانەی کەکاریان تێدا کـردو خۆشبەختانەش ئەمساڵ لەرۆژی دەربەندیخاندا سوپاس بۆ خەڵکی بە ئەمەکی ئەو شارە پێشوازییەکی گەرمیان لێکردم و وەکو کەسایەتیەکی دەربەندیخان حسابیان بۆ کردم کە توانیم لـەو شـارەدا شانۆ دروسـت بکەم من لەهەر بوارێکدا کارم کردبێت بەجددی کارم تێدا کردووە من پیاوێکی زۆر جدیم لەئیشکردندا.
من کاتێک هاتمەوە بۆ سلێمانی، لەکۆمەڵ وەکو خەونێکو تموحێک هەوڵی کاری دەرهێنانمداو نزیکەی حـەوت کاری دەرهێنانم کردووە، لەوانە (کچی خۆمەو دەیفرۆشم) لە دەربەندیخان، لەسلێمانی شانۆیی (دکتۆری ئێڵا) کە نووسینی مۆلێر بـوو،و خوالێخۆشبوو (رەفیق چـالاک) ئامادەی کردبوو بۆ شانۆو هەر ئەویش ئەو ناوەی لێ نابوو لەساڵی (١٩٧٦) و دوا بەدوای ئەوەش ساڵی ١٩٧٧ شانۆیی (هەڵەی دکتۆر)م دەرهێنا هەر بۆ کۆمەڵو لە تەلەفزیۆنی کەرکوکیش وەک درامایەک نمایشکراو سیناریۆکەشی خۆم ئامادەم کردبوو، شانۆیی (دکتۆری ئێڵا) لە هەولێر و سلێمانیو کۆیە نمایشکراوە.
ساڵی ١٩٨٠ شانۆیی (گەڕانێکی کتوپڕ)م دەرهێنا کە بۆ ماوەی ١٥ رۆژ لە هۆڵی خالیدییە نمایشکرا خۆشم رۆڵی جادووگەرم تێدا بەرجەستە دەکردو ئەم شانۆگەرییەش لەسەر ستایلی شانۆی توندوتیژ بوو هەر بەو ستایلەش کارم تێدا کردبوو، هەروەها لە ساڵی (١٩٨٥) شانۆیی (کابرا سەیرەکە)م دەرهێناوە کە ئەویش ماوەی سێ هەفتە لە هۆڵی سانەوی سلێمانی نمایشکراو هـونـەرمـەنـد حـەمـە رەشـیـد هـەرەس ئامادەی کردبوو بە هاوبەشی کۆمەڵێک لە ئەکتەری بە ئەزموونی کۆمەڵو لەسەر ئەو شانۆگەرییەش منو حەمەڕەشید هەرەس بانگ کراین بۆ ئەمن بۆ لێپرسینەوەو چەند پیاوێکی خۆشیان نارد بۆ بینینی شانۆگەرییەکە، بەڵام ئێمە وا کارمان تێدا کردبوو کە ئەوان تەقەی سەریان دەهات، بۆیە لەو کێشەیەش رزگارمان بوو.
جگە لـەوە دوو کـاری دەرهێنانم لە شانۆی منداڵان کردووە کە لە فێستیڤاڵی ساڵی ١٩٧٣و ١٩٧٦ی چالاکی هونەری قوتابخانەکاندا بەشداری کردووە. بەناوی (چایخانە)و (راوە جنۆکە).
بەڵام بەڕاستی من پاش ئەو ئەزموونانەش بە شایەتی ئەوانەی کە لەگەڵمدا کاریان کردووە بە شاهێدی ئەوان ئەو کارانەی کە کردوومن لـەلای خەڵک کـاری باش بوون و بەخەون و خەیاڵێکی باشی خۆم پێشکەشم کـردوون، بەڵام دوایـی بیرم لـەوە کـردەوە کە من دەرهێنەرنیم و خۆم بڕیاری ئەوەمدا کە کاری دەرهێنان نەکەم.

## بڕیارمدا هەر ئەکتەر بم

***چۆن ئەو بڕیارەتدا؟**
–لـەدوای ساڵی (١٩٨٥) کەئەو کارەی نازم حیکمەتم کرد، کارێکی دیکەش هەبوو کە هی هونەرمەند (کامەران رەفیق) بوو کە هەر ئامادەی دەکرد تا پێشکەشی بکەم، بەڵام خوالێخۆشبوو هونەرمەند (کامەران رەفیق) دەقەکەی تەواو نەکردو دوابەدوای ئەوە ویستم کارێکی دیـکـەش بکەم و مـن خۆم خەونی ئەوەم هەبوو کە لەشانۆگەریی (مارا صاد) کار بکەم، کە بەستایلێکی تازە بیخەمە سەر شانۆ، بەڵام خۆم گەیشتمە ئـەو بـڕوایـەی کـە کـاری دەرهێنەر تایبەتمەندێتییەکی خۆی هەیەو هەرچەندە من لە خولێکی تایبەتی شانۆیدا کە چالاکی قوتابخانەکان بۆ ماوەی مانگێک ئەنجامی داو پلەی یەکەمم تێدا بەدەستهێناو زۆربـەی هـونـەرمـەنـدانـی سلێمانی تیایدا بەشدارییان کردبوو و ئەتروحەکەشم شانۆیی (ئۆدیب پاشا) بـوو، لەگەڵ ئـەوانـەشـدا هەستمکرد دەرهێنان کارێکی تایبەتییەو خەڵکانێکی دەوێت کە تایبەت بن بەو بوارە. منیش وەک وتم خۆم لە بواری شانۆدا دەبینییەوەو لەلای جەماوەریش هەر وەکو ئەکتەر ناسرا بووم بۆیە بڕیارمدا هەر ئەکتەر بم.

***ئەی سەبارەت بە کارکردنت لە رێکخراوی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان؟**
–من لە ساڵی ١٩٨٣ەوە لەگەڵ کۆمەڵێک لـە هـونـەرمـەنـدی شـانـۆو مـوزیـکو شێوەکار ئەندام بووین لەو رێکخراوەدا من کادرێکی چالاکیی ئەو رێکخراوە بوومو لەگەڵ هاوڕێکانمدا مەبەستمان تەنهاو تەنها پاراستنی هونەرمەندانو کـاری هـونـەری بـوو چـونـکـە لـەو سەردەمەدا رژێم مەبەستی زۆر خراپی بەرامبەر هونەرمەندان هەبوو، ئەو رێکخراوە رۆڵێکی زۆر باشی بینی لەو سەردەمەدا بۆ خزمەتکردنو پاراستنی هونەرو هونەرمەند، بێگومان ئەگەر ئێمە باس لە هەڵوێست بکەین هەموو هونەرمەندانی کـوردسـتـان خـاوەن هەڵوێست بوون بەوانەی دەرەوەی رێکخراوەکەش چونکە بەڕاستی ئێمە بە وزەو توانای ئەوانو بە خۆڕاگری ئـەوان توانیمان زۆر کـاری گـەورە ئەنجام بدەین وەک موقاتەعەکردنی تەلەفزیۆنی رژێـمو رەتـکـردنـەوەی داواکـانـی ئـەو سـەردەمـەی رژێـم بۆ هونەرمەندو مانگرتنی ساڵی ١٩٨٤ی بـەردەم پەیمانگەی هونەرەجوانەکان کە خوێندکارەکانی پەیمانگەش لەگەڵ هونەرمەندانی دیکە قۆڵیان کرد بە قۆڵی یەکترو رووبەڕووی ئەو جەلادانە بوونەوە کە دەیانوویست هونەرمەندی کورد دەستەمۆ بکەنو بە ئارەزووی خۆیان لە شوێنە هونەرییەکان دووریان بخەنەوە.
تەنانەت رێکخراوەکە جگە لە پەیامی هونەری، پەیامی نەتەوایەتیشی وەک ئاڵایەک هەڵگرتبوو لە کارەکانیدا.

***کاتی خۆی بینەرێکی زۆر دەهاتنە سەیری نمایش، رەنگە جارێکی دیکە جەنابی موفەتیش و پیسکەی تەرپیر دووبارە نەبنەوە، تۆ ئەمە دەگەڕێنیتەوە بۆچی ئایا بڕوات بەوە هەیە، کەشانۆ لەقەیراندایە! یان قەیران قەیرانی بینەرە، یان ئەکتەرو دەرهێنەرەکانمان لەقەیراندایە؟**

## ئەم سەردەمەش هەر سەردەمی ئێمەیە

– ئەگەر بێتو باس لە قەیران بکەم، بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەیگەڕێنمەوە، ئەو سەردەمە بۆ وا بوو، ئەم سەردەمە بۆ وایە؟! دەڵێم ئەو سەردەمە هونەر بەهەموو جۆرەکانییەوە با نەڵێم بەتەنها شانۆ، پەیام بـوو، پەیامەکە پەیامی مرۆییانە بوو، پەیامی بەرگری بوو.
پاش ئەوە هونەرمەند لەو سەردەمە کە کاری کردووە، چ وەک پەیامێکی شانۆ چ وەک پەیامێکی مرۆڤایەتیو چ وەک پەیامێکی نەتەوەیی وەک عەشقێک کارەکەی بە ئەنجام گەیاندووە تەنانەت هونەرمەند بەبێ هیچ هاوکارییەکو بەبێ هیچ بودجەیەکو بەبێ هیچ تەکنیکێک لە شانۆیەکی هەژاردا روتو قـووت بـێ رووناکـی بـێ دیمێر بە جلوبەرگی خۆی بە کەرەستەی خۆی بەبێ بەرامبەر ویستوویەتی ئەو نامەیە کە نامەی هونەرە بیگەیەنێتە بینەر، راستگۆییانە بۆیە بینەر لێی وەرگرتووە. هۆڵەکانی شانۆ هەمیشە پڕ بووە لە خەڵک. کاری جددی وا هەبووە دوو مانگو زیاتریش نمایشکراوە، هەمیشە هـۆڵـەکـان جـمـەی هـاتـووەو چۆڵ نەبووە. بەداخەوە هەندێک کەس کە ئەڵێن تەنها هونەر پرسو شیعاراتو دروشـمـی سیاسیی بـووە، ئـەگـەر سەیرێکی ئەرشیفی شانۆیی بکەین لە هەموو کوردستاندا بزانن ئەو دەقانەی کە پێشکەش کـراوە دەقـی جیهانیی نەبووە؟!، دەقی چیخۆفو ئەلبێر کامۆو برێستو شکسپیرو مەکسیم گۆرکیو ئەپسنو گۆگۆڵو هتد بوون، لەگەڵ دەقی کوردییو دەقی فارسییو تورکیو عەرەبی، ئەمانە چ پەیوەندییەکیان بە شیعاراتەوە هەبووە جگە لـەوە ئەو ستایلانەی کە لەو سەردەمەدا کاری تێدا کراوە لە ستانسلاڤیسکیو برێختو شانۆی هـەژارو شانۆی نامۆبوون و شانۆی توندوتیژو شانۆی کلاسیکیەتو ستایلی شانۆی ئەزموونگەریی، ئەی دەرهێنەرەکان کە کاریان کردووە لەو سەردەمەدا:(غازی بامەڕنی و ئەحمەد سـالارو بەدیعە دارتـاشو کـامـەران رەووف) و ئەوانی تریش دەرچـووی ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان نەبوون.!!
ئەی میدیاو فرمێسکو نیگارو شەماڵ ئەی کاری ئەزموونگەرییان پێشکەش نەکردووە!! ئەوە واز لە ئێمە بێنن کە ئێمە کۆمەڵێک بووین کە بڕوانامەی ئەکادیمیای هونەرمان نەبووەو خۆڕسک بووین بەڵام زۆرێک لە هاوڕێیانی ئەو سەردەمەمان دەرچـووی پەیمانگەو ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان بوون، ئەی هەموومان پێکەوە لەو بـوارەدا کارمان نەکردووە؟! کەواتە ئەو کاتە شانۆ ئەکادیمیو جددی بووە لەبەرئەوەی ئـەوەی کـە کـاریـان تـێـدا کـردووە ئەکادیمیو خەڵکی هونەرمەندی جددی بوون، من پێم سەیرە دەڵێن ئەو سەردەمەو ئەم سەردەمە، چونکە ئـەم سـەردەمـەش هـەر سـەردەمـی ئێمەیە، چونکە ئێمە تا ئێستاش هەر لە بوارەکەداین، ئەگەر خوانەخواستە شانۆ لە ئاستێکدا بێت یان وەک دەڵێن لە قەیراندا بێت ئێمەش بەرپرسیارین لەو قەیرانە ئێمەش بەشێکین لەم نەوەیە چونکە هونەر نە تەمەن نە دابـڕان دەزانێت. کەواتە ئێمەش بەشێکین لە نەوەی ئەمڕۆ. ئەو سەردەمە کارێکی زۆر نمایشدەکرا، لەو کارانە شاکاری زۆر پێشکەش دەکرا، لەم سەردەمەشدا کاری زۆر دەکرێت بەڵام شاکارەکان لە ئاست زۆری کارەکاندا نین.

## پەیڤەکان پیرۆزترن لە خەڵاتی دونیا

***دوا پەیڤت لە کۆتایی ئەم دیدارەدا؟**
– لـەم پـەیـڤـەدا ئـەمـەوێـت بڵێم هاوڕێکانم بە ئامێزی میهرەبانیان لە نووسینەکانیاندا باوەشیان بۆ کردمەوە کە بەلای منەوە ئەو نووسینو وشانە جوانترینو پیرۆزترین مەدالیایە کە ئەو هاوڕێیانەم بەخشیانە من کە ژیانی منو هونەرەکەمیان پرشنگدارترو مەزنتر کرد کە بەڕاستی ئەمە سەروەرییەکی گەورەیە بۆ ئەو مێژوویەی کە ئەو خۆشەویستانە لە نووسینەکانیاندا بە پێنووسی گـەورەو پڕ لە میهرەبانیان لاپەڕەکانی ژیانی منیان جارێکی دیکە هـەڵـدایـەوە. کە هەرگیزاو هەرگیز شانازی پێوە دەکەم.

**پێم سەیرە دەڵێن ئەو سەردەمەو ئەم سەردەمە، چونکە ئەم سەردەمەش هەر سەردەمی ئێمەیە، چونکە ئێمە تا ئێستاش هەر لە بوارەکەداین**



# عەبدولی حەمەجوان: جوانییەکانی پشت ئەزموونێکی دەوڵەمەند



دڵشاد مستەفا

ئاسان نییه لەمێژوویەکی نەنوسراوە بدوێی، بەتایبەت کە تەواوی وردەکارییەکانی ئەو مێژووە نەژیابێت، وەلێ ئەو دەمەی وەک ئەرک لە قسەکردن لەسەر ئەو مێژووە دەروانیت هیچت بۆ نامێنێتەوە جگە لەوەی چیت پێ دەکرێت لەپای کردنەوەی پەنجەرەیەک بەسەر ئەو بوونەدا سڵ نەکەیتەوە لێبڕاوانە بەنێو دەهلیزەکانیدا گوزەر بکەیت. ئیدی ئەو دەمە وەرگر دەتوانێ بڕیارەکانی خۆی لەسەر ئەو گریمانە بنیات بنێ کە ئەوەی دەوترێت شتی حاشاهەڵنەگر و کۆنکرێتی نین و رای تایبەتی کەسەکانە. بۆیە هیچ کات لەوە سڵ ناکەمەوە کە بڵێم ئەمە توێژینەوەیەکی زانستی ورد نیە بەهێندی ئەوەی هێنانەگۆی پانتایی کارکردنی هونەرمەندێکە کە پێشتر جگە لەرای لامسەلایی و زاری شتێکی ئەوتۆی لەسەر نەوتراوە.

بۆ دۆزینەوەی کۆدەکانی کارکردنی هونەرمەندێک لەنێو کایەکانی خۆیدا گەلێکجار پێویستیمان بە بەگەڕ خستنی یادەوەری نەوەیەکە تا بە تەواوی بەشە جیاوازەکانی ئەو ستراکچەرە شی بکەینەوە کە ئەو کۆدانە لێوەی سەرچاوە دەگرن. بۆیە بۆ هێنانە گۆی ئەزموونی هونەرمەندێکی پڕکاری وەک (عەبدولی حەمەجوان) بێ قسەکردن لەسەر قۆناغە جیاوازەکانی کارکردنی ئەو لەکایە جیاوازەکانی هونەردا ئاستەمە. هەرچەندە بە بەردەوام دەچینەوە بەردەم گرفتە مەزنەکانی نەبوونی ئەرشیف و نەبوونی نووسینی لەوەوبەر لەسەر ئەزموونەکانی هونەرمەندانی کورد، بەڵام ناچارانە دەبێت بەتەنها پەنا بۆ یادەوەری خۆمان بەرین و گەشتی خۆمان بە پشتیوانی ئەو بەرێ بخەین.

### نواندن وەك پیشە و خولیا:

نواندن لە نێو بزووتنەوە شانۆییەکەی ئێمە مێژوویەکی درێژی هەیەو لەسەرەتاکانی دروست بوونی ئەو بزووتنەوەیەوە هەوڵی جیاواز و توانای جیاواز بەدەرکەوتوون و هەریەکەیان لە هۆشیارییەکی تایبەتییەوە پاڵپشت بە ئەزموونەکانی روانین و وردبوونەوە لە کاری ئەوانی دی هەوڵەکانی خۆیان خستۆتەگەڕ. قۆناغ لە دوای قۆناغ توانای جیاواز بەدەرکەوتون و بەشێکیان بێ دابڕان لەکارو بەخشش بەردەوام بوون هونەرمەند (عەبدولی حەمەجوان) یەکێکە لەوانەی لەهەنگاوەکانی سەرەتای دەرکەوتنیەوە تا هەنووکە بە هەناسەیەکی بە تاوەوە بەردەوامی بە ئەزموونی کارکردنی خۆی دەدات و ماندوبوون ناناسێ.

یادەوەری من بۆ ناسینی بەرهەمەکانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمەی وەک عاشقێک کە لەسەرەتای ناسینی مەعشوقەکەیدا بەهەموو کۆڵانەکانی ئەو شارەدا دەگەڕێت کە ماڵی یاری لەوێیە، لەهەر شوێنێک نمایشێکی شانۆیی هەبایە من لەوێ بووم چ جای بەرهەمی ناوازەی هونەرمەندانی دیاری سلێمانی، بۆ یەکەم ئەزموونی بینینی (عەبدولی حەمە جوان)ی ئەکتەر لەسەر شانۆ لە شانۆیی (سەلەی نانکەر) دەرهێنانی (کامەران رەئووف) لای من بەرجەستە بوو، هەرچەندە پێشتر ئەزموونی ئەو ئەکتەرە بە توانایەم لە تەلەفزیۆن و بەتایبەتیش رۆڵە هیچ کات لەیاد نەچووەکەی لە ( جەنابی موفەتیش)ی گۆگۆڵدا لەبەرچاو بوو، ئەمە جگە لەناسینی ئەو وەک هاوڕێیەکی باوکم کە هەندێک ئێواران بۆ ماوەیەک لە دوکانی باوکم لەشەقامی مەولەوی چاوم پێی دەکەوت و بە تامەزرۆییەوە لێی ورد دەبوومەوە.

ئەو دەمەی ئەوم وەک ئەکتەر لەسەر شانۆ بینیەوە هۆشیاری من بەو قۆناغە فرە هەستیارەی شانۆی کوردی هێند باڵا نەبوو تابتوانم شتێک لەسەر ئەو ئەزموونی کارکردنە بڵێم بەڵام دواتر و لە بەردەوام روانین لە ئەزموونە جیاوازەکانی تردا لە شانۆییەکانی (میراتی) و (گوڵاڵە)و دواتریش گەیشتنی بە ترۆپکی نواندن لای من لە بینیی رۆڵی (تریگۆرین) لە( باڵندەی دەریا)ی چیخۆف و دەرهێنانی (کامەران رەئووف) ئیدی هێڵێکی بەردەوام و رایەڵێکی توند لە زەینی من وەک وەرگرێکی شانۆیی و خوێندکاری شانۆ و ئەکتەرێکی سەرەتایی تەواو جێگیر بوو.

لێرەوە دەتوانم وردتر و بەهۆشیارییەکی ترەوە لە ئەزموونی نواندنی ئەکتەرێک بدوێم کە رازی نییە بکەوێتە نێو گۆشە گیرییەوە، ئەو توانایەکی تەواوی جەستەیی و دەنگێکی باش و هەستێکی هۆشیارانەی هەیەو ئامادەبوونێکی تەواوی لەسەر تەختەی شانۆ هەیەو دەزانێت بەرەو کام ئاقار کاراکتەرەکەی دەبات و لە تەواوی هێڵە ئاشکراو نهێنییەکانی بەرجەستە کردن تێدەگات و لە ناخەوەشڕا پاڵنەرێکی دی دەیبزوێنێ، ئەو وابەستەیە بەو کێشە چارەنوسسازانەی نەتەوەیەکی پێوە بەندە بۆیە وەک ئەرک لە کارەکەی دەڕوانێت و هەموو ماندووبوونەکانیشی بەو پێوانەیە دەپێوێ، بۆیە لە سەختترین کار سڵ ناکاتەوەو بەردەوامە.

روانین لە هەر ئەزموونێکی ئەو هونەرمەندە لەو قۆناغەدا ئەوە لەلای وەرگر جێگیردەکات کە ئەو ئەکتەرێکی فرە توانایەو دەتوانێت کارەکتەری جۆراوجۆر بەرجەستە بکات، چونکە لەبەراورد کردنی ئەو سێ کاراکتەری لە دێرەکانی پێشودا ئاماژەم پێدا لەوە دڵنیا دەبیت کەسێ دۆخی جیاواز و سێ دنیای لێک دوورن، بەڵام ئەو بە هۆشیاری ئەکتەرێکی شارەزاوە و دڵنیا لەتواناکانی خۆی مامەڵەیان لەگەڵدەکات، ئەم گریمانە تەواوی ئەزموونەکانی ئەو لەو قۆناغەدا دەگرێتەوە رەنگە زۆرینەی شارەزایانی ئەو بوارەش لەسەر ئەم قۆناغەی کارکردنی ئەم هونەرمەندە لەگەڵ من هاوڕا بن کە ئەکتەرێکی چالاک و بێ سرەوت بووەو زۆرترین دەرکەوتنی لە بەرجەستەکردنی کاراکتەرکاندا بەرکەوتوە.

ئەو شەپۆلە لە تامەزۆریی بۆکار و دواتریش هەستکردن بە لێپرسراوێتی و ئەو چێژەی ئەم هونەرمەندە لە خۆبینینەوە لەسەر تەختەی شانۆ بەدی دەکات وا دەکات لەتەواوی ئەو قۆناغانەی دواتریشدا بەو هەناسە گەنجانەیەوە رەفتاربکات و هەردەم لە ئامادەیی تەواودا بێت بۆ بەرجەستەکردنی کاراکتەرە جیاوازەکان. ئاستەم بوو بەرهەمێکی کۆمەڵەی هونەرجوانەکان بەبێ ئامادەبوونێکی گرنگی ئەو تەواو ببێت، هەڵبەتە ئەمە رێ لەوە ناگرێت کە چەردەیەک ئەکتەری بەتواناو هەڵکەوتووی تریش هاوشانی ئەو لەو بەرهەمانەدا دەرکەوتوون و بەڵام دەرفەتی قسەکردنی ئێمە لەم جارەدا تایبەتە بە (عەبدولی حەمەجوان).

ئەو دەمەی راپەڕین وەک قۆناغێکی نوێی ژیانی سیاسی خەڵکی کوردستان کاریگەری خۆی لەسەر نێوەند و کایە هونەرییەکانیش جێ دێڵێ و بەدڵنیایی تەواوی جومگەکانی پێکهاتەی هونەریش پریشکی خۆی بەردەکەوێت، کە هێدی هێدی سیمای کاری هونەری بە بەدیارکەوتنی نەوەیەکی جیاواز لەتەمەن و روانیندا دەگۆڕڕێت، ئەو هونەرمەندە لەسەر رەوتی کارکردنی خۆی بەردەوام دەبێت و دەستبەرداری ئەو مێژووە نابێت کە بە ماندووبوون و شەونخونی رەنگینی کردووە. لە چەند کارێکی جیاوازدا وەک ئەکتەری شانۆیی جارێکی دی پێ لەسەکۆی شانۆ گیردەکات و بە بەردەوام یەکێک دەبێت لەوانەی داکۆکی لە زیندویی شانۆ دەکەن و لە دژی شەپۆلی بە قەیراناوی ناو زەدکردنی دۆخی سڕبوونی شانۆ دەوەستنەوە. ئەو هەمیشە لەو بروایەدا بوو کە تەمبەڵییەک گیانی هونەرمەندی داگیر کردووە گەرنا بینەر و شانۆ وەک خۆیانن ئەوی نایەوێت کار بکات ئەو دۆخە دەخولقێنێ و گشتگیری دەکات



درامای بلیت زاوایه، عومەر چاوشین - عومەری کەریم ئاغا - عەبدولی



درامای ژیان، عەبدولی حەمەجوان و شادان فواد ساڵی ١٩٧٧

**چ ئاستەمە خۆ بۆ کەسانێک ماندوو بکەیت کە ئەوان بێ باکن لەوەی تۆ دەیکەیت و خەیاڵی تر دەماغ و دڵی پێچاون و ئەوە حاڵی مامۆستا عەبدول و هاوشێوەکانێتی لە نێوەندی هونەری و روناکبیری ئێمەدا.**

. بۆیە ئەزموونی خۆی ئەم جارە وەک رێکخەرێکی سەرقاڵ و شارەزا بۆ بەگەرخستنەوەی شانۆ لە بەرهەمهێنانی ژمارەیەک فێستڤاڵی شانۆییدا دەبینێتەوە، هیچ کەس ناتوانێ نکۆڵی لە هەوڵ و ماندوو بوونەکانی ئەو هونەرمەندە بکات لە پێناو بەزیندویی هێشتنەوەو بەرز راگرتنی شانۆ لە سلێمانی لە قۆناغ و بارودۆخێکی فرە دژوار و هەستیار دا. و هەنگاونانی ئەو بۆ بە نێو دەوڵەتی کردنی فێستڤاڵی شانۆی سلێمانی لەساڵی ٢٠٠١ دا کارێکی هەرگیز لەیاد نەچووە و ئەوە دەسەلمێنێ کە چ خەمخۆری و دڵسۆزییەک جڵەوی کارەکانی دەکات و چۆن دەیەوێت بەشدارییەکی کاریگەر لە هێنانەدی خەونی نەوە جیاوازەکانی شانۆی ئەو شارە دا بکات.

ئەو دەمی ئەزموونی بەرهەمهێنانی فلم و درامای تەلەفزیۆنی لە هەرێمی کوردستان چرۆدەکات (عەبدولی حەمەجوان) پەیمانە دێرینەکەی لەگەڵ کامێرا نوێ دەکاتەوە، ئەو خاوەنی ئەزموونی سەرکەوتوە لە مێژووی بەرهەمی تەلەفزیۆنی کوردیدا نموونەی (ژیان) و(جەنابی موفەتیش) بۆیە بۆ ئەو نوێ نییە جارێکی دی لەبەردەم کامێرادا بە ئەوپەڕی متمانەوە بوەستێ و تواناکانی خۆی بۆ نەوەی نوێ لە وەرگرانی کوردیش نمایش بکات.

بەوردی سەرنجدان لەو ئەزموونانەی لەگەڵ هونەرمەندی کۆچکردوو (حسین میسری) دەمانگەیێنێتە ئەو باوەڕەی جارێکی دی دان بەوەدا بنێین کە ئێمە لەبەردەم ئەکتەرێکی بە ئەزمووندایین، شارەزا لە دۆزینەوەی بونیادی کاراکتەر و دوور لە گرژی و زیادەرەوییەکانی هەندێک ئەکتەری شانۆیی کە ناتوانن لەو ستایلی کارە بێنە دەرێ و مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ کامێرادا بکەن و ئەو سادەو قوڵ بێ زۆر لەخۆکردن و بە تایبەتمەندی ئەو کارکتەرەوە مامەڵە دەکات و تەواوی ساتەکانی وەک ژیان زیندوو رادەگرێ. نموونەی فرە سەرکەوتوویی کاراکتەرەکانیشی لای من بینینی رۆڵی مەلایەکی کوێرە لە زنجیرە درامای (حەسەنە فەنی) لەوێڕا و لەبەردەم کاراکتەری نائاسایدا تواناکان لەشاراوەیدا نامێنن و زیاتر بەدیاردەکەون. ئەو زۆر لەوە وریاترە بکەوێتە ساناترین هەڵەی نەگونجانی دۆخی کارکتەرەوە و ئەو مامەڵە سروشتی و هۆشیارانەیەی لەگەڵ کارکتەرەکەیدا هەمیشە دەیکاتە جێی سەرنجی بینەر. بەدڵنیایی وەک ئەکتەر و هونەرمەندێک کە مێژوویەکی بەرچاوی تۆمارکردووە دەخوازێ ئەزموونی خۆی بێ خەوش بهێڵێتەوەو تا پێی بکرێت کاری نایاب تر بێنێتە سەر خەرمانەی بەرهەمەکانی. بەدڵنیایی لە بەرهەمەکانی تریشدا وەک ئەکتەرێکی فرە تواناو بە ئەزموون لەگەڵ کارەکتەرەکانیدا مامەڵە دەکات و هیچ کات کەمتەرخەمی لە کاری خۆیدا ناکات.

**ئەزموونی دەرهێنان:**

باسکردن لە هونەرمەندە وەک دەرهێنەر رەنگە بۆ زۆر لەو نەوە نوێیەی ئەو وەک ئەکتەرێکی دیار دەناسن تا رادەیەک جێی سەرسامی بێت، وەلێ ئەوە بەشێکە لەمێژووی کارکردنی هونەرمەندێک کە دەیەوێت بە تەواوی پێکهاتەکانی شانۆدا بگەڕێ و تواناکانی خۆی تاقی بکاتەوە. هەڵبەت لەو بوارەدا (عەبدولی حەمەجوان) چەند ئەزموونێکی هەیە، بەڵام ئەوەی لەیادەوەری مندا جێی خۆی هەیە و ئاشنایم شانۆیی (کابرا سەیرەکە)ی گەورە نووسەر (نازم حیکمەت)ە. و لە نێوەندی هەشتاکانی سەدەی رابردوو یەکێک بووە لە بەرهەمە سەرنجبەرەکانی کۆمەڵی هونەرەجوانەکان.

هەڵبەتە بەڵگە نەویستە کە ئەزموونی هەشتاکانی بزووتنەوەی شانۆی کوردی بەر لە سەرهەڵدانی ئەزموونگەری و شانۆی ئاهەنگسازی، گەڕانێکی بێ وچان بوو لە نێو ریالیزمدا و بەتایبەتی ئەو ستایڵەی لە ریالیزمی سوشیالیست و ریالیزمی شۆڕشگێڕانە نزیک دەبووەوە، ئەمەش دۆخی قۆناغەکە خۆی بەسەر تەواوی واقیعی کارکردنیدا دەسەپاند و هونەرمەند وەک ئەرک دەبوو لەو چوارچێوەیەدا کاربکات و بینەر بەرەو ئەو دنیا راستەقینەیە بەرێت کە چەمکەکانی ئازادی لەوێن و قوربانی دان و خەباتی بێ وەستانی دەوێت.

ئەم ئەزموونەی هونەرمەند (عەبدولی حەمەجوان) لەسەر هەمان رەوتی کارکردن بوو و کارێک بینەر هەست بە نزیکایەتی بکات و واقیعی ژیانی خۆی لەو دیو جوڵەو پانتۆ و چیرۆکەکانی سەر شانۆوە ببینێتەوە. هەڵبەت هەڵبژاردنی نازم حیکمەت وەک نووسەرێکی شۆڕشگێڕ کە بەشی زۆری تەمەنی لەنێو زیندانی ناسیۆنالیستە رەفتار فاشستەکاندا بەسەر دەبات خۆی ئاماژەیەکی دیارە بۆ وەرگر و بانگهێشتێکی نهێنیە بۆ سەرخوانی بەرەنگاری. ئەو بەرهەمە لەو رۆژگارەدا لەگەڵ ئەوەی چیرۆکێکی راستەوخۆ نییە وەلێ مانا شاراوەکانی پشت ئەو ستایڵە بە ئاشکرا ئەوە دەسەلمێنن کە هونەرمەند دەیەوێت لەسەر کام رەوتە کار بکات و هەموو ئەو مەغزایانەی خواستی ئەون بواری جیاواز بۆ گوزارشت لێ کردنیان دەدۆزرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەی ئەم بەرهەمە بۆ رۆژگاری خۆی کارێکە جێی سەرنج بوو بەڵام ئەو هونەرمەندە جارێکی دی ئەزموونی دەرهێنانی دووبارە نەکردەوەو بەتەنها وەک ئەکتەر مایەوەو زۆر بەو شوناسە شادمانە کە وەک ئەکتەر بناسرێت.

**دوا نیگا:**

گرفتی ئێمە لە ناساندنی کەسەکانی خۆماندا وەک ئینسان لەوەدایە شەرمنانە قسەیان لەسەر دەکەین و هیچ کات ناتوانین مافە تەواوەکانی خۆیان پێ بدەین و جگە لەوەی هەندێکمان پێمان نەنگیە دان بەوەدا بێین کە هونەرمەند و نووسەر و روناکبیری گەورە و باشمان هەن و ئەو کەسە خۆمان نین. ئاشکرا تر بڵێم جۆرێک لە ئیرەیی وامان لێ دەکات نەتوانین بە شێوەیەکی شایستە ناوی هاوڕێ و هاوپیشەکانمان بەرین و لانی کەمی مافی خۆیان بدەینێ.

ئەوەی بۆ هونەرمەندێکی وەک (عەبدولی حەمەجوان) دەبێت بوترێت ئەو گیانە مرۆڤانە ژیان دۆستیەیە کە ئەو لە هەندێکی دی جیا دەکاتەوە، کەسێک بەتەنگ ئەزموونی کەسەکانی ترەوەیەو باکی بەوە نییە ناوی ئەو هەبێت یان نا و ئەوەی بۆ ئەو گرنگە سەرکەوتن و بڵندبوونی ناوی هونەری کوردییە و هیچی دی. ئەو لەپێناو کەرامەتی هونەرمەند دا کەوتۆتە گێژەنی چەندەها شەڕ و ململانێوە کەچی هیچ کەس لەژێر لێوانیشەوە ئەو راستیە نادرکێنێ. چ ئاستەمە خۆ بۆ کەسانێک ماندوو بکەیت کە ئەوان بێ باکن لەوەی تۆ دەیکەیت و خەیاڵی تر دەماغ و دڵی پێچاون و ئەوە حاڵی مامۆستا عەبدول و هاوشێوەکانێتی لە نێوەندی هونەری و روناکبیری ئێمەدا.

**هونەرمەند (عەبدولی حەمەجوان) یەکێکە لەوانەی لەهەنگاوەکانی سەرەتای دەرکەوتنیەوە تا هەنووکە بە هەناسەیەکی بە تاوەوە بەردەوامی بە ئەزموونی کارکردنی خۆی دەدات و ماندوبوون ناناسێ.**

من وا دەبینم کە تەواوی نەوەکانی شانۆ لەوانەی دوور و نزیک بەر ئەزموونی ئەو پیاوە کەوتوین قەرزاری ئەوین، وەلێ کاممان ئەو حەقیقەتە بە ئاشکرا رادەگەێنین ئەوەیان ویژدان حوکمی دەکات، ئەو هەستە ناوەکییە توندە، گەر ناو و باوی مابێ.

**بریتانیا . هاوینی ٢٠١٢**



شانۆیی گوڵاڵە، حەمە سەعید مستەفا - فریاد خەلیل - عەبدولی حەمەجوان - فوادی محەمەد ئەمین ئاغا ١٩٨٦



حەمەجوان - ماجیدی حەمەجوان ١٩٧٢

# عەبدولی حەمە جوان یان جەنابی موفەتیش



کاروان عومەر کاکەسوور

کاتێ ئەکتەرێک لای جەماوەر بە ناوی ئەو کارەکتەرەوە دەناسرێتەوە، کە لەسەر شانۆ یان لە فیلمدا نمایشی کردووە، ئەوا تەنیا مانای ئەوەیە ئەو ئەکتەرە بە قووڵی تەعبیری لەو کارەکتەرە کردووە و نهێنییەکانی ناوەوەی دەرخستووە. (جەنابی موفەتیش)، کە لە سەرەتای حەفتاکانەوە تاکو ئەمڕۆ (عەبدولی حەمە جوان)ی پێ دەناسرێتەوە، ئەوا بەر لە هەر شتێک توانای داهێنانی ئەو هونەرمەندەمان بۆ دەردەخات. ئەو پارادۆکسە چییە ئەکتەرێک لە ڕێگای نمایشکردنی کەسایەتییەکی نێگەتیڤەوە لای جەماوەر خۆشەویست دەبێت، بگرە گەورەترین دەنگدانەوە دروست دەکات؟ بێگومان لێرەدا چەند فاکتەرێک هەن، لەپێش هەموویانەوە کۆمیدیا. کۆمیدیا هەمیشە ئاڕاستەیەکی دیکەی بیرکردنەوەمان دەخاتە بەردەم و وامان لێ دەکات پشت لەو تێگەیشتنە باوەی خۆمان بکەین، بەو مەبەستەی لاکەی دیکەی ئەو بابەتە ببینین، کە تاکو ئێستا لامان شاراوە بووە. چەمکی موفەتیش ئەگەر لە چەمکی (موفەتیش) ورد ببینەوە، ئەوا بەر لە هەموو شتێک کۆنترۆڵ و پشکنینمان بیر دەخاتەوە، کە مرۆڤ بە سرووشتی خۆی نەک حەزیان لێ ناکات، بەڵکو تووڕیان هەڵدەدات، بەڵام کاتێ چەمکی (موفەتیشی ساختە) جێگای چەمکی یەکەم دەگرێتەوە، ئەوا ئەو ئاڕاستە دژە دەست پێ دەکات، کە دەتوانێت پرسیارمان لا بورووژێنێت. واتە یادەوەریی کۆمەڵایەتیمان تێک دەشکێنێت، بەوەی ئێمە لەو یادەوەرییەدا تەنیا یەک تێگەیشتنی چەسپاومان لەبارەی (موفەتیش)ەوە هەیە، بەڵام ئەوەتا ئەو چەمکە بۆ (موفەتیشی ساختە) دەگۆڕێت. کۆمیدیا چ لای ئەو هونەرمەندە و چ لای هونەرمەندانی دیکەی نەوەکەی شتێکی ڕووکەش و کاتی نییە، بەڵکو قووڵبوونەوەیە لەو بابەتەی بووەتە چەقی کۆمیدیا. بە مانایەکی تر کۆمیدیا حاڵەتێکی ئەنتۆلۆجییە و تێیدا ئەکتەر پرسیارە وجوودییەکانی خۆی ئاڕاستە دەکات، بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بێت. بەم شێوەیە کۆمیدیا بۆ کردنەوەی زیاتری ناخی کارەکتەر و ئازادکردنیەتی لەوەی زۆرترین ڕووبەری جەستە و دەنگی خۆی بە کار بهێنێت، کە ئەمە ڕێگای دەدات کۆنترۆڵی کات و شوێن نەهێڵێت، کە ئەم پرۆسێسە بە ئیستاتیکای گەیاندن ناسراوە. واتە ئەکتەر چۆن لە ڕێگای زمانی جەستەوە هەستە شاراوەکانی خۆی دەگەیەنێتە بینەر و هاوکات وا دەکات ئەوانیش لە بەرانبەر ئەو هەستانەدا کاردانەوەیان هەبێت. ئەگەر سەرنج لەو نمایشە و بە تایبەت لە ڕۆڵی (عەبدولی حەمە جوان) بدەین، دەبینین دیالۆگ، کە سیمایەکی کۆمیدییانەی هەیە، بەسەر شوێندا زاڵە. بە مانایەکی تر لەوێ شوێنی جیۆگرافی بۆ شوێنێکی گریمانی گۆڕاوە، بەوەی ئێمە وەک بینەر هەست ناکەین ئەوان لە ڕووبەرێکی بچووکدا هەڵدەسووڕێن. بەم شێوەیە جۆرێک لە ئیمپرۆڤیزەیشن (ارتجال) لە نواندنی جەستە و گوتندا هەیە، کە نەک هەر دوورە لە کڵێشە، بەڵکو نازانین، یان ناهێڵن لە بیرمان بێت شتێک هەیە بە ناوی تێکست، ئەنجام ئەمە ڕێگای هەر ئەکتەرێکی داوە زیاتر لە ناخی ئەو کارەکتەرەدا قووڵ ببێتەوە، کە نمایشی دەکات، بە تایبەتی (عەبدولی حەمە جوان) وەک گوتمان بە جۆرێک ڕۆڵی (موفەتیشی ساختە)ی دیوە، کە دوای چل ساڵ هێشتا دیمەنەکەیمان لە بەرچاو ماوە.

دەبێت ئەوەیش بزانین، کە نووسەری ئەو شانۆگەرییە، کە (نیکۆلای گۆگۆڵ)ە یەکێکە لە داهێنەرە گەورەکان، بە تایبەتی لە بواری کۆمیدیادا. چ (پشکنەری گشتی) و چ ئەوانی دیکەی وەک (پاڵتۆ)، (لووت)، (گیانە مردووەکان) و زۆری تری توانای ئەو نووسەرە لە پێشاندانی ناخی مرۆڤدا دەردەخەن. (پشکنەری گشتی)، کە باس لە بیروکراسی و گەندەڵی دەکات، یەکەمجار لە ساڵی ١٨٣٦ لە پێتەرسبۆرگ نمایش دەکرێت، تزاری ڕوسیا ئامادە دەبێت و زیاترین چەپڵە ئەو بۆی لێ دەدات، وەک بڵێی گەندەڵی و بیروکراسی دوو شتی ئەزەلی بن و پێوەندییان بە دەستەڵاتەوە نەبێت، کە (گۆگۆڵ) خۆی هەمیشە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەو ڕەخنەیەی گرتووە، بێ ئەوەی (وەک هەندێ لە ڕەخنەگران دەڵێن) ئەو نووسەرە پێچەوانەی زۆربەی نووسەرانی هاوزەمانی هیچ پێوەندییەکی دوورونزیکی بە بیروباوەڕی سیاسییەوە هەبووبێت. ئەگەر (ماکس ڤیبەر) لەسەر ئاستی سۆسیۆلۆجیدا چەمکی بیروکراسی دەکاتە یەکێک لە تێزە گرنگەکانی تیۆرییەکەی و پێی وایە بیروکراسی کۆمەڵگا و دامودەستگاکانی دەوڵەت لە یەکتر دادەبڕێت، ئەوا (گۆگۆڵ)یش پێشتر لەسەر ئاستی ئیستاتیکادا ئەوەی پێشان داوە چۆن بیروکراسی مرۆڤی دووفاقی و تەڵەکەباز بەرهەم دەهێنێت. (گۆگۆڵ) کاتێ ئەو شانۆگەرییەی نووسیوە، تەمەنی بیستوپێنج ساڵ بووە، (عەبدولی حەمە جوان)یش وەک خۆی لە سوێد بۆی باس کردم لە تەمەنی بیستودوو ساڵیدا ئەو ڕۆڵەی بینیوە. هونەر و ترادیشنەڵ بە ڕاستی کاتێ ئەوە لە بەرچاو دەگرین گەنجێک لە ناوەندێکی هونەریی هەژاردا ئەو ڕۆڵەی بەو توانا گەورەیەوە بینیوە دەبێت لانی کەم دوو پرسیار بورووژێنین: یەکەم، بۆچی بواری هونەریی کوردی نەیتوانیوە وەک پێویست سوود لە توانای ئەو گەنجە وەربگرێت و دووەم، بۆچی بواری ڕۆشنبیریمان لەبارەی ئەو داهێنەرەوە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی نەکردووە؟ ئێمە لە سەرەتای هەشتاکان کۆمەڵێک گەنج، یان هەرزەکار بووین لە هەولێر، کە ئارەزووی هونەریمان هەبوو و دەمانویست ببینە هونەرمەند. هەستمان دەکرد لە دەوروبەری ترادیشنەڵی وەک دەوروبەری ئێمەدا مرۆڤ زۆرترین وزە لەوەدا بە کار دەهێنێت، کە بتوانێت کۆتوبەندی کۆمەڵگا تێک بشکێنێت و ببێتە هونەرمەند. ئینجا ئەو وزەیەی بۆی دەمێنێتەوە لە کارە ڕاستەقینەکەی خۆیدا دەیخاتە گەڕ. بەڵێ، کۆمەڵگای ترادیشنەڵی وەک کۆمەڵگای ئێمە نەک هەر هیچ وزەیەک بە هونەرمەند نابەخشێت، بەڵکو بە شەڕێکەوە خەریکی دەکات، کە هیی ئەو نییە. دوای ئەو شەڕە، یان کۆڵ دەدات و یان شەکەت و ماندوو دەست بە کارەکەی دەکات. دەمانگوت مرۆڤ کاتێ لە دەوروبەری ئاوادا دەبێتە هونەرمەند وەک ئەوە وایە دووکانێکی دابنێت و پارچەی فڕۆکەی تێدا بفرۆشێت، لە کاتێکدا نە یەک کەس فڕۆکەی هەیە و نە ڕێگایش دراوە کەس فڕۆکەی هەبێت. ئەو گوتەیەمان بەردەوام دەگوتەوە، کە ڕەنگە هەندێک زیادەڕۆیی تێدا بێت، بەڵام هیچ لەوە ناگۆڕێت، کە هونەرمەندی ئێمە لە چ ناوەندێکی سەختدا دێتە دنیاوە و پێ دەگات. ناکرێت نەپرسین (عەبدولی حەمە جوان) و هونەرمەندانی هاوڕێی چۆن لەناو ئەو دەوروبەرەی لە ڕووی هونەرییەوە نەک هەژارە، بەڵکو وەک نەبوو وایە، ئەو داهێنانە گەورانەیان کردووە؟ لەو پرۆگرامەی بۆ (گەزیزە)ی هونەرمەند کرابوو و من تێیدا بەشدار بووم، ئەوەندەی کات ڕێگای دام ویستم ئەو پرسیارەی سەرەوە بورووژێنم. لەوێ من ئەوانەم بە دامەزرێنەر ناو برد. مەبەستم ئەوەیە ئەو هونەرمەندانە بۆ یەکەمجار هەوڵ دەدەن بنەماکانی نواندن دابمەزرێنن. کۆمەڵێک خەسڵەت لەو نەوە دامەزرێنەرەدا کۆ بوونەتەوە و وایان کردووە لەو سەردەمەدا بە توانای گەورەوە دەربکەون. ئەوانە وەک کەسانی خۆبەخش کاریان دەکرد. هەوڵیان دەدا لە ڕێگای هەندێک تەکنیکی زۆر سادەوە، مەبەستم کامێرا و ئامێرەکانی دیکەی ئەو بوارەیە، بەرهەمی گەورە پێشکەش بکەن. لەو سەردەمە هەر ئەکتەرێک دەیویست تەمسیلی خۆی بکات وەک ئەوەی لە واقیعدا هەبوو، بەڵام بە هەندێک ئیزافەی هونەرییەوە. هەر بۆیە گوتەکانیان دەبوونە ئیدیۆم، بەردەوام دەگوترانەوە و تاکو ئەمڕۆیش دەگوترێنەوە. ئەو سەردەمە شتێک نەبوو بە ناوی هونەرمەندی پلەیەک و پلەدوو، بەڵکو هەموویان هەر پێشەنگ و دامەزرێنەر بوون. بۆ نموونە سەرجەم ئەو ئەکتەرانەی بەشدارییان لە پژمین، خولە چەخماخە، لانەوازان، جەنابی موفەتیش، مەرەزە، بەهاری دزراو، چڵپاو، پیری ئاخرشەڕ، پیسکەی تەڕپیر، فیلەکەی خاوەنشکۆ و زۆری تردا کردووە پێشەنگن. ئەوانە بە هەموو مانایەک داهێنەری یاخین، کە دەیانەوێت لە نەبوونەوە هونەرێکی گەورە دابمەزرێنن. ئەگەر تیۆرەکەی (ئارنۆڵد تیونبی) لە بەرچاو بگرین، کە بە پەلاو و وەڵامدانەوە (Challenge and Response) ناسراوە و پێی وایە شارستانی بەرهەمی شوێنی سەختە،

**ڕاستییەکەی عەبدولی حەمە جوانی هونەرمەند، کە لە هەولێر بە کوڕە جوانەکە ناسرابوو، ئەوەندە ڕۆحسووک و خوێنشیرین بوو ڕێگای نەدەدام ڕقم لە کەسێک بێت، کە فێڵ لە شارێک دەکات**



کاروان عومەر کاکە سور – عەبدولی حەمەجوان – میدیا ڕەئوف بێگەرد – بەکر ڕەشید ساڵی ٢٠١١

# ناکرێت نەپرسین (عەبدولی حەمە جوان) و هونەرمەندانی هاوڕێی چۆن لەناو ئەو دەوروبەرەی لە ڕووی هونەرییەوە نەک هەژارە، بەڵکو وەک نەبوو وایە، ئەو داهێنانە گەورانەیان کردووە؟

ئەوا دەتوانین بڵێین ئەو هونەرمەندە دامەزرێنەرانەی ئێمە لە شوێنێکی وشکوبرنگ، لە دەوروبەرێکی سەختدا پەلاو (ئەحەدا)یان دەکرد و دەیانویست بە هێزێکی گەورەوە هونەری شانۆ و نواندن دابمەزرێنن. من لێرەدا (نەزیهـ شابەندەر)ی دەرهێنەری بەناوبانگی سوریم بیر دەکەوێتەوە، کە لە سییەکان و چلەکان لە میسر بووە و ویستوویەتی بچێت لە وڵاتەکەی، واتە لە سوریا، سینەما دابمەزرێنێت، ئەوان گاڵتەیان لێ هاتووە و پێیان گوتووە تۆ دەچیت لە بیابان سینەما دادەمەزرێنیت، بەڵام ئەو پەلاوی کردوون و گەڕاوەتەوە هەر بە ڕاستی بنەمای سینەمای لە سوریا دامەزراندووە، کە پێشتر چەند هەوڵێکی کەم هەبوون. من خۆم ئەوەم لە گفتوگۆیەکیدا بیست، کە چەند ساڵێک لەمەوبەر لە یەکێک لە کەناڵەکانی فەرەنسا پەخش کرا و هەر ئەو شەوە هەندێک فیلمی ئەو هونەرمەندەیان پێشان دا. بە هەرحاڵ ئەکتەرەکانی ئێمەیش، کە (عەبدولی حەمە جوان) یەکێکیانە، لە حەفتاکان لە بیابان دەیانویست بنەمای شانۆ و نواندن دابمەزرێنن. (عومەر عەلی ئەمین)ی هونەرمەند لە کتێبی (کامێرای چاوەکانم)دا باسی ئەوە دەکات چۆن لەگەڵ (کەمال سابیر)ی هاوڕێیدا بە جێبێکی شڕ لە سلێمانییەوە چوونەتە بەغدا، بەو مەبەستەی پڕۆژەی فیلمێک پێشکەش بکەن، بەڵام دواجار بە دڵشکاوی گەڕاونەتەوە، کە ئەمە هەر خۆی بووەتە هۆی ئەوەی زیاتر لەسەر ئەحەداکردن بەردەوام بن. ئێمە باسی ئەوە ناکەین پێش دەرکەوتنی ئەمسیلی کوردی لە تەلەڤزیۆن چەند بەرهەمی شانۆیی و هیی نواندنمان لە دەرەوە هەبووە، بەڵکو ئەوەی ئێمە دەبێت قسەی لێوە بکەین ئەو ئەزموونەی ئەکتەری ئێمەیە، کە بۆ یەکەمجار لە ڕێگای وێنە (ئیمەیگ)ەوە کۆنتاکت لەگەڵ بینەردا دەکات، کە ئەو سەردەمە وێنە هەندێک تایبەتمەندیی خۆی هەبوو، بەوەی وێنە بەشێکی دانەبڕاوی واقیع بوو، کە لە دنیای ئەمڕۆدا وێنە دەستەڵاتی بەسەر بینەردا هەیە و کۆنترۆڵی دەکات. (دیارە ئەمە باسێکی سەربەخۆیە و لێرە بواری ئەوەمان نییە تێیدا قووڵ ببینەوە)، بەڵام مەبەستم ئەوەیە لە سەرەتای حەفتاکان، کە سەردەمی دەرکەوتنی ئەکتەرە لە تەلەڤزیۆن، وێنە بەشێک بوو لە واقیع. واتە ئێمە کاتێک سەیری ئەکتەرێکمان دەکرد ڕۆڵی شوان یان مامۆستای دەبینی، وەک شوانێک یان وەک مامۆستایەک دەهاتە بەر چاومان و نەماندەزانی ئەو وێنەیە شتێکی دروستکراو و کاتییە، بەڵکو وامان دەزانی ئەو ئەکتەرە هەر بە ڕاستی ئەو پیشەیەی هەیە. بۆ نموونە (گەزیزە) لای ئێمەی بینەر ئەو منداڵە ئێسکسووک و قسەڕەوانە بوو، کە وامان دەزانی بە ڕاستی ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی لە واقیعدا دەبینێت، نەوەک بۆ ماوەیەکی کاتی و بۆ بەرهەمێکی تەلەڤزیۆنی. ئەمەیش وای دەکرد کاریگەریی وێنەکەی لای بینەر گەورەتر ببێت و گوتەکانی ببنە مایەی سەرسامی. یان کاتێ (شادان فوئاد) لەگەڵ گۆرانیی (دوا سەرنج)ی (شەماڵی عەبە ڕەش)ی هونەرمەنددا فرمێسکی هەڵدەڕشت، ئێمە فرمێسکەکانمان دەبینی و دەبووایە لەناو حاڵەتەکەدا بژیێن، بۆ ئەوەی بەشدار ببین. لەو سەردەمە هیچ بەربەستێک لەنێوان هونەرمەند و خودی خۆیدا نەبوو، تاکو ببێتە ڕێگر لەوەی تەعبیری ڕاستگۆیانە لە خۆی نەکات. ئەوان بیریان لای پارە و پلەوپایە نەبوو، بەڵکو خۆبەخش کاریان دەکرد و دەیانویست بە شێوەی قووڵ و سەرنجڕاکێش تەعبیر لە خۆیان و کۆمەڵگاکەیان بکەن. ئینجا چونکە کۆمەڵێک ئازاری گەورەیان بە دەست دامودەستگاکانی ڕژێمێکی دیکتاتۆر و دەوروبەرەکەیانەوە هەبوو، ئەوان خاوەنی خودی بیرکەرەوە بوون و بیرکردنەوەیان قووڵ بوو، بۆیە کاتێ خۆیان دەکردەوە بینەر یان گوێگر هەستی بە ئازارەکانیان دەکرد و خۆیشی ئازاری دەچەشت، کە ئازار سەرەتای بیرکردنەوەیە لە خود و ڕێگایە بۆ داهێنان. وەک ئەوەی هەمیشە لە (جەنابی موفەتیش)دا دەیبینین. داهێنان بەوە ناپێورێت ئاخۆ لە ئاستی داهێنانی جیهانیدایە یان نا، بەڵکو پێوەری داهێنان ئەوەیە تا چ ڕادەیەک کاری لەو واقیعەی خۆی کردووە و تا چ ئەندازەیەک هەوڵی داوە ئەو واقیعە تێپەڕێنێت، ئەنجام تا چ مەودایەک توانیویەتی واقیعێکی نوێ و جیاواز دابهێنێت و بیخاتە شوێنی ئەو واقیعەی هەبووە، بە تایبەتی لە بواری شانۆ و سینەمادا، کە تاکو ئەمڕۆیش کۆمەڵگای کوردی وەک زۆربەی کۆمەڵگاکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی بە پارێزەوە لێیان دەڕوانێت. ئەگەر سەیری واقیعی حەفتاکان بکەین، کە (عەبدولی حەمە جوان)ی تێدا دەرکەوتووە، هەست دەکەین ئەو هونەرمەندە وەک زۆربەی هاوڕێ دامەزرێنەرەکانی شتی نوێی هێناوەتە ناوی، بە تایبەتی لە (جەنابی موفەتیش)دا. هەمان تێکست لە لایەن (تەحیە کاریوکا)، (ئیسماعیل یاسین)، (مەحمود ملێجی) و زۆر ئەکتەری گەورەی تر لە میسر و دواتر لە لایەن (دورەید لەحام) و (نیهاد قەلعی) و کۆمەڵێکی ترەوە لە سوریا دەکرێتە فیلم. من کە لە منداڵییەوە خۆشەویستییەکی زۆرم بۆ سینەمای میسری هەیە، بەڵام ڤێرژنە کوردییەکەم بە لاوە جوانترە، لانی کەم لەبەر ئەوەی کوردییەکە کۆتایی نایەت، بەوەی گەندەڵی، بیروکراسی و فریودان بەردەوام دەبن، بەڵام لەوەی میسرییەکەدا شۆڕش ئەوانە بنەبڕ دەکات و دنیایەکی پاکوبێگەرد دەهێنێتە کایەوە، کە ئەمە فریودانی بینەرە و خەسڵەتی سەرەکیی سینەمای میسری بووە لە سەرەتاوە تاکو ئەمڕۆ، بەڵام دەرهێنەرانی وەک (یوسف شاهین)، (حەسەن ئەلئیمام) و یەک دووانێکی دیکە بە ئاڕاستەی جیاواز لەو ئاڕاستە ستاندارده ئیشیان کردووە. ئەو ئاڕاستە ستانداردە هەمیشە کێشەکان بە سەرکەوتنی خێر و گەڕانەوە بۆ ئایین کۆتایی پێ دەهێنێت. بێگومان ڤێرژنە کوردییەکە زۆر لە سەرووی سوورییەکەیشەوەیە. ئەگەر لە مێژووی سینەمای میسری ورد ببینەوە دەبینین لەگەڵ هیی ئەمریکا و ئەورووپا جیاوازییەکی گەورەی نییە. مەبەستم ئەوەیە ماوەیەکی کەم دوای ئەوان دەستیان پێ کردووە. دەیان ستۆدیۆ و کۆمپانیای بەرهەمهێنانیان هەبووە. ڕۆژێک لە ڕۆژان نەک هەر گرفتی ئەکتەری ژنیان نەبووە، بەڵکو ژنان لە بیستەکان و لە زووتریشەوە پێشبڕکێیان لەسەر ئەوە کردووە کامیان لەو بوارە وەربگیرێت و زۆریان لەسەر داهاتی کارەکانیان ژیاون. تەعبیر لە خەڵکە میللیەکە ژنێکی وەک (عەزیزە ئەمیر) لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستەمدا خەریکی دەرهێنانی فیلم بووە. لە شارەکەی (عەبدولی حەمە جوان)دا، کە لە هەموو شارەکانی دیکەی کوردستان پێشکەوتووترە تاکو ناوەڕاستی حەفتاکانیش لەبەر نەبوونی ژن لە بواری شانۆ و نواندندا پیاو ئەو ڕۆڵەی بینیوە. دیارە (بەدیعە دارتاش)، (گەزیزە)، (دایکی ئاریان)، (ئەختەر کەریم)، (شادان فوئاد) و یەک دووانێکی تری ئەو سەردەمەم لە بیر نەچووە، بەڵام ئەو ژمارەیە بە داخەوە زۆر زۆر کەمە. دیسان بۆ ئەو شوێنە دەگەڕێمەوە، کە تێیدا گوتم (عەبدولی حەمە جوان) و هاوڕێکانی ویستوویانە لە ژینگەیەکی وشکوبرنگدا گەورەترین وزەی خۆیان بخەنە کار، تاکو پەلاوی هەموو بەربەستێک بکەن و بەرهەمی گەورەمان پێ ببەخشن. ئەگەر (عەبدولی حەمە جوان) و زۆر ئەکتەری تر لەسەر ئاستی میللیدا هێندە بەناوبانگن و کەم کەس هەیە لە خوێندەوار و نەخوێندەوار نەیانناسێت، ئەوە لەبەر ئەوە نییە ئەوانە هونەرمەندی میللین، بەڵکو لە لایەک لەبەر ئەوەیە زۆر بە وردی تەعبیریان لەو خەڵکە میللییە کردووە و لە لایەکی تر ڕەخنەی هونەریی ئێمە وەک هەموو بوارەکانی تر لاواز بووە و نەیتوانیوە نهێنییەکانی ئەو هونەرمەندانە دەربخات. نووسین ئەو ڕێگایەیە، کە ئێمە دەتوانین جیاوازییەکانی خۆمانی لێ بدۆزینەوە و جیاوازیی دیکەی لێ بەرهەم بهێنین، بەڵام بە داخەوە ڕۆشنبیریی ئێمە تا ئەم ساتەیش هەر زارەکییە. من لە دانمارک لە کتێبخانە کارم دەکرد. بەشێکی تایبەت لەبارەی ژیانی هونەرمەندانەوە هەبوو. بۆ نموونە کۆمەڵێک کتێب لەبارەی ژیانی (مارلین مۆنرۆ)، (سەلڤادۆر دالی)، (ماریا کالاس)، (ئێلڤیس پریسلی) و زۆری دیکەوە هەبوون. ئەوانە هەوڵیان داوە نەک هەر کۆمەڵێک نهێنیی ئەو هونەرمەندانە بدۆزنەوە، بەڵکو وایان لە خوێنەریش کردووە بە شێوەی دیکە لێیان بڕوانێت و خۆیشی بە دوای کۆمەڵێک نهێنیی دیکەیاندا بگەڕێت. کەواتە نووسین وا دەکات هونەرمەند بە شێوەی جیاواز لەوەی لە ئاستی میللییدا بینراوە، ببینرێت و بیری لێ بکرێتەوە، بەڵام کوا ئەو کتێبانەی، نەخێر، کوا ئەو گوتارانەی لەبارەی (بەدیعە دارتاش)، (گەزیزە)، (شادان فوئاد)، (ئەختەر کەریم)، (نیگار حەسیب قەرەداغی)، (میدیا بێگەرد)، (فرمێسک مستەفا)، (شلێر کۆیی) و زۆری ترەوە نووسراون؟ وەرە (هەزار!!)ت پێشان بدەم، ئەگەر سڕینەوەیانت دەوێت. من بۆیە تەنیا ناوی هونەرمەندە ژنەکان دەهێنم، چونکە شەڕی ئەوانە لەم کۆمەڵگا ترادیشنەڵەی ئێمەدا زۆر لە هیی هونەرمەندە پیاوەکان سەختترە.

لەو گفتوگۆیەی (دانا فایەق) لەگەڵیدا کردووم و لەژێر ناونیشانی (مناڵێک بە دزییەوە کتێب دەخوێنێتەوە)دا چاپ کراوە، یەکێ لە پرسیارەکانی ئەوەیە، ئاخۆ لەپاڵ کتێب و نووسەراندا چیی دیکە کاریگەریی لەسەر من هەبووە. لەوێ باسی ئەو شانۆگەری و تەمسیلیانەم کردووە، کە تێڕوانینی منیان لەبارەی خۆم و دنیاوە گۆڕیوە. لەبارەی (عەبدولی حەمە جوان)ەوە گوتوومە: ((ڕاستییەکەی عەبدولی حەمە جوانی هونەرمەند، کە لە هەولێر بە کوڕە جوانەکە ناسرابوو، ئەوەندە ڕۆحسووک و خوێنشیرین بوو ڕێگای نەدەدام ڕقم لە کەسێک بێت، کە فێڵ لە شارێک دەکات، یان ڕەنگە هەر خۆی فێری ئەوەی کردبێتم، کە گوناهی ئەو نییە، بەڵکو دەستەڵاتی گەندەڵ خۆی موفەتیشی ساختە دروست دەکات. لەوانەیە پێی گوتبێتم ئەو فێڵی لەو فێڵبازانە کردووە، کە شار بەڕێوە دەبەن.)

١٠, ٠٨, ٢٠١٢



شانۆیی جەنابی موفەتیش، فوادی محەمەد ئەمین ئاغا – عەبدولی حەمە جوان – تەها باراوی سالّی ١٩٧١

## لەگەڵ ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا


ژین
خاوەنی امتیاز :
کاکەی فەلاح
سەرەك نووسین :
عبدالقادر بەرزنجی
...یەکی وێژەییە لە سلیمانی دەردەچێت
...چاپخانەی کامەرانی لە سلیمانی لە چاپ دراوە
...٨ سالی ١ (نرخی ٢٠ فلسە) پێنج شەممە ...١٩٧١/١/٢٨

# ٤ چوار پرسیارو عەبدولی حمە جوانی هونەرمەند



هونەرمەند لاو عەبدالکریم حمە تۆفیق یەکێکە لەو کەسانەی لەگەڵ شانۆدا ئەژی، بەسەلیقەو بەهرەدارە لەساڵی ١٩٦٨وە بەتەواوی بەشداری نواندنی کردو تائێستا زۆربەی ئەو شانۆگەریانەی لەسلێمانیدا پێش کەش کراوە لەبەشداری کردووەو سەرکەوتنی وەدەست هێناوە، بڕیارو ئەنجام خەباتی کرێکاران کاوەی ئاسنگەر. کێچ، ٥ کەس لەئوتێلێکدا، جەنابی موفەتیش، تەپلە ڕەش، بلیت و زاوا، تاوانێک لەئاسمان، بازرگانی ڤێنیسیا، پژمین، ساراخان، چاوی ڤێتنام، بەشداربووە. هەروەها حەزیش لەدەرهێنان ئەکات شانۆگەری کچی خۆمەو نەیفرۆشی دەرهێناوە لەساراخانیشدا بەشداری دەرهێنانی کردووە ئێستا ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردیە.

١-ئایا چیرۆکی وەرگیراو باشە یاخۆماڵی و بۆچی
٢-چۆن ئەتوانین بینەری شانۆی تەواو بهێنەکایەوە
٣-بەهێزترین شانۆگەری کەخۆت بەشداریت تیا کردبێ کامەیە، بۆچی بەبەهێزترینی دائەنێی
٤-چۆن هونەری شانۆی کوردی هەڵئەسەنگێنن؟

١-بەلای منەوە وەرگیراو بەمەرجێ ئەگەر بگونجێت لەگەڵ باری ئاسای کۆمەڵەماندا باشترە چونکە بەداخەوە ئەڵێم کەچیرۆکی خۆماڵیەکان زۆر کەمە نووسەرەکانمان ئەوەندە بایەخ نادەن بەنوسینی شانۆگەری

٢-بۆ بەدیهێنانی ئەم مخەبەستە ئەگەڕێتەوە ئەستۆی تیپە هونەریەکان ئەویش بەپێشکەش کردنی بەرهەمی بەهێزو پوختەو ڕاهێنانی بینەران بۆ بینین شانۆگەری بەکەڵک لەهەموو ڕویەکەوە

٣-بەلای منەوە ئەو بەرهەمانەی هاوبەشیم تیاکردوە هەمووی بەهێزە چونکە هەریەکە تامێکی تایبەتی هەیە جگە لەوەی جێ خۆی کردۆتەوە لەلای بینەران.

٤-لەگەڵ ئەو هەموو کەم و کوڕیانە دێتە ڕێگای شانۆگەری کوردی چی لەنەبوونی ئانۆ تاچیرۆک و ئافرەت و چەندەها کۆسپی تر ئەتوانم بڵێم هونەری شانۆی کوردی قۆناغێکی زۆر باشی بڕیوە لەهونەری شانۆیدا کەئەمەش شوێنی شانازییە ئەگەر بهاتایە ئەو کۆسپانە نەبونایە ئێستا هونەری شانۆی کوردی لەقۆناغێکی تردا ئەبوو.

**ڕۆژنامەی (ژین) ژمارە (١٤٩) ١٩٧٤/٢/٢٨**

# لەگەڵ گۆڤاری (ئێستا)



*حەز دەکەم لەبۆچونێکی (ستانسلافسکی)یەوە سەبارەت بەئەکتەر، دەست بەگفتوگۆکەمان بکەین. کەپێی وایە دەبێت ئەکتەری نموونەیی بتوانێت ڕەهەندی سایکۆلۆژی ڕەهەندی سروشتی و کۆمەڵایەتی کارکتەر لەسەر شانۆ بەرجەستە بکات؟

-بێ گومان من ئەو کارانەی کردوومە پابەندن بەڕێبازی ستانسلافسکی چونکە من قەناعەتم بەو بۆچوونە تیۆریانیە ئەو هەیە سەبارەت بەئەکتەر، و زۆر پابەندم بەو حاڵەتانەی کەباسی دەکات لەئەکتەرداو هەوڵمداوە بەرجەستەی بکەم، بەراشکاوییەوە دەڵێم: ئەوانەی کەباس لەتازەگەری دەکەن لەشانۆدا ئەگەر موتاڵای... ستانسلافسکی نەکەن، ئەوا بەهەڵەداچوون و من بەهۆی ئەم قوتابخانەیەوە پەیوەندیەکی قوڵ و ڕۆحیم لەگەڵ بینەردا دروست کردووە.

*ئەو نمایشانەی بەناوی ئەزمونگەریەوە دەکرێت تا چەند بنەمای ئەزموونەگەریان تێدایە؟

-سەبارەت بەکارەکانی خۆم چەند ئیشێکە (سمکۆڵانی ئەسپەشێ، لەمردن گەرایەوە، سزاو تاوان، وەک درامای تەلەفزیۆنیش (بازنەی تەنیایی- شار- گەڕانەوە- وڵاتی بێ ئاسمان) ئەمانە وەک ئەکتەر بەشداریم تێدا کردوون. کاەرکانی من زیاتر واقیعی بوون بەڵام وەک ئەزموون نوێخوازی بوون، ئێمە ئەمرۆ باس لەئەزموونێکی نوێ دەکەین لەشانۆی کوردیدا، بەڵام دەبێت بپرسین ئێمە چ ئەزمونێکی نوێخوازیمان دەوێ ئەگەر نەتوانین بنەمایەکی تایبەت بەشانۆی کوردی بدۆزینەوە بێگومان ئەو ئەزموونانەی دەیکەین ناتوانین تەجاوزی حاڵەتی خۆمان بکەین، ئەزموون لەڕووی دەرهێنان -فەزا- سینۆگرافیا-ی نمایشەوە تەنانەت جەستەی ئەکتەرو بەکارهێنانی موفرەدە، بەڵام ئێمە وەک تەقلید هەندێ شت دێنینە سەر شانۆ کەبینەر نامۆ دەکات بەشانۆ، دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی هەندێ ئەتروحە دەکرێت بەناوی ئەزموونی نوێوە لای بینەر بەشێوەیەکی تر دەوێنەوە، جگە لەوە ڕەفزی زۆر شت دەکەن (ڕەفزی دەق- ڕەفزی بینەر) ئێستا دەبێت من لەتۆ بپرسم ئایا بینەر، دەق، ڕەگەزی گرنگی شانۆنین؟

(پیتەر بروک) کەدەق تێک دەشکێنێ دەزانێ چۆن بوونیادی دەنێتەوە، لای (پیتەر بروک) تەکنیکێک هەیەکە سەرجەم کارەکە ناهێڵێت بەرتەوازە بێت، من نمایش هەیە دەقەکەم خوێندۆتەوە تێگەیشتووم کەلەسەر شانۆ بینیومە نەمزانیوە باسی چی دەکات... زۆرجار دەکەومە گومانەوە چونکە ڕەچاوی هیچ میتۆدێک ناکرێ.

ئێمە کەشانۆی (دیوار)مان کرد هەمونێزە فەلسەفییەکانی ژن پۆل سارتەرمان کردە سەر شانۆ، بەڵام لەزۆربەی ئەم نمایشانە تێ ناگەم بینەری ئێمە ئەو هۆشیارە نییە بۆیە پەنا دەباتە بەرکاری (تەهریج) و ئیدی بینەر لەشانۆ ون دەبێت. کاک هۆرین غەریب لەچاوپێکەوتنێکدا دەڵێ (هونەری کوردی دیوارێکی ڕزیوەو بنەمای نییە) من لەو باوەڕدا نیم هیچ شتێک بێ بنەما بێت، ئەگەر تۆ بەدیوارێکی ڕزیوی دەزانی، فەرموو دیوارێکی نوێ دروست بکە، من وەک خۆم ناتوانم ڕەفزی هیچ شتێک بکەم، چونکە هەر ناوچە کەشانۆی نییە. ئێمە کەلەتوورمان هەمووی داگیرکراوە چۆن دەتوانین شانۆمان هەبێت.

***سازدانی:عەبدوڵڵا ئەحمەد،گۆڤاری ئێستا ژمارە ٢٠، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم**

# *لەگەڵ گۆڤاری (پێشکەوتن)



*پێشکەوتن: لەکوردستاندا ئێستا زۆرترین درامای بیانی دۆبلاژ دەکرێت و لەکەناڵە کوردییەکان پەخش دەکرێت، بەرای تۆ هۆکاری ئەمە چییە؟


عەبدولی حەمە جوان: دۆبلاژکردن کارێک باشە، لەسەرتادا دۆبلاژکردن لای ئێمە زۆر لاوازبوو بەڵام ئێستاکە دۆبلاژ دەکرێت، هەست بەوە دەکرێت کەپێشکەوتنێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە لەکوردستاندا وەک کارەکانی لوبنان و میسرو ئێران پێشکەوتووە لەکوردستاندا کاری دۆبلاژکردن خەریکە دەبێتە هونەرێکی تایبەت و کاریگەری خۆی هەیەو بەلای منەوە زۆر ئاساییە، بەڵام خۆزگە کارێک دۆبلاژ بکرێت کەلەگەڵ دابونەریتی ئێمەدا بگونجێت و خزمەت بەکۆمەڵگاکەمان بکات، خزمەت بەم سەردەمەی ئێمە بگەیەنێت، هەموو کارێک دۆبلاژ نەکرێت کەناراستەوخۆ کاریگەری خراپی هەبێت لەسەر کلتوورو ژیانی کۆمەڵایەتی و پرسی نەتەوایەتی ئێمە.

*پێشکەوتن لەکوردستاندا کاری هونەری وەک پیشە سەیر دەکرێت یان خولیای هونەرمەندە؟

عەبدولی حەمە جوان: کەباس لەحرفە کار دەکەی ئەوەیە کەهونەرمەند هەموو ژیانی خۆی تەرخان بکات، بۆکاری ئەکتەریەکەی لەلای ئێمە هونەر حرفەنییە تاببێتە سەرچاوەی ژیانی هونەرمەند خۆزگە دەبوایە بەحرفەیی، بەو مانایەی کەهونەرمەندیش لەسەر بەرهەمەکەی بژیایە، لەوکاتەدا کارەکان زۆر باشتر دەبوون، زۆر دەگۆڕدرا واتە زۆرێک لەکارەکان سەرکەوتوو دەبوون، بەڵام لای ئێمە هونەرمەند یا کارمەندە یاخود دوکاندارە یا کرێکارە دەبێت واز لەکارەکەی بێنێت، تا بتوانێت کاری هونەریەکەی بکات، هونەریش نەبۆتە سەرچاوەی بژێوی ژیان لەکوردستاندا.

***گۆڤاری (پێشکەوتن) ژمارە (١٦١) ئۆکتۆبەری ٢٠١٠, دیمانە:ئەدگار محەمەد**

# لەگەڵ گۆڤاری (هونەری نوێ)



*سەرەتا بابزانین ( عەبدولی حەمە جوان( کێیە؟
-عەبدولی حەمە جوان شانۆکاری کوردە، خولیای هونەری کوردییە، دراما بەتایبەتی پانتاییەکی گەورەو کاریگەری لەژیانمدا داگیرکردووەو ٣٧ ساڵی تەنم تەرخانکردووە بۆ کارکردن بەشانازییەوە. بەردەوام لەگەڵ هاورێ کانم لۆ بەرجەستەکردنی پەیامی پیرۆزی هونەری کوردی بەتایبەتی و مرۆڤایەتی بەگشتی، تائێستاش بەردەوامم لەو کۆششەوە بەردەوامیش دەبم تاجەستەو رۆحی توانای بەخششمان هەبێت، نازناوی عەبدولی حەمە جوانم لەلایەن جەماوەرەوە پێ بەخشارو هەربەوناوەشەوە ناسرام.

*ساڵانێکی زۆرە لەبواری هونەردا کار دەکەیت و تەمەنێکی زۆرت لەو پیناوەدا بەخشیوە، لەدەرئەنجامدا چی لەهونەر گەیشتیت؟
-هونەر دەریایەکە لەمەعریفە من هێشتا زۆرم ماوە تالەهەموو بنەماکانی هونەر بگەم، وەک ئاماژەم پێکرد ئەو دەریا فراوان و قووڵەی هونەر ئاگایی زۆری دەوێ بەدواداچوون و گەڕان و لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەو کارکردنی دەوێت تازیاتر لەسیحرو ئەفسانەو زانستی هونەر بگەیت، ئەو عەشقە سەرسامی کردووم بەرامبەر بەگەورەیی و مەعریفەو زانستی مەزنی ئەم سونبلە پیرۆزەی مرۆڤایەتی.

*بۆچی بەو تەمەنەوە هێشتا سەرگەرمی کاری هونەریت هونەر واز لەتۆ ناهێنێ یاتۆ واز لەهونەر ناهێنیت؟
-بێگومان هەموو شتێک تەمەنی هەیەو لەقۆناغێکدا مرۆڤ دەستەوەستاتن دەبێ بەرامبەری بەڵام هونەر تەمەن نازانێ و هەمیشە لاوێتی دەبەخشێتە هونەرمەند بۆیە دەڵێم هونەرمەند کەوازی لەهونەر هێنا رۆح عاشقێکی ئەو رۆحە جەستەو رۆحم هەرلاوە هەر گیز دەستبەرداری نەبم، مەگەر مردن کۆتایی بەم عەشقە بهێنێ

*بەبۆچوونی بەرێزت هونەرمەندە لاوەکان تاچی ئاستێک توانیویانە نوێگەری لەکاری هونەری ئەمرۆدا بهێننە ئاراوە؟
-هونەرمەندە لاوەکان هیوای دوارۆژی هونەری کوردین، من چاوەراوانی ئەوەیان لێدەکەم کەزۆر لەخەونەکانی ئێمە کەنەمانتوانی بەئاکامی بگەیەنین ئەوان بینە خاوەنی بەڵام بەم خەمساردی و دوورکەوتنەوەو فەرامشکردنی شانۆ لای زۆرینەی هونەرمەندە لاوەکانی هونەری شانۆ بێ ئومێدییەک دروستدەکات لای ئێمەی هونەرمەندە دێرینەکانی شانۆ بەژمارە زۆر لەلاوە هونەرمەندەکان کەساڵانە پەیمانگای هونەرجوانەکان بەشی شانۆ تەواو دەکەن، کەچی بەدەگمەن لەبواری شانۆدا کار دەکەن، هەرچەندە بواری کارکردن و ئیش زۆر ئاسانترو لەبارترە لەزەمەنی ئێمە گەر بەراوردی بکەی زەوی و ئاسمانی جیاوازی هەیە. من دەڵێم ئەوەی کار دەکەن کۆمەڵێک لاون هەندێ دەرچووی پەیمانگایەو هەندێکیان هونەرمەندی بەسەلیقەو لێهاتوون. داواشم لەلاوەکانی تری هونەر هەیە خەونەکانی هونەر فەرامۆش نەکەن، چونکە ئێستا هەموو زەمینەیەک لەبارە بۆ کارکردن و نوێکاری و داهێنان.

***گۆڤاری (هونەری نوێ) ژمارە (٨) شوباتی ٢٠٠٦.**
**دیمانە:زانیار سەردار**

# لەگەڵ گۆڤاری (ئاوێنەکان)

*وەک بیستومانە دەڵێن منداڵێکی لەسەرخۆ بوویت، بەڵام جاجارشە شەڕت کردووە وایە؟
-ژیانی منداڵیم وەک هەموو ئاسای بووەو راستە هەمیشە هێمن و لەسەرخۆ بووم جارجارەش لەگەڵ هاورێکانم یاری هەڵماتێن و تۆپتۆپێن و پێشبڕکێی راکردن و مزراحێنمان دەکرد، جگە لەیاری لاسایکردنەوەی فیلمەکانی ئەوکاتە بەتایبەت شەڕە شمشێرو شەڕە دەمانچەی منداڵان لەگەڵ ئەوەی حەزم لەسینەما بوو بەزەڕەبین و تەنەکەو ئاوێنە فیلمی پارچە پارچەیی یان تاکە تاکەی سینەما کەلەبازاڕ دەمانکڕییەوە پیشانی منداڵانی گەڕەکم دەدان لەکاتێکدا دایکم دەچوو بۆ بازاڕ ماڵەکەمانم پڕ دەکرد لەمنداڵانی گەرەک و فیلمم نیشان دەدان، جگە لەوەی کەوێنەی هەموو ئەستێرەکانی سینەماو ریکلامی فیلمە سینەماییەکانم کۆدەکردەوەو زۆر بەلامەوە گرنگ بوو بەپارە دەمکڕی یان دەمگۆڕیەوە لەگەڵ ئەو منداڵانەی کەهەمان حەزی منیان هەبوو بۆ سەیر کردنی لەگەڵ ئەو شانۆییانەی نمایش دەکران

***گۆڤاری (ئاوێنەکان) ژمارە (٢٥) لە ٢٠٠٩/٦/١٥.**
**دیمانە:موحسین یاسین**



# لەگەڵ گۆڤاری (گوڵان)



*دوای ساڵانێکی دوورودرێژ لەخزمەتکردنی هونەر، ئایا ماندوونەبویت؟
-نەخێر.. من هەمیشە تەختەی شانۆم بەو ماڵە زانیوەوکەپشووی خۆمم تێدا بدەم هونەر ئەو رێگا پیرۆزە بوو کەمن لەرێگایەوە توانیم خزمەت بەهونەری رەسەنی نەتەوەکەم بکەم بۆیە من بێ هونەر ماندوو دەبم.
*ئەگەر بۆ سەرەتاکانی کاری هونەری بەرێزت بگەڕێینەوە بەتایبەتیش لەدرامای جەنابی موفەتیشداو لەوەسەردەمەدا توانیوتە گۆمی سیاسەت بشڵەقێنی و بچێتە دنیای رەخنەی سیاسیەوە ئایا بەم هەنگاوەت ویست و چ پەیامێکت ئاراستە بکەیت؟
-لەدۆزی کوردا سیاسەت بەمەبەستی ئامانجی نەتەوایەتی کورد دێتە پێش لەهەموو ئەو خاڵ و بڕگانەی کەتەواکەری سیاسەتە لەدنیادا هەرلەم دەرگایەوە پەیامی هونەرمەندی کورد دەچێتە قاڵبی پڕاوپڕی ئامانجی سیاسییەوە چونکە سیاسەت و هونەر لەیەک تێڕوانینەوە یەک دەگرنەوە کەئەویش بەدیهێنانی خەون و هیوای مرۆڤی کوردە کەواتە منیش وەک تاکێک وەک مرۆڤێکی کورد دەبێت کارە هونەرییەکانم گەیاندنی ئەو پەیامە بێت کەئاوێنەی سیاسەتی کوردەو وەک هەموو هونەرمەندانی کورد کارە هونەرییەکانم خەرمانی خۆشەویسی پێ بەخشیوم.

***گۆڤاری (گوڵان) ژمارە (٤٦٧) لە ٢٠٠٤/١/١٥.**
**دیمانە: ئاوات مەحمود سەعید**

# لەگەڵ گۆڤاری (٢٧)ی مارس

*بێگومان هەریەکەو شانۆ یاخود بوارێکی هونەری ئەرخان دەکاث بۆخۆی، هەریەکەو بەشێوەیەک دەڕوانێتە شانۆ بابزانین وەکو شانۆکارێک کەئەزموونێکی زۆرث هەیە لەو بوارەدا، کەسەرەتا شانۆث دەستنیشان کرد بۆئەوەی ببێتە پیشەی تۆ، بزانین چۆن دەڕوانیتە شانۆو ئامانجث لێی چی بوو؟

– ئێڕوانین من بۆ شانۆ ئەگەر بڵێم بەڕێکەوث بوو، مامۆستا عەبدولقادر نەبوایە، پەیمانگای مامۆستایان نەبوایە بێگومان من شانۆکار نە ئەبووم بەرێگای رێکەوث من بووم بەشانۆکار.

من شانۆ وەکو دۆزێک لەلام دروستبوو بەراستی وەک مەسەلەی میللەتەکەم لەلام دروسث بوو ئائێستا شانۆ لای من مەسەلەیەکە ئەو خۆشەویستیە کەبۆ شانۆ هەمە لەروانەگەی مەسەلەی نەتەوەکەمەوەیە، نەتەوەکەم بەشێکە لەمرۆڤایەتی لەپێشەوە سەیری نەتەوەکەم ئەکەم ئینجا بۆ مرۆڤایەتی ئەگەر نەتەوەکەم نەبێث مانای وایە مرۆڤایەتیش بۆ ئێمە کاریگەری نییە لەبەرئەوە وەکو شانۆ ئێستاش لەروانگەی ئەو مەسەلەیەوە تێی ئەڕوانم ئەوەش کاریگەری لەسەرم هەبووە. کەوا بەردەوام بم وبەخزمەتێکم داناوە بۆ میللەتەکەم ئەو کارانەی کەبەشداریشم تێدا کردوون گەواهی ئەو راستیەن چونکە شانۆ بێ رووداو شانۆ نییە، بەتەمەنم ٤٢ ئیشی شانۆییم هەیە ئائێستا جگە لەبیسث بەرهەمی تەلەفزیۆنی و سینەما کەکارم تێدا کردوون زۆربەی کارەکانیشم مرۆڤایەتییەو زیاتر لایەنی نەتەوایەتی تێدا رەنگیداوەتەوەو خۆشەویستم بۆ شانۆ لەو روناگەیەوەیەو ئەگەر شانۆ لەو بابەتانە دابڕێث من شانۆکار نیم و کاری هونەریش ناکەم.

*بێگومان لەو ماوەیەی کەتۆ دەسث داوەتە کارکردن، هەروەکو ئێستا کۆمەڵێک هەبوون هەریەکەو بەرێچکەیەک کاری کردووە بۆ نموونە مامۆستا ئەحمەد سالار بەرێچکەیەکی تایبەتی خۆی کاری کردووە، بابزانین تۆ شیکردنەوەو راڤەکاریث بۆ ئەو باسە چی یەو چۆن دەڕوانیتە ئەو رێچکانە کەلەو ماوەیەدا کاری پێکراوە؟

–حەز دەکەم یەک حاڵەث هەیە من باسی بکەم و بیخەمە پێش چاوی خوێنەران مەسەلەی رێچەکەو تایتڵ و ستایڵ و ئەوەی کەناوی بنێین بەرنامە. بێگومان ئێمە ناوەکانیان ئەگۆڕین بەپێی زاراوەی کتێب قسە ئەکەین بۆ ئەوەی لەخەڵکی بگۆڕین. لەشانۆی کوردیدا بەرنامەڕێژی نییە تائێستا دەرهێنەرێک نەبووە جگە لەکامەران رەئووف بەیەک بەرنامە کار بکاث. حسێن میسری بەیەک بەرنامە کار دەکاث، بەرنامەیەک لەکارکردنیدا هەیە ئەوانەی لەگەڵیانا ئیشم کردوە مامۆستا ئەحمەد سالار هەموو کارەکانی زیاتر واقیعی بوو لەسەر رێبازی ستانسلاڤیسکی ئیشی کردووە دوابەدوا لەپڕ هەموو شێوازەکەی گۆڕی و کاری برێختی دەکردو پاشان لەقۆناغێکی تردا تەرزێکی خۆی دروسث کرد لەسەر شێوازی عەبدلکەریم بەرشید لەشانۆی ئاهەنگ سازی کۆمەڵێک ئیشی کرد وەک کاتێک هەڵۆ بەرز ئەفڕێ و نالی و خەونێکی ئەرخەوانی. کامەران رەئووف ئیشی واقیعی ئەکاث، چیخۆف و شەکسپیر دەکاث لەئیشەکانی کامەران سینەما ئەبینرێث چونکە خۆی کادرێکی سینەماییە زیاتر بەڵام من یەک حاڵەتم و منیش تانەث هەندێ جار بەشانۆی توندتیژی ئیشم کردووە جارێک پەلاماری ئیشێکی ترم داوە. هەر کەسێکمان دێین بەبێئەوەی قۆناغێک بێتە پێشەوە بەو قۆناغە کار دەکەین هەر مۆدەیەک بێتە پێشەوە بەو مۆدەیەیە ئیش دەکەین بێئەوەی بیربکەینەوە لەمەنهەنجێک ئەمرۆ قۆناغی ئێمە وەک شانۆکارێک چی ئەواتوانین بکەین هەریەکەو لەو قۆناغانەی کەدروسث بووە لەیۆنانەوە تائێستا شێوازی کارکردن و ئەو قوتابخانەو مەزهەبانەی کەدروسث بووە کۆمەڵگاو گۆڕانکاریەکە ئەو شتانەی دروسث کردووە.

دوای جەنگی جیهانی دووەم شەپۆلی بوو نگەرایی و پوچگەریایی هاتەکایەوە ئەوە زەمەنەکە دەیهێنێتە بوون. بەڵام ئێمە بێئەوەی قۆناغەکەمان ئەو قۆناغە بێث ئەچین بەو کاردەکەین و وادەزانین ئێمە بەوە تازەگەری دەکەین کەوانی یە شانۆی کوردی بەشێوازی واقعی کاری کردووە، بەشێوازی برێخث کار کراوە، بێ ئەوەی واقیعی چ برێخث بێ.

باسی نامۆبووبن کراوە لای برێخث، برێخث کەهاتووە رەفزی رێبازی ئەرستۆتالیسی لەشانۆدا نەکردووە بەڵام سودی لێ وەرگرتووەو لەکۆمەڵی شتدا پێشکەشی کردووە برێخث پشتی بەنامۆبوون و جەدەلیەث بەستووە، تائێستا جەدەلیەث لەشانۆی ئێمەدا نییە برێخث لەبەرئەوەی خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەکی فکری بووە هاتووە ئەو ئایدیۆلۆژیەی تەرح کردووە لەنێوان کرێکارو بورژواداو بۆرژوا هاتووە موناقەشەی کردووە، بەڵام لای ئێمە وانییە بەڵکو وەکو رووکەش پێشکەشمان کردووە بۆئەوەی بڵێین ئەمە تازەگەرییە بێی ئەوەی ئەوە لەخزمەث قۆناغەکەماندا بێث و بەبێ بوونی مەعریفەیەکی باش دەسث دەدەینە بەرهەم و شێوازەکان بۆ نموونە لەکاتێکدا شانۆی هەژار هاتووە ئەبێ ئەوە بزانین کەهەروەها نەهاتۆتە ناوەوە بەڵکو بۆ ئەوە هاتووە کەوا هەندێ فەنتازیاتی شانۆ هەیە لاییاث بۆ ئەوەی لایەنی مرۆڤایەتیەکە تەرح بکاث واتە کۆمەڵێ حاڵەث هەیە کەلەخۆمانەوە چەواشە بووین چونکە بەرنامەمان نییە لەکارکردندا قۆناغێک تەواو ناکەین رائەکین بۆ قۆناغێکی تر سەرسامم بەو کەسانەی کەبەیەک شێواز کار دەکەن و تەرزێکی تاییەث بەخۆیان دۆزیوەتەوەوە پابەندی پرەنسیپەکانی شانۆ بێث. بۆیە ئەمانە وای لێکردووین بەموتەلەقی نامۆبین و لێمان بتەکێتەوە، واتە شتەکان لەدابڕان دایە من شانۆییم بینیوە سێ سەعاث بووە بیسث دەقیقە توانیم ئیلتیقای لەگەڵدا بکەم، پاش بیسث دەقیقە دابڕام ئەی ئەگەر من دابڕام کەسێکی موتەلەقی کەدووربێ لەشانۆ چۆن دانابڕێ؟

لەپڕ ستانسلافسکی هاث وتیان ستانسلافسکی وائەڵێث ئێمە ئەمانوث وا ئەڵێث. خوایە ستانسلافسکی کێیە کەخوێندمانەوە ئەوسا لێی تێگەیشتن پاشان مایەر هۆڵد هاث و برێخث پەیدابوو لەپڕ چەندەها میتۆد تەرح کران بەبێ ئەوە هیچیان بگەنە ئەنجامێکی دراسی و عیلمی لەسەر ئسلوبی کارکردن ئێستا ئارتۆی قوربەسەر لەناودایە نازانم ئیتر ئارتۆش چی لێ بەسەردێث.

*سازدانی⁄شۆڕشو ئاکام ، ژمارەی تاییەث بە رۆژی جیهانیی شانۆ، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆشنبیری‌و هونەری سلێمانی ، ساڵی ١٩٩٩.




فۆتۆ: سالم صلواتی

# عەبدولی حەمە جوان.. گەنجێکی خاوەن تەمەنێکی گەورەی پڕ لەداهێنان




بەڕێز مەجید

شانۆیی مردنی دێوەرێک ساڵی ٢٠٠٦



عەبدولی حەمەجوان و بەڕێز مەجید



زۆرکەمن ئەوانەی لەزەمەنی خۆیاندا داهێنەرن و ئەشتوانن لەگەڵ نەوەکانی خۆشیاندا بەداهێنەری بمێننەوەو پردێکی پـتـەوی لێک گەیشتن دروسـت بکەن و بتوانن ئەزموون و تواناکانی خۆیان بخەنە خزمەتی نەوەکانی دوای خۆیان و قبوڵی ئەو یاخیبوونە گەنجانەیە بکەن کە نەوەکانی دوای خۆیان هەیانە دژ بە میتۆدە باوەکان.

(عەبدولی حەمەجوان) نموونەیەکی زیندوو ماندوونەناسی ئەمجۆرە هونەرمەندانەیە. مـن لـەسـەرەتـای ساڵەکانی هەشتاوە ئـەم هونەرمەندە ئەناسم و دواتریش لەچوارچێوەی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانەوە زیاتر ئاشنایەتیمان پەرەی سەند، پیاوێکی جوان، هونەرمەندێکی نائارام کە هەمیشە لەنا ئارامییەکی بەردەوامدایە بۆ گەڕان بـەدوای دۆزیـنـەوەی پانتاییەکی نوێ بۆ داهـێـنـان. ئـەم هونەرمەندە لەپێناوی هونەرەکەیدا پشتی کردۆتە زۆر لەشتە تایبەتەکانی خۆیی و تەنانەت لەسەر حسابی تەندروستی خۆشی بوبێت، ئەیەوێ لەناو هونەردا زیندووبێ‌و دەنگی هەبێ. کۆمەڵ بەکارێک بەشداری فێستیڤاڵی ئەسفەهانی نـێـودەوڵـەتـی کـرد کاتێ لەئەسفەهان نمایشەکەمان کرد، داوایـان لێکردین کە کـارەکـەمـان ببەینە کاشان لەپاسەکەدا کاک عەبدول کەخۆشی کەمێ نەخۆشی دڵی هەبوو. تووشی نەخۆشیەکەی بۆوە کەبردمان بۆ نەخۆشخانە زۆری لێکردین وتـی هەرئەبێ مـن بەجێبێڵن و بچن نمایشەکەی خۆتان بکەن. زۆر هەوڵماندا رازی نەبوو ئەوەبوو ئەومان بەجێهێشت و ئێمە چووین نمایشەکەمان کرد. بەڕاستی ئەوە نموونەیەکی زیندووی جوانی ئەو هونەرمەندەیە.

کاک عەبدول لەکۆمەڵدا هەمیشە پاڵپشت بـووە بـۆ ئـەو لاوانـــەی کـەسـەرەتـای دەستپێکردنیانەو رێگە خۆشکەر بووە بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان و نەک هەر لەکۆمەڵیشدا بەڵکو لەهەر شوێنێ بووبێ لەوێ جێ پەنجەو کارەکانی دیارە. ئەو دەمەی کە بەڕێوەبەری رۆشنبیریش بوو نموونەیەکی زیندووی پڕ لەکارو بەرهەم و فێستیڤاڵ بوو.

کۆمەڵی هونەرە جوانەکان قـەرزاری ئەم هونەرمەندەیە لـەرووی دروسنکردن و نوێژەنکردنەوەو فێستیڤاڵ و کارە هونەریی و گەشتە هونەرییەکانیانەوە. کە ئەتوانین بڵێین کە ئەندازیاری زۆربەی ئەم کارانە بـووە. ئـەم هونەرمەندە بە مرۆڤێکی بەهەڵوێست و نیشتمانپەروەریش ناسراوە. نموونەیەکیش لە هەڵوێستە جوانەکانی کاتێک کە لە ئەسفەهان بووین لەکردنەوەی فێستیڤاڵەکەدا باسی ئەو تیپانەیان کرد کە بەشدارییان کردووە ئەوەی ئێمەیان بەناوی عیراقەوە خوێندەوە، لە قاعەکەدا پارێزگاری ئەسفەهان‌و کۆمەڵێ بەرپرسی گەورەی لێ بوو، کاک عەبدول هەستاو وتی ئێمە بەناوی عیراقەوە نەهاتووین ئێمە بەناوی هەرێمی کوردستانەوە هاتووین، ئەو دەمە ئەم ناوە زۆر بە ئاسایی ئەوان هەزمیان نـەدەکـرد. وتـی گـەر راستی نەکەنەوە نمانیشەکە ناکەین. پاش گفتوگۆیەکی زۆر رازی بوون کە پۆزش بێننەوەو بەئاشکرا ئێمە بـە تیپێکی هەرێمی کوردستان بخوێننەوە. ئەم هونەرمەندە توانیویەتی زۆر بە سەلیقانە بچێتە نێو بواری دراماو فیلمەوەو سەرکەوتووانە چەند کارێکی نواندنی جوان بەرهەمبهێنێت، هەمیشە ئەم هونەرمەندە خاوەنی کارو پڕۆژەی هونەریی نوێیەو ئەم گەڕان بەدوای کارو پڕۆژانەشدا خستویەتیە بارێکی نائارامەوە بۆ گەڕان بەدوای نوێبوونەوەو رووخاندنی پەیکەری پیرێتی یا بە واتایەکی تر دەستەمۆ نەبوون بەتەمەن وخۆ بەردەوام هەوڵدان بۆ خۆ نوێکردنەوە. ئەو گەنجێکی خاوەن تەمەنێکی گەورەی پڕ لەداهێنانە.

# (عەبدولی حەمە جوان) ئەو پیاوەی دڵی چوو بە ژنی قایمقام



نیهاد جامی

زۆرن ئەو کارەکتەرانەی بەشێکن لە یـادەوەری منالی ئێمە، بەڵام یەکێک لـەو کـارەکـتـەرانـە کە هەمیشە منالیمان بیر دێنێتەوە (عەبدولی حەمە جــوان)ە. ئەو بەرەو دنیای خەونبینینمان دەبات ئەو دەمەی لە (جەنابی موفەتیش) دەیبینین و سۆزێکی سەیرمان بۆ ئەو پیاوە دەبێت بە رادەی ئـەوەی دەمانەوێ دەستێک بێت ئەو لەو ئوتێلە چڵکنە رزگار بکات شتەکان وەک پێشبینی منالی ئێمە بەڕێوە دەچێت قایمقامی گەندەڵ وا ئەزانێ ئەو موفەتیشە و ئەو پیاوە دەباتـەوە ماڵەکەی خۆیی و وەک خەونی ئێمە ئەویش وا دەکات دڵی دەچێت بە کچ و ژنی قایمقام.

(عەبدولی حەمە جوان) ئەکتەرێک لە منالییەوە هۆگری بووین و ساڵەکان تێئەپەڕێت و ئەو وەک هاوڕێ و دۆستێک بە بەردەوامی ئەیبینین..هەست بـە نامۆیی ناکەین ئەو دەمەی یەکەمجاریش ئەیناسین نە ئەو بە ئێمە نامۆ نە ئێمەش بـەو غەریبین، هـەردوو لامان سڵاو لەیەک دەکەین وەک ئەوەی ئەو بزانێ شەوەهای شەو بـەدیار ئـەوەوە دانیشتووین و لەهۆڵی شانۆکان بە حەسرەتەوە سەیری نواندنەکانیمان کـردووە. ئەو پیاوە لەهەموو کەسێک زیاتر لێمانەوە نزیکە، چونکە لە نواندندا سروشتیانە رەفتار دەکـات بەبێ هیچ زۆر لەخۆ کردنێک، بۆیە خێرا ئەیناسین و هەر بەو ئیقاعە خێرایەش خۆشمان ئەوێت.



دراماى رۆژ ژمێری شارێک، شانۆ عومەر - پێشڕەو حسێن - عەبدولی حەمەجوان - ئاشتی عوسمان ساڵی ٢٠١٢

# بۆ هاوڕێی تاڵو سوێرییەکانی گەنجێتیم

**کاکە عەبدول یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە لە پەنجەی هەردوو دەست تێناپەڕن لەبارەی ئاکارە پێویستەکانی هونەرمەند لە ناو کۆمەڵگادا**



حەمەڕەشید هەرەس

هونەرمەندی خۆشەویست و هاوڕێی دێرینم عەبدولی حەمە جوان یەکێکە لەو کەسە نزیکانەی کە زیاتر لە نیو سەدەیە هاوڕێمە، هاوڕێی قوتابخانە، هاوڕێی خەبات و تێکۆشانی رۆژگارە سەختەکانی ئەم نەتەوە بەشمەینەتە، هاوڕێی تاڵ و سوێرییەکانی گەنجێتیەک مەگەر هەر خۆمان بزانین چەند دژوار بوو، هاوڕێی دڵسۆزی هەر هەموو هاوڕێکانی تریشم، ئێنجا هاوڕێی هونەر و شانۆ و داهێنانە مەزنەکانی سەردەمی بەرەوپێشچوونی شانۆی کوردی. کاکە عەبدول یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە لە پەنجەی هەردوو دەست تێناپەڕن لەبارەی ئاکارە پێویستەکانی هونەرمەند لە ناو کۆمەڵگادا، ئاکاری داوێن پاکی و خۆنەویستی و ماندوو نەناسی و گیانی یارمەتی و راستگۆیی و نەتەوە پەروەری و سەردانەنەواندن ئاخر هونەرمەند لەسەر شانۆ مامۆستای کۆمەڵگایە کە ئەبێت بینەرەکەی شوێنپێی هەڵگرن و بزانن خۆی چەند خاوەنی ئەو فەلسەفەیە کە ئەیدات بە کەسانی تر، دە کاکە عەبدول ئەم خاڵە گرنگەی بە پڕاوپڕی پیادە کردووە و گەورەیی بۆ خۆی و شانازی بۆ ئێمەش تۆمار کردووە، ئاگام لێ بووە و بە قووڵی روانیومەتە دەربڕینە پڕ داهێنانەکانی، هەستم کردووە لە ناخ و هەناوێکی پاکەوە چی بتوانێت بە بەخشندەییەوە ئەیخاتە باوەشی جەماوەرەکەیەوە. بۆیە سەیر ئەکەین هەرچی خەمێکی هەبێت کەچی ئاسوودەیی بە روخسارییەوە نانۆرێت و هەمیشە بە باوەڕ و ویژدانێکی تێرەوە ژیان بەڕێ ئەکات......

کاکە عەبدول گیان دوای ئەم هەموو ساڵە دوور و درێژانەی ماندووبوونتان پیرۆزبایی ئەوەت لێ ئەکەم کە ناونیشانێکی جوانتان بۆ خۆتان و دەوروپشتتان تۆمار کردووە.

ساڵی ١٩٨٥ بوو جیرۆکی شانۆیی گوڵاڵەم نووسیبوو، لە دائیرەی ئەمنەوە بە نامەیەکی فەرمی بۆ کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان بانگی منیان کردبوو، کە بچم بۆ ئەو شوێنە (ناموبارەکە) منیش رووم کردە کاک عەبدوول وتم: عەبدول گیان دێیت لەگەڵم؟ یەکسەر وتی بەسەر چاو، ئیتر هەردووکمان چووین بۆ ئەوێ و لای ئەفسەرێکی ئەمن خۆمان دیەوە. ئەفسەرەکە پێی وتین ئێمە چاک ئەزانین مەبەستتان لەم شانۆییە چیە، جا هەر چەندە مۆڵەتی دراوە بخرێتە سەر شانۆ، بەڵام جەماوەر یەک چەپڵە لێ بدات رووناکی بە چاوی خۆتان نابیننەوە، بێگومان هەر کەسێکی تر بوایە لە جیاتی ئێمە نەیدەوێرا جارێکی تر هەر باسی شانۆش بکات، کەچی ئێمە بە پێچەوانەوە، گاڵتەمان بە هەموو بەعس ئەهات و بە پێکەنینەوە، قسەکانی ئەو ئەفسەرەمان ئەوتەوە و، شانۆیی گوڵاڵەشمان بە سەرکەوتوویی ئەنجام دا، هەردووکمان لەسەر شانۆ هەردوو رۆڵی سەرەکی جوانڕۆ و جوامێرمان وەرگرت، کە لە تەلەفزیۆنیش تۆمار کرا چیرۆکەکە بە ناوی هونەرمەند شەماڵی عەبە رەشەوە خرایە سەر تایتڵ، چونکە ئەو کاتە من هەڵاتبووم و ، مەمنوع بـووم ، عەبدولیش چاوی بەرایی نەهاتبوو ئەو رۆڵە بێ من ببینێت، وازی لە دەورەکەی هێنابوو بۆ هونەرمەندێکی تر. ئا بەو رۆحەوە هونەرمان ئەکرد بۆیە بەو سەردەمە ئەڵێن سەردەمی زێڕینی شانۆ.



**ستافی شانۆیی گوڵاڵە ساڵی ١٩٨٦**

# عەبدولی حەمەجوان وەک مامۆستاو وەک هونەرمەند

**ئەم هونەرمەندە دڵسافە هاوسۆزییەکی وای دروستکرد بوو کە هونەرمەندانی دەربەندیخان تا ئێستاش لە هیچ یادێکی هونەریدا لەبیری ناکەن**



دڵشاد حسێن

عەبدولی حەمەمەجوان لەسەرەتای خوێندنمدا لە دەربەندیخان بەناوی ئاشنا بووم، کەلەسەرەتای حەفتاکاندا لەم شارە مامۆستا بووە، کاتێک سەرەتای حەزو ئارەزوم بوو بۆ کارکردن لە شانۆ ناوی ئەم زاتەیان پێ وتم کە لەسەرەتای حەفتاکاندا کاری شانۆیی لەدەربەندیخان کردووە، ئەگەر بیرکردنەوەم یارمەتیم بدات شانۆیی (کچی خۆمەو نایفرۆشم) یەکەم کاری شانۆیی ئەم هونەرمەندە گەورە و ناسکە بووە لەدەربەندیخان، دەگێڕنەوە هەر لە دوای کارەکەی ئەو، شانۆ بوو بە باو لە قوتابخانەکانی دەربەندیخاندا، واتە ئەم هونەرمەندە لەم شارەدا خاوەنی مێژووی دروستبوونی شانۆیە، زۆرم حەز ئەکرد پێی ئاشنا بم، من لە (جەنابی موفەتیش)ەوە ئەم هونەرمەندەم لە تەلەفزیونەوە بینی، بەڵام لە راستیدا لە کۆتایی هەشتاکاندا کاتێک لەگەڵ هاوڕێ شانۆکارەکانی دەربەندیخان سەردانی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانمان کرد بۆ کردنەوەی لقێکی ئەو کۆمەڵەیە لەدەربەندیخان، بەم زاتە ئاشنا بووم ، حەماسێکی زۆر جوانی هەبوو بۆ دەربەندیخان و مەبەستی بوو کە دەبێت لقێکی ئەو کۆمەڵە لەدەربەندیخان بکەینەوە، بەڵام ئەو کاتە بەهۆی بارودۆخی سیاسیەوە نەکرایەوە، وێستگەی سێهەمی بینینەوەی ئەم هونەرمەندە ئازیز و خۆشەویستە دوای راپەڕین بوو کە هاتە دەربەندیخان بۆ ئەوەی پێکەوە بەشی یەکێتی هونەرمەندان لە دەربەندیخان دابمەزرێنین، دامان مەزراند و بەهۆی هاوسۆزی ئەوەوە بۆ هونەرمەندان و شارەکەش هاوکارێکی زۆر باشمان بوو، پاشان لقی کۆمەڵی هونەرەجوانەکانیشمان لە دەربەندیخان کردەوە، سەیر بوو ئەم هونەرمەندە دڵسافە هاوسۆزییەکی وای دروستکرد بوو کە هونەرمەندانی دەربەندیخان تا ئێستاش لە هیچ یادێکی هونەریدا لەبیری ناکەن، ئەم هونەرمەندە بووە بە بەشیک لە یادەوەری ئەم شارە و ئەم شارەش بەشێکی یـادەوەری ئـەوی داگیر کـردووە، بۆنەی هونەری نییە لەم شارە (عەبدولی حەمەجوان) بەشدار نەبێت، چ وەک کاری هونەریی یان ئیداریی یان شەخسی، فێستیڤاڵە ئەوی لێیە، یادی شارە ئەو بەشێکە لێی، هەرچۆن لەم شارە جولەی هونەری هەبێت ئەویش هەیە..

خۆزگە بەو شارەی ئەم هونەرمەندە جوان و گەورەیە بووەتە بەشێک لە یـادەوەری، سلێمانی..دەربەندیخان.....ئەوانی تر.



**ستافی شانۆیی کچی خۆمە و دەیفرۆشم**

# چەند وشەیەک بۆ عەبدولی حەمە جوانی هونەرمەند



ئەنیتا ئێسپاندەر

سەرەتا سوپاسی (شۆڕش محەمەد) دەکەم، کە ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساندم، تاکو لەبارەی (عەبدولی حەمە جـوان)ی هونەرمەندەوە ئەم چەند وشەیە بنووسم. وەک لە کتێبی (گەشتێک بۆ وڵاتی هاوڕێیانم)دا گوتوومە ئەو هونەرمەندە یەکێک بوو لەوانەی لە کوردستان ناسیم، کە وەک هاوڕێیان بۆیان باس کردم لای جەماوەر بە (موفەتیش) ناسراوە، چونکە بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر ڕۆڵی موفەتیشی لە شانۆگەریی (موفەتیشی گشتی)ی (گۆگۆڵ)دا بینیوە.. ڕاستییەکەی بە هۆی (میدیا بێگەرد)ی دەستەخوشکمەوە ناسیم و باسی کۆمەڵێک شتمان کرد، بە تایبەتی لەبارەی هونەری شانۆ و نواندنەوە. دوای ئەوە (عەبدولی حەمە جـوان) سەرپەرشتیی ئەو تیمەی کـرد، کە شانۆگەریی (برایمۆک)یان هێنایە سوێد، تاکو لەوێ نمایشی بکەن. ئەوسا (میدیا بێگەرد)، (لـۆلا میهرەبانی)، (دەیـانـا میهرەبانی)، (کـاروان) و من چووین بۆ سـەردانـیـان و شەویش لایانماینەوە، بۆ ئەوەی لە جەژنی نەورۆزدا پێکەوە بین و دواتریش ئەو نمایشە ببینین. لە کاتی پرۆڤەی شانۆگەرییەکەدا ئێمە بۆچوونی خۆمانمان پێ گوتن، کە من ئەگەرچی بە تەواوی لێی تێنەدەگەیشتم، بەڵام دەمتوانی هەموو جووڵە و تۆنی دەنگەکان پێکەوە کۆ بکەمەوە و وێنەیەکی هەندێک ڕۆشنیان لێ پێک بهێنم. دواتـریـش کاتێ هاوڕێیانم کورتەیەکی تێکستەکەیان بۆ کردمە دانمارکی، ئەمە یارمەتیی دام، تاکو زیاتر لێی تێبگەم. ئینجا لەسەر شانۆ بە شێوەیەکی زۆر چاکتر بینیم، کە ئەوسا لە زمانی جەستەی ئەکتەرەکان و ئەو ئەتمۆسفێرەی لە ڕێگای ڕووناکی و دەنگەوە خوڵقاندیان، من هەستم کـرد بەرهەمێکی هونەریی بـەرزە. وەک هونەرمەندێکی شێوەکاریش زۆریش بەو جلە نەخشین و ڕەنگاوڕەنگانەیان سەرسام بووم. بە گشتی ئەو گەشتەمان زۆر خۆش بوو و کۆمەڵێک هاوڕێی دیکەم ناسی. لەوانە (هێرش عومەر ڕەزا)ی موزیکژەن، کە بە کەمانەکەی هەموومانی سەرسام کرد. بێگومان لەوێ زیاتر (عەبدولی حەمە جوان)م ناسی، کە پیاوێکی زۆر میهرەبانە. هەمیشە بزەی لەسەر لێوە. دەنگێکی زۆر تایبەتی هەیە، ئەو دەنگەی

مـرۆڤ هەمیشە لە ئەکتەرە گەورەکانەوە دەیبیستێت و هەسـت دەکـاـت ئـەوانـە بە سرووشتی خۆیان هونەری دەربڕینیان هەیە، تاکو ناچارت بکەن بە بایەخەوە گوێیان لێ بگریت. کاتێکیش گوێت لێ گرتن، پێیان سەرسام دەبیت و وشەکانیان بۆ ماوەیەکی زۆر لە گوێچکەتدا دەنگ دەدەنەوە. (ساکار جەمال)ی دەستەخوشکم سێدییەکی دامێ، ئەمسیلی (موفەتیش)ی لە خۆی گرتبوو، تاکو سەیری بکەم، کە (عەبدولی حەمە جوان) ڕۆڵیی سەرەکی تێدا دەبینێت. ئەگەرچی زۆر کۆن بوو، بەڵام بە کەڵکی ئەوە دەهات مرۆڤ چێژی لێ ببینێت. لە گەشتی دووەمم بۆ کوردستان دیسان (عەبدولی حەمە جوان)ی هونەرمەندم بینیوە و هەردووکمان زۆر بەوە ئاسوودە بووین. کۆمەڵێک قسەی دیکەمان هەر لەبارەی هونەرەوە کرد. هەردوو جارەکە کۆمەڵێک وشەی جوانی لەبارەی پێشانگاکانم نووسیوە، کە ئەمە بۆ من مایەی خۆشحاڵییە.

من زۆر جار لەبارەی هونەری کوردییەوە لەگەڵ هاوڕێکانم گفتوگۆ دەکەم، بۆیە هەندێک ئاگام لەو بوارە هەیە. ئەوەی من بیزانم بەرهەمی ئەو هونەرمەندانە زۆر کەم بایەخیان پێ دراوە. وەک لە (نەهرۆ ساڵح دەلۆ)ی هاوڕێمم بیست بەشێکی زۆری ئەرشیفی هونەری کوردی فەوتاوە و دەستگا کەلتوورییەکانیش کار بۆ پەیداکردنەوەیان ناکەن. ئەمە بە ڕاستی داخێکی گەورەیە. ئەوەندەی ئاگام لێ بێت (نەهرۆ) لەو بارەیەوە بەرنامەیەکی باشی بۆ کەناڵی کوردسات ئامادە کردووە. من هیوادارم لەمەودوا زیاتر بایەخ بە هونەرمەندان بدرێت. زۆر خۆشحاڵم بەوەی (شۆڕش محەمەد) ئەو تـەوەرەیـەی بۆ (عەبدولی حەمە جـوان)ی هونەرمەند کردووەتەوە. دووبـارە سوپاسی دەکـەم، کە ڕێگای دام ئەم چەند وشەیەی خۆم بگەیەنم.



عەبدولی حەمەجوان ئەکتەر لەشانۆیی بازرگانی ڤینیسیا ساڵی ١٩٧٢

# عەبدولی حەمەجوان.. پیاوە جوانەکەی سلێمانی



دانا رەووف

برای ئازیز کاک شۆڕش
سوپاس بۆ نامەکەت

دەستخوشیشتان لێدەکەم بۆ ئەو مەلەفەی کە دەتەوێت لەسەر کاک (عەبدوولی حەمە جـوان) بیکەیت. من ئێستا لە سەفەرم لە وڵاتی فینلاند لەگەڵ کارەکەم و لەوە دەچێت فریانەکەوم شتێک لەسەر ئەو پیاوە جوانەی سلیمانی و شانۆی کوردی بنووسم.

بـەڵام پێمخۆشە لەڕێگای ئـەم نامە خێرایەوە ئەوەت بۆ دووبارەبکەمەوە کە من شەخسی خۆم لە کارەکتەری جەنابی موفەتیشەوە خۆشەویستی شانۆم لەلا دروست بوو. کاک عەبدوولی حەمە جوان بەو کارەکتەرەی نەوەیەکی شانۆکاری دروست کردوو و هەموومانی بەلای شانۆدا راکێشا. ئێستاش ئەو ئەکتەرەو و ئەو کەسایەتییە لەپاڵ هەندێک لە کارەکتەرە کاریگەرەکانی تری ئەو سەردەمەدا، وەکو وەستا عەلی، خولە چەخماخە، پیسکەی تەڕ پیر، خواڕەحمە فەندی و پیری ئاخر شەڕ...هتد لە یادەوەریماندا زیندووە.

بێگومان ئەو کارانە تەنها شانۆ نەبوون و توواینویانە لەو کاتە سەختەی کوردستاندا هۆشمەندییەکی نەک تەنها هونەریی، بەڵکو نەتەوایەتیشمان لـەلا دروسـت بکەن. شانۆ ئەو هونەرە زیندووەیە، گەر باش بەکارهات کاریگەرییەکی قووڵ لەلای مرۆڤ بەجێدەهێڵێت و ڕۆڵێکی گەورە دەگێرێت چ لە ڕووی دروستکردن و پێگەیاندنی مرۆڤەوە و چ لە ڕووی بوونیادنانی کۆمەڵگاوە. کاک عەبدوولی حەمە جوان وەک ئەکتەرێکی بەتوانا و بەسەلیقە ئەو ڕۆڵە گرنگەی لە حەفتاکانی شانۆی کوردیدا گێڕاوە و ئێمە هەموومان قەرزاربارى ئەم زاتەو کەسانی تری وەک کاک ئەحمەد سالارین.

من بێگومانم شانۆی کوردی بەبێ ئەم کەسایەتیانە هەرگیز ئابەم شێوەیە دروست نەدەبوو.

دانا ڕەووف
فینلاند

# عەبدولی حەمە جوان.. ئەکتەرێکی کارامە لە شانۆو درامادا



## هونەرمەند عەبدولی حەمە جوان وەک ئەکتەرێکی بەتوانا جێگای متمانەی چەند دەرهێنەرێکی گەورەو بەتواناو ئەکادیمی بوون لەوانە:(مامۆستا ئەحمەد سالارو کامەران ڕەووف)



سدیق عزیز

لە تەلەفیزیۆنیکی بچکۆلەی شاشـە(١٤)ی ڕەش و سپیەوە،چەندین جار بە زەوق و عەشقێکی زۆرە وە بە دیار جەنابی موفەتیشە وە دانیشتوم، کە یەکێکە لەو شانۆگەریانەی لەبیرەوەری هەمووماندایەوە و تا ئێستاش هەندیک دەستەواژەو وشەو تەعبیر هەن لەناوماندا دەوترێنەوە. لەو سەردەمدا و ئێستاشی لەگەڵدا بێت بینەر چێژێکی تایبەتی لێ دەبینێت وەک ناوەڕۆک و بابەت و لەهەمانکاتدا وەک لایەنە کۆمیدیەکەش.کاک عبدولی حەمە جوان وەک گەنجێکی سەردەمەکەی خۆی بەسەلیقەو توانایەکی گەورەوە لەم بەرهەمەدا دەبینرێت. ئەگەر چی دەشێت من زیاتر وەک لایەنی کۆمیدیەکەی ئـارەزوی بینیم کردبێت، چونکە ئەو سەردەمە نەدەم زانی مۆلێر کێیەو نەدەمزانی تەمسیل چیە. مێژووی هونەری کاک عبدولی حەمەجوان، مێژوویەکی پڕ بەرهەم و چالاکیەو کاریگەری بەرچاوی هەبووە لەسەر بزوتنەوەی شانۆی کوردی بەگشتی و لەهەمانکاتدا وەک ئەکتەرێکی کارامە لەکاری شانۆ و تەلەفیزۆنیدا. ئەم کاریگەریە دەکرێت لەدوو لایەنەوە سەیربکرێت، یەکەم وەک ئەوەی کاک عەبدول یەکێکە لەو دەستەو گروپو شانۆکارانەی کە لە ناو کولتورو کۆمەڵگایەکی دوواکەوتودا توانیویانە گەشەو بەردەوامی بەم بزوتنەوە شانۆییە بدەن بەبێ گوێدانە تەشەنەو توانجە کۆمەڵایەتیەکان، کە ئەو سەردەمە نەک بۆ ئافرەت بەڵکو بۆ پیاویش تا رادەیـەک نواندن قبوڵ نەبووە، هەر لە جەنابی موفەتیشدا ئەو ڕاستیە دەر دەکەوێت کە کۆمەڵگە لە چ قۆناغێکدا بووە، شانۆ لە چ قەیرانێکی نەبوونی ڕەگـەزی مێینەدا بووە، کاتێک کاک عەبدول بەرامبەر دوو ئافرەت تەمسیل دەکـات کە هەردووکیان پیاون و دەوری ئافرەت دەبینن، بەڵام تواناو چۆنیەتی نواندنی کاک عەبدول بە شێوەیەکە کە زۆر کەم هەست بەو حاڵەتە نەشازە دەکرێت. لایەنی دووهەمیش ئەوەیە کەکاک عەبدول هەر دەچێتەوە خانەی ئەو گرووپە شانۆکارانەوە کە توانیویانە سەرەتایەکی زانستی یان شێوە ئەکادیمییەک بۆ شانۆی کوردی بڕەخسێنن و شانۆ لەسەر دەستی ئەمان بچێتە قۆناغێکی ترەوە بەشێوەیەک کە شانۆ لە فۆڕمێکدا بێت و بتوانرێت بنەماکانی شانۆی تیا بناسرێتەوەو ببینرێت .نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کە هونەرمەند عەبدولی حەمە جوان وەک ئەکتەرێکی بەتوانا جێگای متمانەی چەند دەرهێنەرێکی گەورەو بەتواناو ئەکادیمی بوون لەوانە:(مامۆستا ئەحمەد سالارو کامەران ڕەووف). کە لە بەرهەمەکانی ئەو بەڕیزانەدا کاک عەبدول وەک ئەکتەرێکی سەرەکی ناو شانۆگەرییەکان دەوری هەبووە. کاک عەبدول خاوەنی مێژوویەک و بەرهەمێکی زۆرەو لێرەدا ناتوانرێت لەسەر هەموو بەرهەمەکانی ڕاوەستین و قسەی لەسەر بکرێت، بەڵام ئەوەی من وەک ئەزموونێک هەمە لەگەڵ ئەم بەرێزدا بۆیەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی١٩٨١ و لە شانۆگەری تەنەکەدا، کەمن تەنها دەورێکی کۆمبارسم هەبوو لەو شانۆگەریەدا، بەڵام ئەمە فرسەتێک بوو کە من بتوانم لەنزیکەوەو بەتەواوەتی بە کاک عەبدول ئاشنابووم، لەم شانۆگەریەدا زۆربەی دەورەکانی لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەسدا بوو کە پێکەوە لە ڕێگای ئـەداو تەجسیدکردنی تـەواوی کەسایەتیەتەکەوە وەک لایەنی دەرونـی توانیبوویان جەوێکی زیندووی هەستیار بخوڵقێنن کە تەواو جێگای سەرنج بێت، پاشان لە شانۆگەریی گالیلۆ گالیلیدا و باڵندەی دەریادا پێکەوە کارمان کردووە، کە لەم سێ شانۆگەریەدا و لەسێ دەوری جیاواز ودنیایی جیاوازدا کاک عەبدول توانیبووی تەواو ستایل و فۆرمی جیاوازی هەبێت لە نێوان دەورێک بۆ دەورێکی تر و بتوانێت وەک ئەکتەرێک سەلیقەو تواناى خۆی بخاتە روو. من وەک ئەندامێکی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان لەو کاتەوەی کاک عەبدولم ناسیوە هەستم کـردووە کە کەسێکی خۆشەویستە لەناو خەڵکدا و وەک کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانیش هـەم خۆشەویستو هەم کەسێکی چالاک و دڵسۆز بووە بۆ راپەڕاندنی کارەکانی کۆمەڵ و هاوکاریکردنی ئەندامەکانی.



عەبدولی حەمەجوان لە فلمی کەواتە چاوەڕوان بن ساڵی ٢٠٠٧

# پیاوێک لەو دیو شاشەوە



حەمەسوار عەزیز

ئێستاش رۆژانی منداڵی و هەرزەکاریم لەبیرە بەتایبەتی ئەو شەوانەی کە لە تەلەفزیۆنی کەرکوکەوە درامای کوردی پەخش دەکرا، ئەوشەوە هەموومان لەگەڵ دایک و باوک و خوشک براکانمان شەوچەرەیەکمان ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی بەدیار دراما کوردییەکەوە کاتێکی خۆش بەسەر ببەین، زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم ئەم درامایانە بەشداربوون لە پرۆسەی پەروەردەکردنی ئێمەو ئێستاش ئەو یادەوەرییەی زۆر زەقە لە دەفتەری منداڵی و هەرزەکاریمان، چێژ بینین و بەسەربردنی ئەو کاتە ئەفسوناوییە بوو بەدیار درامای کوردییەوە.

تا ماوەیەکی زۆر دیالۆگ و جووڵەی زۆرینەی ئەکتەرەکانی ئەم درامایانە لە زەینمان دەمایەوەو شەوانە لەگەڵ هاوڕێیانی گەڕەک یا لەکاتی قوتابخانە کە لەگەڵ خوێندکارە هاوپۆلەکانمان کۆدەبووینەوە هەوڵمان دەدا لەڕێگەی قسەکردن و جووڵەوە لاسایی ئەو درامایە بکەینەوە کە شەوی ڕابردوو لە تەلەفزیۆن نیشانی دابوو، بەتایبەتیش ئەو درامایانەی کە بزەو خەندەیان دەخستە سەر لێوەکانمان و ئەو وەختەش نەماندەزانی بڵێین کۆمیدی بەڵکو دەمانگووت ئەم تەمسیلەی ئەمشەو زۆر خۆش و پێکەنیناوی بوو.

ئێستاش وادەزانم تەمسیلییەکانی (لانەوازان، مەرەزە، مارەیی، موفەتیشی گشتی، خولەی چەخماخە، هەبوو نەبوو، پیسکەی تەڕپیر، بەهاری دزراو، تەنەکە) و دەیانی تر، بەشێکن لەرۆژگاری رابردووی خۆم و پێموابووە من هەمیشە بەشێک بووم لەو نمایشانە.

من تا ئێستاش لەوە دڵنیام کارەکتەرەکانی (وەستا عەلی، رەجەب، عەلییە فەنی، جەنابی موفەتیش، مام سۆفی، خولەی چەخماخە، قوتبەدین، باجی ئایشێ) و دەیان کارەکتەری تر، ئەوەندە کاریگەرییان بەسەر لایەنی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی من و هاو تەمەنەکانم هەبووە، ڕەنگە دایک و باوک و مامۆستاو هاوڕێکانمان ئەوەندە کاریگەرییان بەسەر ئێمەوە نەبووبێت، لەڕاستیدا لەدوای قوتابخانە بۆ ئێمەی منداڵ و هەرزەکار تەلەفزیۆن تاکە چرای زانین و مەعریفەت و خۆناسین بووە، بۆیە هەمیشە هەست بەوە دەکەین کە ئەم دراماو کاراکتەرانە بەشێکی دانەبڕاوی کەسایەتی مەعریفی و کۆمەڵایەتی ئێمەن و هەر یەکێک لەوانە بەجۆرێک لە جۆرەکان پانتاییەکی لە ناخمان دەستەمۆ کردووە.

هونەرمەندی گەورەو مامۆستای ئێمە عەبدولی حەمەجوان، یەکێکە لەوانەی بەشێکی کاریگەر بووە لەو رەوشەو بەتوانا ئیبداعییەکانی خۆی وەک ئەکتەرێک توانیویەتی گوتار لەگەڵ هەست و نەستی بینەری کورد بکات بەشێوەیەک هەمیشە ئەو کارەکتەرانەمان لەبەرچاو بێت کە ئەو هونەرمەندە گەورەیە لە ئێستاو ڕابردوودا ئەدایکردوون.

ئاوێتەبوونی من لەگەڵ داهێنانەکانی مامۆستا عەبدول بەهۆی پێگەی جوگرافییەوە تەنها لەڕێگەی شاشەی تەلەفزیۆن بووە، ئەو شاشەیەی کە لە رۆژگاری خۆی دەیان پاڵەوانی لە زەین و خەیاڵی ئێمە دروستدەکرد و بەهیوای ئەوە بووین رۆژێک لە رۆژان لە نزیکەوە بیانبینین و وێنەیەکی یادگارییان لەگەڵ بگرین بۆ ئەوەی لای هاوڕێکانمان شانازی پێوە بکەین و بڵێین (سەیرکە ئەوە منم لەگەڵ جەنابی موفەتیش وێنەم گرتووە).

کە گەورەبووین و هاتینە نێو ڕەوشە هونەرییەکەو لە نزیکەوە ئەو هونەرمەندانەمان ناسی، تووشی دوو حاڵەتی زۆر جیاواز بووین، حاڵەتی یەکەم ناسینی هەندێک لەوانە تووشی نائومێدی کردین چونکە بینیمان ئەو وێنەیەی ئێمە دروستمانکردووە جگە لە خەیاڵی جوانی ئێمە، لەسەر ئەرزی واقیعدا هیچ بوونێکی نییە، جۆری دووەم ئەوانە بوون کە لەنزیکەوە پێیان ئاشنابووین و زیاتر پێیان سەرسام بووین، بەتایبەتی دوای ئەوەی بینیمان لەسەر شاشە چەند گەورەن، لە ژیانی ئاسایی رۆژانە زۆر لەوە گەورەترن، یەکێکیش لەوانە هونەرمەندی گەورە (عەبدولی حەمەجوان) بوو.

من لەو چەند ساڵەی تەمەنمدا ژمارەیەکی زۆر ئەکتەرم دیوە کە لە شانۆ و تیڤی نواندنیان کردووە، هەمیشە لەودیو شاشەوە ئەوەندەی ئەکتەرێکی شانۆم دیوە، ئەکتەرێکی بەردەم کامیرام نەناسیووە، بەڵام جیاواز لەمانە مامۆستا عەبدول وەک ئەکتەرێکی ئەودیو شاشە توانیویەتی خۆی لە ئەداو ئیلقای شانۆ بدزێتەوەو بە وشیاری مامەڵەی لەگەڵ کامیراو لەپشت ئەوانیشەوە بینەری تیڤی کردووە.

ئەگەر بە تێڕوانینێکی وردبینانە قسە لەسەر هەموو ئەو کارە تەلەفزیۆنییە بکەین کە مامۆستا عەبدول رۆڵی تیادا بینیوە، هەستدەکەین هەڵکشانێکی زۆر بە توانای داهێنانی ئەو ئەکتەرە دەبینرێت، مامۆستا لە (موفەتیشی گشتی) کە بە بڕوای من بۆ ئەو سەردەمە داهێنانێکی گەورە بوو، بەرەو (ژیان) و (تەنەکە) هەنگاوی زۆر گەورە هەڵدەگرێت، بە تایبەتیش لە درامای تەنەکەو لە کارەکتەری (رەسوڵە فەنی) کە کارەکتەرێکی جیاواز بوو لە هەموو ئەو کارەکتەرانەی کە مامۆستا پێشتر ئەدای کردبوون، ئەوەندە جوان دەردەکەوێت تا ئەو ڕادەیەی کە دەتوانێت کارەکتەری جەنابی موفەتیشمان بیرباتەوە.

لەدوای راپەڕینیش دراماکانی هونەرمەند (حوسێن میسری) دەرگایەکی تازە بەڕووی داهێنانەکانی ئەم ئەکتەرە گەورەیە دەکاتەوەو کارەکتەرەکانی (ڕەشەی پۆلیس و وەستا جومعە) کە دوو کارەکتەری زۆر جیاوازن لە بونیادو سایکۆلۆژیەتەوە، کەچی مامۆستا عەبدول لە هەردووکیاندا توانایەکی تەمسیلی زۆر نایاب نیشاندەداو مەدالیای رەزامەندبوونی بینەر بەدەستدەهێنێت.

بەبڕوای من دووخاڵی زۆر گرنگ لە کاروانی مامۆستا عەبدول هەیە کە شایستەی ئەوەیە لەسەری بووەستین، یەکەم مامۆستا عەبدول بەدرێژایی تەمەنی وەک ئەکتەر ئیشیکردووەو هەوڵیداوە لەم بوارەدا توانا ئیبداعییەکانی تەوزیف بکات و کەمتر هەڵپەی ئەوەی هەبووە دەست بۆ هەموو بوارەکانی تری شانۆ و دراما ببات، ئەمەش ئەم جۆرە پسپۆڕییەیە کە ئێمە لەو نێوەندە زۆر پێویستمان پێی هەیە، خاڵی دووەم ئەوەیە کە مامۆستا بەدرێژایی کارە هونەرییەکانی هەوڵی نەداوە خۆی لە قاڵبێک گۆشەگیر بکات و بەڵکو هەمیشە بەدوای ئەوە گەڕاوە کە ئەو کارەکتەرانەی کە ئەدایان دەکات لەیەکترەوە نزیک نەبن، بۆ ئەوەی بتوانێت زیاتر توانای نواندنی خۆی دەربخات و هەستەوەرەکانی بەئەدای جیاواز فۆرمات بکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی تەمەن نەیتوانیوە لەرووی توانای ئیبداعییەوە هیچ شتێک لە مامۆستا کەمبکاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەستدەکەین تەمەن و ئەزموون زۆر زیاتری پێبەخشیوەو زۆر بەئاگایی سوودی لە قۆناغەکانی کارکردنی خۆی بینیوە.

**مامۆستا عەبدول وەک ئەکتەرێکی ئەودیو شاشە توانیویەتی خۆی لە ئەداو ئیلقای شانۆ بدزێتەوەو بە وشیاری مامەڵەی لەگەڵ کامیراو لەپشت ئەوانیشەوە بینەری تیڤی کردووە.**



دیمەنێک لە فیلمی ژانی گەل، عەبدولی حەمەجوان و نزار سەلامی  ساڵی ٢٠٠٥

# عەبدولی حەمەجوان، کاتێکی کراوە لە موفتیشی گشتیدا تۆمارکرد



بەیان سەلمان

لە کەیەوە باسی عەبدولی حەمەجوان بکەین؟ لە کوێوە باسی بکەین؟

هەمیشە هونەرمەندێکی گەورەم لەودا بینیوە. هیچ ڕۆڵێکی نەبووە کە سەرنجی ڕانەکێشابم و شایەنی لێکدانەوەم نەبووبێ. لێرەشەوە ڕام هاتە سەر ئەوەی بچمەوە سەر شوێن پێی لە شانۆگەریی (موفەتیشی عام). ئەم شانۆگەریە لە دەقێکی شانۆیی نووسەری ڕووسی نیکولای گۆگۆل نووسراوە. بە ڕووسی دەکاتە Ревизор و لە فەڕەنسیشدا Le Revizor بیرۆکەی ئەم شانۆگەریە لەسەر بنچینەی گەندەڵیی لە شارۆچکەیەکی بچووکدا نیشان دەدات. موفەتیشێک بڕیارە بنێردرێ بۆ ئەوێ و باری ئیداری و دارایيان بپشکنێ. خلیستاکۆڤ ڕێی دەکەوێتە ئەو شارۆچکەیە و بە هەڵە بە موفەتیشی چاوەڕێکراو حیسابی لەگەڵدا دەکرێ.

عەبدولی حەمەجوان لەو پارچە شانۆگەریەدا بە هەڵە ئەو ڕۆڵەی موفەتیشی پێ نەدراوە. ئەوە کە هەموو بەڕێوبەر و دەسەڵاتدارانی ئیداریی شارۆچکەکە بە موفەتیشی وەرئەگرن. لێرەوە ڕەوتی ڕووداوەکان وەرچەرخانێکی کۆمێدی وەردەگرێ. لە کەسێکی قەرزار و موفلیسەوە دەبێتە موفەتیش و دوو ڕوویی کارگێڕانی شارۆچکەکە دەرئەخاتْ کاتێ بە مەراییکردن و خۆ لێنزیکردنەوە و تەنانەت پێشکەشکردنی کچیشیان بۆ ئەو موفەتیشە دەستکردەی خۆیان کە لە ناکاوا دەرکەوتْ.

پاش ئەو هەموو ساڵە کە ئەو شانۆگەریەم چەند جارێ بینیوە هەمیشە ڕۆڵی ئەو ئەکتەرانە بە گشتیی یەک لە یەکیان لێهاتووتر بوون و پڕ بە پێستی کەسایەتیەکە ڕۆڵەکانیان دەرهێنابوو، هێشتا جێی خۆی لەلام ماوە. هەر ئەمەشە کە لە یادەوەریی جەمعیی کوردا ئەم شانۆگەریە و چەند دانەیەکی تر جێی خۆیان هێشتۆتەوە.

دێمەوە سەر ڕۆڵی تایبەتی هونەرمەند عەبدولی حەمەجوان. سەرەتا ئەم یەکێکە لەو ئەکتەرانەی دەموچاوێکی ئێجگار فۆتۆژێنیکی هەیە. لەگەڵ هونەرمەند عەلی کەریم لەلام یەکێک بوون لەو ئەکتەرانەی کە وەک هونەرمەندێکی جیهانی ڕۆڵیان دەبینی. وێنەی ئەم هونەرمەندە دێرینە خەونی درووستْ دەکرد، ڕۆڵەکانی بە گشتیی لایەنێکی پاڵەوانی ڕۆمانتیکیمان تێدا دەبینی.

لە موفەتیشی عام، چرکەی بە گۆڕانی بۆ موفەتیشەکە هەمیشە لە یادما ماوەتەوە، کە پێی دەڵێن (جەنابی موفەتیش) پاش چەند جارێ دووبارەکردنەوەی تا دڵنیابێ کە مەبەستْ لەوە، ئیدی یەکسەر دەم و چاویی و هەڵوێستی خۆی دەگۆڕێ بۆ موفەتیشێک، ئەمە ئێجگار جوان و بە توانایە، چونکێ کەسایەتی خلیستاکۆڤ لە پارچەکەی گۆگۆلدا کەسێکە تا ڕادەیەک سەرەڕۆیە، قسەکانی بێ بیرکردنەوە لە دەم دەرئەچێ. دەبوو ئەو کەسەی بەم ڕۆڵە هەڵدەستێ توانای دەرخستنی ئەو لایەنانەی هەبێ، عەبدولی حەمەجوان-یش بە ئاسانی ئەوەی دەرخستبوو. گونجاندنی پارچە شانۆگەریەکە لە کوردیدا بێ کەم وکوڕی بوو. گۆگۆل مەبەستی بووە بە شێوەیەکی کۆمێدی بارێکی خراپی بەڕێوبەرایەتیەکان نیشان بداتْ. ئەم شانۆگەریە لەوەدا تەواو سەرکەوتو بوو. عەبدولی حەمەجوان چ لە ڕێگای جلوبەرگی وەک هونەرمەندێک، ئاماژە تایبەتیەکانی دەستی و دەموچاوی، دەربڕینی قسەکردنی کە زۆر جار وا هەستْ دەکەین نوقڵێکی لە دەمدایە، ستیلێکی هونەریی تایبەتی پێ بەخشیوە.

عەبدولی حەمەجوان ٥٠ ساڵ لە کاری شانۆیی بای خۆی کاریگەریی گەورەی بەسەر شانۆی کوردیەوە هەیە، نموونەی هونەرمەندێکی بە توانا و لێزانە. لەم شانۆگەریەدا چۆن نووسەرەکەی هەموو مەرایی و ریایی ئەو خەڵکە بە یەک ئاشکرا دەکاتْ، ئەوهاش لەم بەکردنەکوردیە عەبدولی حەمەجوان وەها دەچێتە پێستی ئەو موفەتیشە کە هەموو شتەکانی دەوروبەری لە بارن تاکو بە ڕۆڵی درۆزنانەی خۆی بە چاکیی هەڵسێ و هەر دووڕوویی خەڵکەکەی دەوری ئەمەی بۆ ئاسان کردەوە. دیارە گۆگۆل مەبەستی بووە ئەم پارچە شانۆگەریە بەو جۆرە ئامادە بکرێ هەر لێرەشەوە ڕۆڵی عەبدولی حەمەجوان چەند ڕەهەندێکی لە خۆ گرتبوو. سەرەتا بەوەی ڕۆڵی هونەرمەندی گەورە لەم جۆرە شانۆگەریە بەو پێچدانەوەیە لە کرداریدا دەرئەکەوێ کاتێ دەکرێ بە موفتیش، دەبێ لە هەمان کاتدا لەبیری نەچێ کە کەسێکی بێ پارە (مفلس)ە و پۆستی موفەتیشێکی لەبەر دەستە با بەردەوامیش نەبێ، دەبێ بزانێ لە کوێ ڕەنگدانەوەی کەسایەتی یەکەم لەگەڵ کەسایەتی دووهەم وەک موفەتیشێک بنوێنێ و لە هەمووشی گرنگتر لایەنە کۆمیدێکەی لەبیرنەچێ. دیارە لە پارچەکەی گۆگۆل موفەتیشی گشتیی ئامادەبوونی تەواویی هەیە با لە کەسایەتیەکی پەراوێزکراویشدا بێ کە دەچێتە قاڵبی موفەتیشەکەوە، عەبدولی حەمەجوانیش توانی ئەمە دەرخاتْ. گرنگ نیە کێ کێیە، ئەوەی گرنگە دەرخستنی ڕاستیە، هەر بە ئامادەبوونی درۆزنانەی ئەو ڕاستیەکان ئاشکرادەبن.

ڕۆڵی ئەکتەری شانۆ ئامادەبوونە، جاری وەهایە ڕۆڵەکە گەلێک بچووکە کەچی ئامادەبوونی هونەرمەندێک بەها بەو ڕۆڵە وبە گشتیی بە پارچەکە دەبەخشێ. ئەم جۆرە میتامۆرفۆسەی عەبدولی حەمەجوان-یش لە خودی خۆیدا نمایشێکی گەورەیە کە بەهایەکی هونەریی گەورەی هەیە. لە نێوان ئەو ساتە کورتانەی دەچێتەوە نێو پێستی خۆیی و پێستداماڵینی بۆ بەرجەستەکردنی موفەتیش ئاڵۆزی ڕۆڵەکە دەرئەخاتْ. دروستە کە ئەمە ڕۆڵی ئاکتەرە، وەلێ هەموو کەسێ بە سەرکەوتوویی ئەو ڕۆڵە ئەنجام ناداتْ. چونکە من ئەو پارچە شانۆگەریەم بە فەڕەنسی بینیوە کە (ژان لوی بنوا) لە ساڵی ١٩٩٩دەریهێناوە و (دۆنی پۆدالیدێس) لە ڕۆڵی موفەتیشەکەیە. سەرەڕای گەورەیی و بەناوبانگی ئەو هونەرمەندە فەڕەنسیە هەرگیز ئەو تام و چێژەی کوردیەکەم لێ نەبینی، وێڕای باشیی ئاکتەرەکان ئەو لایەنە کۆمێدیە گرنگەی پێ نەبەخشیبوو. کێشەی دەقەکانی گۆگۆل لەوەدایە کە زۆر کەس وا دەزانن ئاسانە، ئەمەش بە هەڵەیان دەباتْ کاتێ لە پارچەیەکی وەها ئەوەی چاوڕێی لێدەکرێ تەنها کۆمێدی نیە بەڵکو کۆمێدی و ئیرۆنی، واتە کۆمێدیەک کە لە ناواخنیدا جۆرە گاڵتەپێکردنێک بە بارێکی دیاریکراوی تێدا بەدی دەکرێ. سەرکەوتوویی عەبدولی حەمەجوان لێرەیە، چونکە هونەرمەندەکانی تری نێو ئەم شانۆگەریە بە ڕۆڵی خۆیان هەڵدەستان، کەسە دووڕووەکان ئەوان بوون، بەڵام ئەم دەبوو هەردوو ڕۆڵ ببینێ، ببێتەوە بە خۆی خلیستاکۆڤ و لە ئامادەبوونی ئەوانی تردا بەرگی موفەتیشێک لەبەرکاتْ کە هەمووان هەوڵی کڕینیان دەدا. دەبوو کەسایەتیەکە هێندە بە توانا بێتْ کە جەماوەر وانەی لێوە وەرگرن. وانەی زۆرزانی و لە هەمان کاتدا وانەی دەرخستنی بە ریایی ئەوانی دی بۆ ئەو. لەلای گۆگۆل دەبوو ئەم پارچە شانۆگەریە نە لە کاتدا بمرێ و نە لە شوێن، لە هەموو جێیەک و سەردەمێک باوی هەر بمێنێ. شانۆگەریە کوردیەکەش ئەو هێزەی پێ بەخشی و عەبدولی حەمەجوان تا لێرەدا توانی بە سەرکەوتوویی مێژووی هونەریی خۆی لە شانۆی کوردیدا تۆماربکاتْ.

هەمیشە هونەرمەندێکی گەورەم لەودا بینیوە. هیچ ڕۆڵێکی نەبووە کە سەرنجی ڕانەکێشابم و شایەنی لێکدانەوەم نەبووبێ



ستافی جەنابی موفەتیش (فەرەنسی)



ستافی جەنابی موفەتیش (کوردی)

# شانۆکارێکی دێرین



ئەنوەر قادر رەشید

رەنگە باسکردنی بزوتنەوەی شانۆی کوردیمان بە خۆلادان لە باسی هونەرمەند عەبدولی حەمەجوان کەلێنێک بخاتە باسەکە و کەموکوڕی تێکەوێ، چونکە ئەو هونەرمەندە دێرین و پیاوە جوانەی بزوتنەوەی شانۆییمان زیاد لە چل ساڵە عاشقێکی بە وەفای شانۆ و وەرزشە، مامۆستایەکی ماندو نەناس و پاڵپشتی هەموو شانۆکارانە، عەبدولی حەمەجوان ناوێکی درەوشاوەیە و بەدڵنیاییەوە لەم بەسەرکردنەوەیەدا زۆر کەس لەسەر توانای هونەری و تەکنیکی جەستەو دەنگ ئەدوێن و باس لە مێژووی هونەریی ئەو شانۆکارە دێرینە ئەکەن، بەتایبەت ئەوێکی بەشدار و خاوەنی زیاتر لە سەد کاری هونەری لە بوارەکانی شانۆ و دراماو و فیلمی سینەمایی لەبواری نواندن و دەرهێناندا و لەساڵی ١٩٦٩ تا ئێستاش هەر بەردەوامە و لەگەڵ شانۆکارانی دێرین و گەنجەکاندا کاری کردوە، کارکردن بە ستایل و رێبازی جیاواز و لەگەڵ دیدی جیاوازی هونەرمەندانی تر ئەیسەلمێنێ کە مامۆستا عەبدول باوەڕی بەوەیە کە هونەر لە بازنەیەکدا ناخولێتەوە و مەیدانێکی بەرینی داهێنانە و جێی هەموو رێباز و میتۆدەکانی تیا ئەبێتەوە و هەر یەکەیان تەواوکەری ئەوی ترن و هیچیان ناتوانن ئەویتریان بسڕنەوە.

سەرەتای ئاشنابوونم بە هونەرمەند عەبدولی حەمەجوان ئەگەڕێتەوە بۆ وەرزی سێهەمی ساڵی ١٩٦٩ کە بەسەرپەرشتی هونەرمەندی کۆچکردوو مامۆستا نوری وەشتی و ئامادەبوونی کۆمەڵێک هونەرمەندانی شاری سلێمانی وەک هونەرمەندان تەها خەلیل و رەئوف یەحیا و عەلی جۆلا و حەمەسدیق مەحموود و نەوزاد مەجید و ... بە مەبەستی دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی کەلتوری هەمەلایەنە کە ئەدەبوو هونەر بە هەموو شێوازەکانیەوە لەخۆ بگرێ، ئێمەی گەنجانی ئەو کاتەش لەگەڵیانا کۆ ئەبووینەوە. ئەوەبوو لەسەرەتای ساڵی حەفتا مۆڵەتی کۆمەڵەکە لەژێر ناوی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی وەرگیرا و دەست بە کاری هونەری کرا، ئەو کاتە مامۆستا عەبدول بە لای ئێمە بە خاوەن ئەزموون دا ئەنرا چونکە پێشتر لە شانۆگەری بڕیار و ئەنجامدا رۆڵی بینیبوو. مێژووی ئەو کۆمەڵە و مامۆستا عەبدول بوونە یەک مێژوو تا ئێستاش تەواوکەری یەکن، دوانەیەکی زۆر بە وەفان بۆ یەکتری.

من بۆ خۆم بەداخەوە پاش ساڵێک لە دامەزراندنی کۆمەڵ ئامادەییم تەواو کرد و بە ناچاری گەشتی نامۆییم لە بەغداوە دەستی پێ کرد و تا ١٩٨٠ لە دیوانیەوە گەڕامەوە، ئەوەی مایەی خۆشحاڵی بوو، کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی لقی لە زوربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان کردەوە و لقێکیش بە سەرپەرشتی مامۆستای شانۆکاری گەورە رەفیق چالاک و من توانیم بەرلەوەی بەیەکجاری واز لە نواندنی سەرشانۆ بهێنم خۆشبەختانە لە ساڵی ١٩٧٣ دا لە بەغدا بەشداریم لە شانۆگەری (دوکتۆری دێم) کرد لە نواندن و ئامادە کردن و دەرهێنانی مامۆستا رەفیق چالاک ، دیارە لەو ماوەیەدا کە لە بەغدا بووم، مامۆستا عەبدول و برادەرانی ترم ئەبینی، بە تایبەت کە ئەهاتن بۆ تۆمار کردنی شانۆگەریەکان بۆ تەلەفزیۆن، بەهەرحاڵ لە گەڕانەوەمدا ساڵی ١٩٨٠ بە هەمان خۆشەویستی و مەیلی جارانەوە هاتمەوە کۆڕی خۆشەویستان، تا ساڵی ١٩٨٦ کە دیسانەوە رێی غەریبیم گرتەوە بەر و ماڵئاواییم لە کوردستان کرد و تا لە ٢٠٠٦ بۆ ماوەیەک گەڕامەوە زۆر ئامێزی خۆشەویستیم بۆ کرانەوە و یەکێک لە خۆشەویستیە ئارامبەخشەکان، مامۆستا عەبدولی حەمەجوان بوو.

لای هونەرمەند عەبدولی حەمەجوان دوو شت هێڵی سوورن و تێپەڕاندنیان بڤەیە، ئەوانیش یەکەمیان کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانە کە وەک وتم مێژووی هونەری هەردوکیان پێکەوە لکێنراون و باسی مێژووی هەر یەکێکیان بێ ئەویتر ناتەواو ئەبێ، هێڵی سوری دووەمی قۆناغی حەفتا و هەشتاکان کە بە قۆناغی زێڕینی شانۆی کوردی ناو ئەبرێ کە دیارە خۆی یەکێکی چالاکی بەشدار و بنیادنەری ئەو قۆناغە بووە، تووڕەبوونەکەی ئەڵێی دوگمەیە و پەنجەی پیا ئەنێ، دەمودەست هەڵئەچێ و هەر زووش هێور ئەبێتەوە. بەڕاستی یەکێکە لە پیاوە دڵپاک و چاو و داوێن پاکەکان، هەردەم لایەنگر و یاریدەدەری هونەرمەندان بووە و سڵی لە هیچ بەرپرس و دەسەڵاتێک نەکردوەتەوە و پێداگر بووە لەسەر بەرژەوەندی هونەرمەندان بەتایبەت کاتێک کە سەرۆکی یەکێتی هونەرمەندان بووە یان کە بەڕێوەبەری رۆشنبیری سلێمانی بووە، تەنانەت کە سەرۆکی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانیش بووە هەر بەپێی توانا و لە سنووری لێپرسراوێتی خۆیدا هەرگیز کەمتەرخەمی نەکردووە بۆ خزمەتی شانۆ و شانۆکاران.



کارکردن
به ستایل و رێبازی
جیاواز و لەگەڵ
دیدی جیاوازی
هونەرمەندانی تر
ئەیسەلمێنێ کە
مامۆستا عەبدول
باوەڕی بەوەیە کە
هونەر لە بازنەیەکدا
ناخولێتەوە و
مەیدانێکی بەرینی
داهێنانە و جێی
هەموو رێباز و
میتۆدەکانی تیا
ئەبێتەوە



فەرزین کەریم، عەبدولی حەمە جوان فیلمی (کەواتە چاوەڕوان بن) ساڵی ٢٠٠٧

# ئەو پیاوە جوانەی کە هەمیشە هاوڕێیەکی بە ئەمەکە



گەزیزە

هیشتا تازە تەمەنی (١١) ساڵانم تەواو کردبوو، لەگەڵ ئەو تیپەی کە ناوی هاوڕێیانی گەزیزە بوو، پاش کارکردنی (٢) ساڵ بە بەردەوامی لە تیپەکەماندا لەگەڵ (کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی)ئەوکاتە لە سلێمانی بووینە یەک و یەکەم بەرهەمی هاوبەشیشمان شانۆیی (پژمین) بوولە نووسین ودەرهێنانی مامۆستای خوالێخۆشبوو هونەرمەند(عومەری عەلی ئەمین)، کە لە شاری سسلێمانی نمایشمان کرد و دواتریش لە ستۆدیۆی بەغدا تۆمارمان کرد بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک بە ڕەش و سپی.

بۆ یەکەمجار من گەیشتمە خزمەتی ئەو بەڕێزەی کە ناوی(جەنابی موفەتیش) بوو. جەنابی موفەتیش ئەو کاتە وەک هونەرمەندێکی گەورەی بە ئەزمون ئەهاتە بەر چاوم (سەیر لە هەڵسوکەوت- سەیر لە نواندن- سەیر لە بینین)هەڵبەتە ئەوکاتە بۆ من زۆر گرنگ بوو پیاوێکی لەو جۆرەی کە لە تەلەفزیۆن بە جوانترین وبە تواناترین ئەکتەر بینیومە، کەچی ئێستا بەیەکەوە لێرە کاری شانۆیی دەکەین!!!؟ وەک خەوێک بوو گەر بەیانییەکەی هەڵبسامایەو بمگێڕایەوە ڕەنگ بوو زۆرێک لەوانەی دەوروبەرم خۆشحاڵی خۆیان بە بینینی خەوەکەم دەربڕییایە، کەچی ئەمڕۆ ڕاستیە ئەوەتا لە یەک شانۆییدا بە یەکەوەین.

لێرەوە لە سەرەتای حەفتاکانەوە کاری هونەری من لەگەڵ ئەم مامۆستا هونەرمەندە دەست پێدەکات، جارێک وەک وێنەی باوکێکی دڵسۆز و جارێک هونەرمەند و جارێک هاوڕێ و دەمێکیش برایەکی زۆر خۆشەویست، هەموو ئەمانە لە وێنەی پیاوێکی هونەرمەنددا کۆبوەوە کە ناوی (عەبدولی حەمە جوان) بوو.

ئەم هونەرمەندە ڕاستگۆیە گەلێک شتی جوانی بە من بەخشی کە ناتوانم لە بیری بکەم، لەوانە (بوێری و دڵسۆزی لە کارکردن و داکۆکیکردن لە هەق). بۆیە نامەوێت باس لە ئەزموونی هونەری ئەم بەڕێزە بکەم، چونکە بەرهەمەکانی شایەتحاڵن بۆ مێژووی کارکردنی هونەریی، بەڵکو دەرخستنی ڕووە جوانەکانی کەسایەتی خۆی وەک مرۆڤێک بە ڕەواتر دەزانم کە قسەی لەسەر بکەم.

لە ماوەی کارکردنی هونەریم لەگەڵ ئەم هونەرمەندە بە ئەزموونە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ ماوەی (٨) ساڵ لە (٢٠٠٤- ٢٠١٢) بەڕێزی وەک یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری هونەری و بەندەش وەک شارەزا هاوڕێیەتیمان پڕ بوو لە خۆشەویستی و ڕێزگرتن لە دیدو بۆچوونەکانی یەکتری لە پێناو خزمەتی بوارە هونەرییەکەدا و هەر کارێکیشی پێ بسپێردرایە بێ ماندوبوون دڵسۆزانە ئەنجامی دەدا.

ڕۆژانە دانیشتنەکانمان، گفتۆگۆ و پڕۆژەکانمان، چوونە دەرەوەکانمان بە ئاگاداری یەکتر بوو، تەنانەت سەردانی هاوڕێ هونەرمەندەکانیشمان، ئەوەی کە ئەم هونەرمەندەی زیاتر جوان کردبوو هەستکردن بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بوو لە هەموو خۆشیی وناخۆشیەکانی دەوروبەردا. زۆر بە پەرۆشەوە خەمخۆریی ودڵخۆشی خۆی دەردەبڕی، بۆیە بەردەوام داوای تەمەن درێژی و تەندروستییەکی باشی لەخوای گەورە بۆ داوا دەکەم.

> ئەم هونەرمەندە ڕاستگۆیە گەلێک شتی جوانی بە من بەخشی کە ناتوانم لە بیری بکەم، لەوانە (بوێری و دڵسۆزی لە کارکردن و داکۆکیکردن لە هەق)



ستافی شانۆیی دکتۆری تیڵا ساڵی ١٩٧٦

# عەبدولی حەمە جوان، هونەرمەندێکی فرە بەهرە



میدیا ڕەووف بێگەرد

هەر لە تەمسیلی (جەنابی موفەتیش)ەوە وەک هونەرمەندێکی گەورە و داهێنەر خۆی بە جەماوەر ناساند. ئەگەر دوای ئەوە لە هیچ کارێکی تری هونەریدا دەرنەکەوتایە، هێشتا دەیتوانی ئەو وێنەیە بە زیندوویی لە یادەوەریماندا بهێڵێتەوە، بەڵام بەردەوام ویستوویەتی شتی زیاتر بخاتە سەر ئەو وێنەیە و پتر ئامادەیی خۆی دەربخات. بۆ نموونە لە تەمسیلی (ژیان)دا ڕۆڵێکی تەواو جیاواز لە هی (جەنابی موفەتیش) دەبینێت، بێ ئەوەی ئەو ئاستە هونەرییەی دابەزێنێت، بگرە لەوێ بۆ بینەری دەسەلمێنێت ئەو هونەرمەندێکی فرە بەهرەیە و دەتوانێت ڕۆڵی جیاواز ببینێت. مامۆستا (عەبدولی حەمە جوان) هێندەی هونەرمەندێکی گەورەی داهێنەرە لەسەر شانۆ و لە بەرانبەر بینەری تەلەڤزیۆندا، هێندەیش مرۆڤێکی دڵفراوان، ئێسکسووک و دڵسۆزە لە ژیانی ڕۆژانەیدا. نموونەی ئەو هونەرمەندە دەگمەنانەیە کە توانایان هەیە ددان بە توانای هاوکارەکانیاندا بنێن، بگرە دەزانن ڕێز لە بەهرەی نەوەی دوای خۆیان بگرن.

من خۆم هەمیشە ئەو هونەرمەندەم وا بینیوە، کە ویستوویەتی دەوروبەرەکەی خۆی بە جوانی ببینێت. تا توانیبێتی لە بۆنە هونەرییەکاندا هونەرمەندانی بەسەر کردۆتەوە، بە ڕادەیەک ئەمەی کردۆتە خەسڵەتێکی تایبەت بە خۆی. لە هەردوو خەڵاتی بابان و خەڵاتی ڕێزلێنانی ساڵی ١٩٩٨ دا تیپی کۆمەڵی هونەرەجوانەکان،کە مامۆستا بەڕێوەبەریەتی، خەڵاتی تایبەتی خۆیان بە جیا پێشکەش کردم. ئەمە شتێک نییە من لە بیرم بچێتەوە. بێگومان هەر یەک لەو هونەرمەندانەی دیکەیش ئەزموونی جوانیان لەگەڵ (مامۆستا عەبدولی حەمە جوان)دا هەیە.

> مامۆستا (عەبدولی حەمە جوان) هونەرمەندێکی گەورەی داهێنەرە لەسەر شانۆ و لە بەرانبەر بینەری تەلەڤزیۆندا



## عەبدولی حەمە جوان..

# نموونەی هونەرمەندە خاکەڕاو خەمخۆرەکانی کورد



یاسین قادر بەرزنجی

نەوەیەکن، لەکۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردووەوە، زۆربەی کاتەکانی رۆژگارو شەوگاریان لەنێو شانۆداو هەر بۆ شانۆ بەسەربردووە. شانۆ دێرینەکەی سانەویی سلێمانی شایەتە ماموستا عەبدول و هاوکارەکانی بوونە دەنگ و رەنگی سەرەتای قۆناغێکی گرنگ لەرەوتی شانۆی کوردی، ئەوان بوونە هۆکاری کۆکردنەوەی بینەران لەدەوری شانۆگەرییەکانیان، ئەم هونەرە بالآیەیان لەلای خەڵکی کوردستان شیرین کردو لەگشت وەرزەکانی شانۆدا ئامادەبوون، لەگەڵ (چێوار)ی عاشقی شانۆو هاوڕێکانی دیکەیاندا بوونە چراو شانۆکانیان روناک کردەوە، کەکۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردیش دامەزرا، بوونە یارو یاوەری (ئەحمەد سالار)ی ماموستاو (جەنابی موفەتیش) و بەهەرمەکانی دیکەیان رەنگرێژی ئەو شانۆیە بوو کە دەیان ساڵە دەدرەوشێنەوەو سەدان تواناو بەهرە لەنێویاندا دەگەشێنەوە.

چەندە سەبارەت کاک عەبدول بدوێین هێشتا هەر کەمە، بەخششی ئەو هەمیشە لەنێو دڵ و دەروونی هاوڕێکانیدا دەژی و لەبەر چاوی بینەرانیدا دەبریسکێتەوە، خەسڵەتی ئەو هونەرمەندە گەورەیە لەچەند روویەکەوە ناوازەیە، بێجگە لە بەهرەمەندی و توانای ئەکتەری و ژیان لەگەڵ دەیان کاراکتەری جیاوازدا، خاکەڕایی و سادەو ساکاری و خەمخۆری و دڵسۆزیەکەیەتی کە بوونەتە فاکتەری ئەو هەموو رێزو خۆشەویستییە لەلای جەماوەری شانۆ.

ماموستا عەبدول و هاورێکانی، لای شانۆ دۆستان پلەو پایەیەکی ئەوتۆیان هەیە کە لەکۆمەڵگاکانی سەرووی زەمین ئەو پایەیە تەنیا مەزنە مرۆڤان هەیانە.

> **چەندە سەبارەت کاک عەبدول بدوێین هێشتا هەر کەمە، بەخششی ئەو هەمیشە لەنێو دڵ و دەروونی هاوڕێکانیدا دەژی و لەبەر چاوی بینەرانیدا دەبریسکێتەوە**

وێڕای شانۆگەرییەکانی، کاک عەبدولی ئازیز یەکێک لەو شانۆکارانەیە کە لە هونەری دراماو فیلمسازیشدا دووبارە سەرئامەدەو هەموو بەشدارییەکی دانانی بەردێک بووە لە تەلاری هونەری نەتەوەکەمانداو بە هۆیانەوە ئەم هێژایە بووەتە ئەستێرەیەکی درەوشەدارو لەهەرکوێیەک شاشەی گەورەو بچووک بینرابێت ئەم ئازیزە لە دڵاشیرین بووە.

بەندە بەختەوەرە کە لە دوو بەرهەمدا لە خزمەت کاک عەبدولی بەڕێزدا ئەکتەر بووە، یەکەمیان زنجیرەی (خەمی چۆلەکەکان) و دووەمیش (رەشەی پۆلیس)، لەو دوو ئەزموونەدا دەمدی ماموستایەک لەگەڵ ئێمەدایە کە بە مانای وشە سەوداسەری کارەکەیەتی، ئەکتەرێک رێبەرمان بوو کە بە تەواویی عاشقی کارەکەی بوو.

دووبارە بەخت یارم بوو، لەدوا کارماندا، زەنجیرەی (رۆژژمێری شارێک) دیسانەوە لەگەڵ ئەم خۆشەویستەدا ئەکتەر بووم، ئەو رۆژانەی وێنەگرتن لەگەڵ کاک عەبدولدا یەکی بخستینایە، هەر هەموو دەماندی پیاوێک تەمەنی هونەری بۆ نیو سەدە دەچێ و لەهەمووان مولتەزیم ترو خەمخۆرترە، دەماندی چەندە پەرۆشە بەرهەمێک بێتە کایە کە جەماوەر لێی رازی بن و درامای کوردی هەنگاوێک بباتە پێشەوە.

قسەم زۆرە لەسەر ئەم برا گەورەیەو ئەم ماموستا هونەرمەندە، بەڵام رەنگە دەرفەت بۆ ئاخافتن و بۆ ئەم (ئەدگار)ە هەر هێندە بێت و بەهیوام کاک عەبدولی بەڕێز هەر سەرفراز بێت بۆ خزمەتی زیاترو گەیاندنی ئەو پەیامە مەزنەی، کە ساڵانێکی دوورو درێژە لەپێناویدا دەژی و ماندوو دەبێ و ئارەق دەڕێژێ.

دواجار دەڵێم، پێویستە نەوەی نوێی هونەرمەندان لە کاک عەبدول و هاوڕێکانیانەوە وانە وەربگرن، کارێک بکەن بە وێنەی ئەو و هاوکارەکانی لە هەموو شوێنێکی دنیا، لەلای کوردان ئازیزو خۆشەویست بن.

# عەبدولی حەمە جوان، یەکەم خاوەنی دەستی زێڕین



ئەحمەد نامۆ

ئەم ئێوارەیە لەلای من زۆر پرشنگداربوو چونکە زۆر لەمێژە سەر مەست بووم بەم خەیاڵەوە بەڵام ئەم ئێوارەیە خەیاڵەکەم بوو بەراست.

پرۆژەی (لەپ زێڕین) بۆ رێزلێنان و ئەرشیفکردنی کەسایەتیە ناسراوەکانی کورد و دۆستەکانی کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. یەکەم خاوەنی دەستی زێڕین هۆنەرمەندی شانۆکار (عەبدولی حەمە جوان) کەلەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەندان بەخۆیان و شانۆگەرییکەوە بوونە میوانی شاری ئۆتۆبۆری کەبوو بەمایەی خۆشییەکی گەورە بۆ هونەر دۆستان. مەبەستی من لەئامادەکردنی ئەم پرۆژە پیرۆزە شانازیکردنە بە رابردووەوەو رێزگرتنە لە ئەمرۆ، گرنگیدانە بەدوا رۆژ لە رۆشنبیران و هونەرمەندان و دڵسۆزان و خەمخۆرانی وڵاتەکەم ئەو کەسانەی ئێمە وەک لەپ زێڕین ناو زەندییان دەکەین، بە کارە جوانەکانیان و بەدڵسۆزی بۆ وڵاتەکەیان ناوی خۆیان تۆمار دەکەن.

ئەو کەسانەی کارامە بوون و لەژیاندا نەماوون ناویان لەلای ئێمە وەک ئەستێرەیەکی زێڕین ناوزەند دەکرێت و دوایی رەزامەندی خێزانەکانیان و بەخشینی بڕوانامەی رێزلێنان وەردەگرن ناوو و وێنەو زانیاری دەربارەی بوارەکەی خۆیی لەسەر ویستی خۆیان دەربارەی کەسایەتیەکە لەماڵپەڕی (لەپ زێڕین) بڵاو دەکەینەوە.

هەر بۆ ئەم مەبەستەش لەئێوارەی ٢٠١١/٣/٢٦ بۆ ئامادەبوونی کەسانێکی زۆر لەرۆشنبیران و هونەرمەندان و ئەدەب دۆستان لەسەر شانۆ لەبەر چاوی ئاپۆرەیەک لە شانۆکاران و شانۆ دۆستانی کورد. لە شاری ئۆپۆبۆری لە وڵاتی سوید هونەرمەندی گەورەی شانۆکار ئەو باوەڕە گەورەیەی بە ئێمە بەخشی زۆر بەخۆشییەوە بەشداری کرد لەم رێزلێنانەو بە کەسایەتیەکی لەپ زێڕین ناووزەند کرا. جێگای دەستی لەسەر قوڕی سیرامیک وەرگیرا. چەپڵە رێزانی میوانەکان و دەست خۆشیکردن زیاتر دڵی منی ئاسودەکرد، لەدڵی خۆمدا بەڵێنی بەردەوامیمدا بۆ یەکەمجارە بەم شێوەیە رێز لەهونەرمەندان بگیردرێت.

لەکۆتایدا من وەک (ئەحمەد نامۆ) شانازی بەم شێوازە نوێیە دەکەم و بەئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم هیوادارم سەرجەم دڵسۆزان تەمەن درێژ بن بۆ پێشکەوتنی وڵات، چونکە من پێموایە کە ئێستا لە هەموو کات زیاتر کوردستان پێویستی بەکەسایەتی وەک ئەم لەپ زێڕینانەیە. سوپاسی گەورەو پێزانین بۆ ئەو گروپ و هاوڕێیانەی کە یارمەتیاندان لە کەسانی هونەری تەکنیکار و کامیرامانەکانو سەرجەم ئامادەبووانی بەڕێز تائێوارە کۆڕێکی تر هەر شادو بەختەوەر بن.



# سیڤی ژیان و بەخشە هونەرییەکان

*ناو: عبدالکريم محمد تۆفيق، ناسراو بە عەبدولی حەمە جوان

*بەرواری لەدایکبوون: ١٩٤٨/١/٢١، شاری سلێمانی.

*خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و پەیمانگای مامۆستایانی هەر لەشاری سلێمانی تەواوکردووە.

*ساڵی ١٩٧٠ بە پیشەی مامۆستا دامەزراوە تاساڵی ١٩٩٢ لە قوتابخانەو خوێندگاکانی شاری سلێمانی وانە بێژبووە لە هەموو وانەکان بە تایبەت بواری وەرزش و توانیوویەتی ئارادەیەک مامۆستا و کادیرێکی وەرزشی ئەکتیڤ بێ.

* لەدوای دروستبوون و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان پۆستی بەڕێوەبەری رۆشنبیری سلێمانی پێ بەخشراوەو لە رۆژی ٢٠١١/١/٢١ خانەنشین کراوە.


*ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ رووناک خان-دا ژیانی هاوسەریی پێکهێناوەو خاوەنی سێ کوڕو کچێکە بە ناوەکانی:(دانا، توانا، سۆزی، ژووان).

*لە١٩٦٩/١/١٤ چووەتە ناو ژیانی هونەرییەوە وەک شانۆکارێک لەشانۆگەریی (بڕیارو ئەنجام)و تائێستا لە ٧٦ کاری هونەریی لەبواری شانۆ دراماو سینەما کاری کردووەو جگە لە دروستکردنی چەندەها فێستیڤاڵی شانۆیی و موزیک و شێوەکاری وکورتە فیلم.

بەرهەمو بەخشە هونەرییەکانی ئەم هونەرمەندە بریتین لە:

١-ئەکتەر لەشانۆگەریی (بڕیارو ئەنجام)
٢- ئەکتەر لەشانۆگەریی (فەرهاد شۆڕشگێڕ)
٣- ئەکتەر لەشانۆگەریی (چەتۆ خان)
٤- ئەکتەر لەشانۆگەریی(کاوەی ئاسنگەر)
٥- ئەکتەر لەشانۆگەریی (کێچ)
٦- ئەکتەر لە درامای تەلەفزیۆنی(کێچ)
٧-ئەکتەر لەدرامای تەلەفزیۆنی (پێنج کەس لەئوتێلێکدا)
٨- ئەکتەر لەشانۆگەریی (پێنج کەس لەئوتێلێکدا)
٩- دەرهێنەر لەشانۆگەریی (کچی خۆمەو ئەیفرۆشم)
١٠- ئەکتەر لەشانۆگەریی (جەنابی موفەتیش)
١١- ئەکتەر لەشانۆگەریی(شێخی تەپلە رەش)
١٢- ئەکتەر لەشانۆگەریی(بازرگانی ڤینیسیا)
١٣- ئەکتەر لەشانۆگەریی (کاوەی ئاسنگەر) بۆ جاری دووەم، دەقی شێرکۆ بێکەس
١٤-ئەکتەر لەدرامای تەلەفزیۆنی (ساراخان)
١٥- ئەکتەر لەشانۆگەریی (ساراخان)
١٦-ئەکتەر لەدرامای (تاوانێک لەئاسماندا)
١٧-ئەکتەر لەدرامای (بلیت زاوایە)
١٨- ئەکتەر لەشانۆگەریی (ئایار مانگی سەرکەوتنە)
١٩-ئەکتەر لەدرامای تەلەفزیۆنی (چاوی ڤێتنام)
٢٠- ئەکتەر لەشانۆگەریی (چاوی ڤێتنام)
٢١- ئەکتەر لەشانۆگەریی (پژمین)
٢٢- ئەکتەر لەدرامای تەلەفزیۆنی (پژمین)
٢٣- ئەکتەر لەشانۆگەریی (پەیکەر)
٢٤- ئەکتەر لەشانۆگەریی (دیوار)
٢٥-ئەکتەر لە ئۆپەرێتی (بووک و زاوا)
٢٦- ئەکتەر لەشانۆگەریی (مامۆستا شێر)
٢٨-ئەکتەر لەدرامای (گریان)
٢٩-دەرهێنەر لەشانۆگەریی (هەڵەی دکتۆر)
٣٠- ئەکتەر لەشانۆگەریی (چیرۆکی برایەتی)
٣١- دەرهێنەر لە شانۆگەریی (دکتۆری تێلا)
٣٢-یاریدەدەری دەرهێنەر لەشانۆگەریی (قایل بوون)
٣٣- ئەکتەر لەشانۆگەریی (شاعیر رۆبنسۆیل)
٣٤-دەرهێنەر لە کارنامەی شانۆگەریی (ئۆدیب پاشا) خولی دەرهێنان
٣٥-ئەکتەر لەدرامای (ژیان)
٣٦- ئەکتەر لەشانۆگەریی (شەکەوت ناگەڕێتەوە)
٣٧-دەرهێنەرو ئەکتەر لەشانۆگەریی (گەڕانەوەیەکی کتوپڕ)
٣٨- ئەکتەر لەشانۆگەریی (تەنەکە)
٣٩- ئەکتەر لەشانۆگەریی (سەلەی نانکەر)
٤٠-ئەکتەر و یاریدەدەری دەرهێنەر لەشانۆگەریی(میراتی)
٤١- ئەکتەر لەشانۆگەریی (گوڵاڵە)
٤٢- ئەکتەر لەشانۆگەریی (گالیلۆ گالیلی)
٤٣-دەرهێنەر لەشانۆگەریی (کابرا سەیرەکە)
٤٤- ئەکتەر لەشانۆگەریی (باڵندەی دەریا)
٤٥- ئەکتەر لەشانۆگەریی (سمکۆڵانی ئەسپە شێ)
٤٦-ئەکتەر لەفلیمی (بازنەی تەنیایی)
٤٧- ئەکتەر لەشانۆگەریی (لەمردن گەڕایەوە)
٤٨-ئەکتەر لە فیلمی (گەڕانەوە)
٤٩-ئەکتەر لەفیلمی (بەهەشتی سوتاو)
٥٠-ئەکتەر لەفیلمی (شار)
٥١-ئەکتەر لەفیلمی (وڵاتی بێ ئاسمان)
٥٢-ئەکتەر لەشانۆگەریی (سزاو تاوان)
٥٣-ئەکتەر لە فیلمی (دیار)
٥٤-ئەکتەر لەفیلمی (گردی پیرۆز)
٥٥-ئەکتەر لەزنجیرەی تەلەفزیۆنی (خۆرنەوازان) بەشی یەکەم
٥٦-ئەکتەر لەزنجیرەی تەلەفزیۆنی (خۆرنەوازان) بەشی دووەم
٥٧-ئەکتەر لەزنجیرەی تەلەفزیۆنی (خەمی چۆلەکەکان)
٥٨-ئەکتەر لەفیلمی (سورمێ خان)
٥٩- ئەکتەر لە فیلمی (مامە ڕیشە)
٦٠-ئەکتەر لەزنجیرەی تەلەفزیۆنی(رەشەی پۆلیس)
٦١-ئەکتەر لەفیلمی (چاوەڕوانی هیوا)
٦٢- ئەکتەر لەفیلمی (هەنگاوێک بۆ ژیان)
٦٣-ئەکتەر لەزنجیرەی(حەسەنە فەنی)
٦٤-ئەکتەر لە زنجیرەی تەلەفزیۆنی(جومعە)
٦٥-ئەکتەر لە شانۆگەریی(سوێند)
٦٦-ئەکتەر لەزنجیرەی تەلەفزیۆنی (گوڵە بێ رۆژەکان)
٦٧-ئەکتەر لە شانۆگەریی (نوێنەری سوڵتان)
٦٨-ئەکتەر لەشانۆگەریی (مردنی دێوەرەیەک)
٦٩-ئەکتەر لە فیلمی (ژانی گەل)
٧٠-ئەکتەر لەفیلمی (کەواتە چاوەروانبە)
٧١- ئەکتەر لەزنجیرەی تەلەفزیۆنی(گەردەل ولی سێیەم)
٧٢- ئەکتەر لەدرامای(نەهێشتنی نەخوێندەواری) پەروەردەیی
٧٣- دەرهێنەری شانۆگەریی (رەوا جنۆکە)
٧٤-ئەکتەر لەزنجیرە درامای (رۆژژمێری شارێک)
٧٥-ئەکتەر لە زنجیرە درامای(دوپشک)
٧٦-ئەکتەر لەشانۆیی (برایمۆک)

# بڕوانامەی ڕێزلێنان










































# بەخششە هونەرییەکان



درامای بلیت و زاوا ساڵی ١٩٧٢




شانۆیی گالیلۆ گالیلی ساڵی ١٩٨٧



شانۆیی جەنابی موفەتیش ساڵی ١٩٧١



ستافی شانۆیی برایمۆک ساڵی ٢٠١٢



شانۆیی سەلەی نانکەر ساڵی ١٩٨٣



ستافی شانۆیی مردنی دیوەرێک ساڵی ٢٠٠٦



گروپی شانۆیی رۆشنبیری سلێمانی لە ڤیستیڤاڵی فەجری زانکۆکانی جیهان لە تاران ساڵی ٢٠٠٢



ستافی درامای خاک ساڵی ٢٠٠٤


شانۆیی دکتۆری تێڵا ساڵی ١٩٧٧


فیلمی شار ساڵی ١٩٩٨


ستافی شانۆیی کاوەی ئاسنگەر ساڵی ١٩٧٣



شانۆیی باڵندی دەریا ساڵی ١٩٨٩



شانۆیی میراتی ساڵی ١٩٨٣


فیلمی کەواتە چاوەڕوان بن


درامای پێنج کەس لە ئوتێلێکدا ساڵی ١٩٧٠


شانۆیی تەنەکە ساڵی ١٩٨٢


شانۆیی کێچ ساڵی ١٩٧٠



دیمەنێک لەفیلمی گردی پیرۆز ساڵی ١٩٩٩


دیمەنێک لە فیلمی
هەنگاوێک بۆ ژیان ساڵی ٢٠٠٣


فیلمی چاوەڕوانی هیوا ساڵی ٢٠٠٣



ستافی شانۆیی کابرا سەیرەکە ساڵی ١٩٨٥


کارەکتەری میری مەراکیش لە بازرگانی ڤینیسیا ساڵی ١٩٧٢



ماجیدی حەمە جوان لە فیلمی گەوهەر ساڵی ١٩٩٥


شانۆیی شێخی تەپلە ڕەش ساڵی ١٩٧١


ستافی شانۆیی باڵندەی دەریا ساڵی ١٩٨٩


ستافی شانۆیی شەوکەت ناگەڕێتەوە ساڵی ١٩٧٩


شانۆیی بازرگانی ڤینیسیا ساڵی ١٩٧٢


فیلمی کەواتە چاوەڕوان بن ساڵی ٢٠٠٧


شانۆیی سمکۆڵانی ئەسپەشێ ساڵی ١٩٩٢




شانۆیی دیوار


درامای ڕۆژژمێری شارێک ساڵی ٢٠١٢

# عەبدولی حەمەجوان وەک وەرزشکارێک




سلێمانی - ١٩٦٩



بابل - ساڵی ١٩٦٩



تیپی هەڵۆ ساڵی ١٩٦٨



سلێمانی - پەیمانگای مامۆستایان ساڵی ١٩٦٨




تیپی تۆپی پێی هونەرمەندانی سلێمانی ساڵی ١٩٩٩




وەرگرتنی خەڵاتی تۆپی پێی خوێندگا ناوەندییەکانی سلێمانی ساڵی ١٩٨٥

# لەگەڵ هەندێک لە هاوڕێ هونەرمەندەکان



لەگەڵ بەهمەنی قوبادی لە تەلاری وەحدەت فیستیڤاڵی شانۆ فەجری نێودەوڵەتی ساڵی ٢٠٠٠





بەرلین لەگەڵ مامۆستا ئەحمەد سالار وەک میوان لەشانۆی میتە ساڵی ٢٠٠٧



تاران - شارامی عەلیدی، عەبدولی حەمەجوان، بەهرامی بەیزایی، بەکر رەشید



لەکاتی بەخشینی خەڵاتی بابان به هونەرمەند هۆرێن غەریب ساڵی ٢٠١١




دڵشاد مستەفا، عەبدولی حەمەجوان، ئازاد حەمە بچکۆل لە مەراسیمی رێزلێنانی وەزارەتی رۆشنبیری بە عەبدولی حەمەجوان ساڵی ١٩٩٨




ئەرسەلان دەروێش، عەبدولی حەمەجوان



خەلیل یابە، حەمە سدیق، عەبدولی حەمەجوان، چەتۆ حەسەن ساڵی ١٩٧٣



حسێن میسری، عەبدولی حەمەجوان، ژوان عەبدولی حەمەجوان



عەبدولی حەمەجوان، رەحیمی زەبیحی لە شاری بۆکان

**تێبینی: پێمخۆشبوو وێنەی هەموو هاوڕێکانم لەم (ئەدگار)ەدا لەگەڵماندابووایە، بەڵام ئەرشیفەکەم هەر ئەوەندەی لە هەگبەدا بوو.**



ستافی شانۆیی برایمۆک لە سوید ساڵی ٢٠١١



حەمە ڕەشید هەرەس، عەبدولی حەمەجوان، کامەران سوبحان



عەبدول عەزیز، جیهاد دڵپاک، جەمیل ڕۆستەمی، عەبدولی حەمەجوان، عەلی کەریم، تۆفیق ئەمانی



عەلی جۆڵا، حەمەی کاک ئەوڵا، غەفور عەبدڵڵا، عەبدولی حەمەجوان، قادر مەنمی، تەها خەلیل



عەبدولی حەمەجوان، عومەری کەریم ئاغا




عەبدولی حەمەجوان، ڕەئوف حەسەن، ئارام حەمەلاو



سەڵاح چاوشین، عەبدولی حەمەجوان، ماجیدی خەیات، دڵشاد سدیق، کەمال ئەحمەد



ستافی شانۆیی ڕێساو لەڕێسا بەدەر لە ئەسفەهان



عەبدولی حەمەجوان، ئازاد حەمە بچکۆل، حەمە شوان



جەلیل زەنگەنە، عەبدولی حەمەجوان، جیهاد دڵپاک، حەیدەر عومەر

# چەند یادەوەرییەک







لەبەردەم ماڵی هەنریک ئەپسن






نەمسا - لەگەڵ پیانۆکەی مۆزارت





نەرویج - لەژووری دانیشتنەکەی هەنریک ئەبسن

# هونەرمەند لەگەڵ خانەوادەکەیدا



ماجیدی حەمەجوان



دایک و باوکی عەبدولی حەمەجوان



شۆڕشی حەمەجوان



لەگەڵ روناک خانی هاوسەری ساڵی ١٩٨٤ لە کۆبونەوەی جەماوەری لەسورداش



عادل و ساجیدە و عەبدولی حەمەجوان



عادل، عەبدول، ماجیدی حەمەجوان ساڵی ١٩٥٧



خانەوادەی عەبدولی حەمەجوان ساڵی ٢٠١٢


# دوا پەیڤ

دوا پەیڤم کە بریتییە لە وەفاو خۆشەویستی بۆ رۆژنامەی کوردستانی نوێ. کە بەڕاستی ماندوونەناسانە لە گەورەیی خۆیانەوە روانییانە ژیانی من وەک ژیانی شەخصیو وەک ژیانی هونەریم، ئەمە خۆی لە خۆیدا گەورەترین خزمەتە بەلای منەوە کە بەخشییانە منو بەخشیوویانە بەو کەسانەی کە پێش منو دوای منیش رەنجی بۆ دەدەن. ئێوە تیشکێک لە رووناکیتان خستە سەر هەموو مێژووی من.

لێرەوە سوپاسی ستافی کوردستانی نوێ دەکەم هەر لە سەرنووسەرەوە بۆ دوا کادرو کارمەندی ئەم رۆژنامەیە هەر لە کاک ستران-ەوە کە زۆر بە پەرۆش بوو بۆ ئەوەی ئەم (ئەدگار)ە بێتە دیی، سوپاس بۆ ئەو برایەی کە بیرۆکەی ئەم کارەی هێنایە گۆڕێ کە کاک ئاکۆ کەریمو ئاواث حەسەن بوو، سوپاس بۆ پەرۆشی کاک مەریوان مەسعودو یونس حەمەد کە زۆر بە پەرۆش بوون بۆ ئەوەی ئەم (ئەدگار)ە بێتە بەرهەم و زۆر سوپاس

بۆ دەسث و پەنجە رەنگینەکانی کاکە هێمن ئیبراهیم کە (ئەدگار)ەکەی رەنگین کر، بەڵام نابێث لەبیرم بچێث کاتێک کارەکە کەوتە دەسث هونەرمەند شۆڕش محەمەد ئەو لەمن پەرۆشتر بوو ئەوەندەم ماندوو کردووە نازانم چی پێ بڵێمو لێرەشەوە سوپاس بۆ هەموو میدیاکانی کوردستان لە رۆژنامەو رادیۆ و تیڤییەکان کە هەمیشە هونەرمەندو هونەری کوردییان بەسەر کردۆتەوەو هەمیشە روناکییەک بوون بۆ کارەکانمان. لەگەڵ وەفاو خۆشەویستیمدا، هەر سەرکەوتووبن.

عەبدولی حەمەجوان


فۆتۆ: سالم صلواتی

ئەدگار
رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەریدەکات
خاوەنی ئیمتیاز: د. فوئاد مەعسوم
سەرنووسەر: ستران عەبدوڵلا
سەرپەرشتیار: شۆڕش محەمەد
دیزاین: هێمن ئیبراهیم